**فازیل شەوڕۆ**

# ڕەهەندەکانی خەون لەشعیری کوریدا

**٢٠١٣**

ئەمە پاکنووسی پێش چاپکردنە، بۆ ئاگاداری
لە هەولێر چاپکراوە
٢٠١٣

پێشکەشە ...

- بەوانەی خەون بەجوانییەکانی مرۆڤ و ئەم هەسارەوە دەبینین .

- بەوانەی لەهەوڵدانی هێنانە دی خەونە پیرۆزەکانی مرۆڤن .

- بەدایکم کە زۆر خەونی دەدیت .

## تەوەری یەکەم

### خەونی مرۆڤــ

" من خەونێکم هەیە ! " [1] بە ناو بانگترین گوتاری سەدەی بیستەم دەژمێردرێت وەك توێژەرێکی زانکۆیی لەئەمریکا ئاماژەی پێکردوە ئەو دەمەی ( ١٩٢٩ – ١٩٦٨ ) ( Martin Luther king ) ی قوولە ڕەش ، لەمەیدانی (Lincoin Memorial ) دا لە واشنتون ، ( ٢٨ی ئابی ١٩٦٣ ) هاواری کرد : (( من خەونێکم هەیە ! )) ڕەش و ڕووت و بێنەواکانی ئەمەریکا ، وەك پووشی پاوانی چلەی هاوین ئاگریان تێبەربوو و هاتنە جۆش و خرۆش ، ساڵ نەسووڕایەوە ئەم گوتارە مانا بەخش و ئاگرینە بوو بە سروودو دروشم و لۆگۆی ڕەنجدەرە مەزلومەکانی هەر چوار ئیقلیمی دنیاه خەونە سەوزەکەی ئەو پیاوە ڕەشە ، تەنیا دوو چەمکە پیرۆزەکەی ژیان بوو : ئازادی ، سەروەری ، وەڵێ لەناخیدا ، هەر هەموو خەونەکانی مرۆڤی حەشاردابوو بۆیە بوو بە خەونی مێژوو .

---

en . wikipedia / 1- have – a - aream (1)

لە بەرەبەیانی مێژووی مرۆڤایەتیەوە هەر لەو کاتەی کە ئادەم و حەوا بۆ یەکەمین جار چاویان لێکناو چوونە ئامێزی خەوەوە ، خەون بوو بە شەریکی ژیانی ئەوان و بۆ چرکە ساتێك بەرۆکی بەرنەداون .

کورد دەڵێ : (( ژیان شیرینە ! )) ، هەرگیز مرۆڤ رازی نەبووە ئەم توحفە شیرینە لەپێناو هیچدا لە دەستە خۆی بدا یان گۆپاڵ بئاخاوێنتە ناو ڕەوڕەوەی بەرەوپێش چوونی .

خەون بەهێزترین و کاریگەرترین داینەمۆی بەردەوام بوونی ژیان و بوونە ، .

کاتێ لەبەرهەم و داهێنانەکانی مرۆڤ تێدەفکری ، تێدەگەی کە خەون مۆتیڤێکی چەندە خولقێنەرو تواناساز و گۆڕانکارە . شیاوە بڵێین ئەدەب خەونە ، هونەر خەونە ، زانست خەونە ، شیعریش کە ئەستێرە هەزار ڕەنگە درەوشاوەکەی ئەدەبە خەونی ڕەنگ پەلکەزێڕینە پۆشی ئەم ژیان و بوونەیە ، چوون خودی ژیان خەونە ، لەوەتەی مرۆڤ هەناسەی دەدا خەون دەبینی و هەرگیزیش لە خەونبینیدا ماندوو نابێ . کە دەڵێین مێژوو خەونە ، لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە کە خەونێکی یەکجار دوورو درێژو خڕە ڕەهەند و دیمەن و پەردە ، لەساتە وەختی خەلق بوونی ئادەم و حەواوە دەستی پێکردوەو تا ئەم دەقیقەیەش بەردەوامە و بەبێ پسانەوە هەر

بەردەوامیش دەبێ لە ئایندەدا . ئەم خەونە تەواوبوونی نییە ، هەموو ڕۆژی ، وەك فلیمێکی زنجیرەیی ، ئەلقە بەیەکەوە بەستراوی بێ کۆتای ڕووداوی نوێ و دیمەنی تازەی دێتە سەر . کۆتایی ئەم خەونە کۆتایی بوونی مرۆڤە .

( Martin Luther King ) زۆر بە درەنگەوە هاتە هاوار و بانگدان ، ئەو هاوار و بانگەی ئەو هاوارێکی ئەزەلییە ، کێ دەڵێ ئادەم و حەواش وەك ملیۆنەها کەسی تر ئەم هاوارەیان نەکردوە وەلێ ئێمەمانان گوێبیستی نەبووین . ئەبینین جەوهەری پڕشنگداری مرۆڤایەتی ئەم گوتارە دوای چەندین ساڵ چۆن لە زەین و هزر و هۆشی ( ڕێبوار سیوەیلی ) دا دەنگدەداتەوەو ئەویش بەزمانێکی سادە و پاراو و شیرین هاوار دەکا :

من خەون دەبینم :

بۆ دەستپێکردنەوە ،

بەسە بیر لەمۆسیقایەك بکەمەوە

لە گۆرانییەکی سادە

کە گۆرانی بێژەکەی پڕ بە دنیا هاوار دەکا :

( لێم گەڕێن گیانە ... ) و

دەنگی بەهیچ گوییە ناگا

بەسە بیر لە نیگایەك ، لەبریسکای گەش و لەهەمان کاتا خەوالووی
دوو چاو بکەمەوە کە لەو پەڕی بێدەنگیدا
نیوە شەوێك داوای قومێ ئاوم لێدەکا [1]
بڕوانە کۆلکەی هاوبەشی (( خەونە مێژووەکەی )) ئەم دوو مرۆڤە مەزلوومە :

خەونی مارتن لوسەر

خەونی ڕێبوار سیوەیلی

گەروو : گۆڕانخواز

شاعیر

ماهییەت : خەونم هەیە

خەون دەبینم

پەیام : ئازادی

دەستپێکردنەوە

پەیامگر : چینی چەوساوە

خەڵکی دنیا

---

([1]) خودایە بۆ نەتکردم بە قوخفرۆش . ڕێبوار سیوەیلی . ل ٩ .

**مـــــــــــــــــــــــــــــــۆتیڤ : مەزلومیـــــــــــــــــــــــــــــەت**

**بێ بەهایی لە مرۆڤایەتیدا**

**سـیحری جـوانی خەونەکـەی ( ڕێبـوار سـیوەیلی ) تـەنیا لـە پەیامەکەیـدا نییـە ، زمانـە شـیعریە خـەیاڵ ئامێزەکـە و وێنـە هونەریەکان ئاوێنە ئاسا جەوهەری حـەقیقی نـاخی مرۆڤایـەتی تێدا دەدرەوشـێتەوە ، ئـەم چـەپکە واتـا ئاوازدارانـە ڕەنگی دەنگـی ( ڕێبـوار سیوەیلی ) لە هاوارەکەی ( مارتن لۆسەر ) جیادەکاتەوە .**

**( مۆسیقا / گۆرانی / گۆرانیبێـژ / گیانـە / نیگا / بریسکای / گـەش / چاو / شەو / قومێ ئاو )**

**پێکچـوونەکانی پـەیامی ئـەو دوو خەونـە لـەوە دایـە کـە (( بـەپێی لێکدانـەوەی Valery Bryusov ، کـاری ئـەدەبی بەرهـەمی تاقـە نووسەرێك نییە بەڵکو ئەنجامی یان بەرهـەمی هـەوڵی فیکـری دنیایـە چونکە هەموو نووسەرێك سوود لە ڕۆشـنبیری پـێش خـۆی دەبینێـت و دەقـی نـوێی لێ دەهێنێتـە بەرهـەم و خوێنـەریش دەقەکـە دەوڵەمەنـد دەکات . ))[1] کەواتە خـەونی نوسـەرێك وەك کـارێکی ئـەدەبی درێـژە**

---

[1] لەبونیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق . حەمە سەعید حەسەن Link / 1091 gulan

پێدەری خەونەکانی پێش خۆیەتی و خوێنەریش بە خەونەکانی خۆی دەقە ئەدەبییەکە دەوڵەمەند دەکات .

کە (( Vincent B. Leitch )) دەڵێت دەق شتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو نییە ، کۆمەڵێك پەیوەندی لەگەڵ چەندان دەقی دیکەدا هەیە . )) [1] ئەوە دەگەێنێ کە خەونیش شتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو نییە ، کۆمەڵێك پەیوەندی لەگەڵ چەندان خەونی تردا هەیە .

خەون چییە ؟

لە فەرهەنگی (( هەمبانە بۆرینە )) دا هاتووە :

(( خەو : ١. نووستنە ، دژی بێداری

٢. خەون ، شتێ کە لەخەودا دەبینرێ

خەون : شتانی کە لە خەودا دەبیننرێت .

خەوبینین : خەو دیتن ، لەخەودا دیتنی شت .

خەون دیتن : دیتنی شتان لە خەودا . ))[2]

( خەون ) وەك زۆر زاراوەی ئەدەبی و زانستی تر ، چەپکێك پێناسە و دەلالەت و ماهییەت لە خۆ دەگرێ ، سادەترین ڕاڤەی ئەوەیە کە (( خەون و خەونبینین ڕووداوێکی ( phenomena ) باوی ژیانی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو .

(٢) هەمبانە بۆرینە – ل ٢٦٩ .

ڕۆژانەمانە  کە دەلالەت لەبەردەم بوون و وجوودی ئێمە دەکا . لێرەدا گرفت لەوەدایە (( ئێمە بە ڕاستی ، لەزۆر لایەنی شاراوەی ئەو خەونانە یان نازانین و بێ ئاگاین ، یان کە دەزانین و بەئاگاین تێیان ناگەین  )) [1] پێناسەیەکی تری ( خەون ) دەڵێ : (( خەون زنجیرەیەك زنجیرەیەك دیمەن و وێنە و بیرۆکە و سۆز و هەست و نەستە ، نەویستانە لە مێشکدا ڕوودەدا  لە هێندێ قۆناغی خەوتندا ، تا ئێستا بە وردی ناوەڕۆك و مەبەستی نەزانراوە  هەر چەندە بۆتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەلسەفی و ئایینی ، لەوەتەی مێژووی نووسراو سەری هەڵداوە . ))[2] ئیمرۆ ( خەون ) لە زانکۆ ناودارەکاندا ، بۆتە بابەت و ئەو زانستەی لە خەو دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێت ( Oneiro Logy )

(( مرۆڤی ئاسایی ، لە هەشت سەعات خەوی شەوانەیدا  دوو سەعات خەون دەبینی  بە ڕێژەی (٣ – ٥ ) خەون لە شەوێکدا  بەڵام مرۆڤ هەر ئەو خەوانەی وەبیر دێتەوە کە لە قۆناغی ( REM ) ی خەوتندا ڕوودەدەن . ( REM:Rapid Eye Movement ) واتا قۆناغی جوولەی خێرای چاو ، ئەو کاتەی کە مێشك لەکاتی خەوتنی مرۆڤدا

---

(١) 1,nterpretation of Dreams . by Sigmund Freud

(٢) en. Wikipedia . ory lwiki / Dream

چالاکەو وەك بلێین بە خەبەرە و بە بەردەوامی چاوەکانی لە جوولە و حەرەکەدان . ))[1]

ئەگەر هەوارەکە بگوێزینەوە بۆ هەرێمی شیعرو ئەدەب ، ئەوا خەون روخسار و دەلالەتێکی تر نیشاندەدا ، وەك ( کامەڕان جەوهەر ) دەڵێ : (( خەون ئەو چرکە ساتەیە درێژ نوێنەیە ، کە دنیایەکی پان و بەرین و هەرێمێکی بێ دەسەڵاتی کورسییەکی بە دوور لە لێپرسینەوەو جەرەگەیەکی بێ کەندو لەندە بۆ هەنگاونان و فەرمان دەر کردن ، بێدەسەڵاتی بەو واتایە کە پەلکێشانە ناو ئەو هەرێمە و سەیرکردنی سروشتەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی شاعیر دانییە و بە دوور لە لێپرسینەوەیە . ))[2]

مامەڵە کردنی شاعیر بەخەون و ئامرازەکانی وا ڕاڤەکراوە کە (( خەون دەکرێتە پەیژەیەك بۆ هەڵگەڕان بە دیواری بیری نالەباری کۆمەڵگە دوا هەوڵی چوونە ناو هەرێمێکی قەدەغە دەرەخسێنێ و روخسەتی هەر چەشنە دەستکارییەکی دنیا دەرەوە بەشاعیر دەبەخشێ . گەیشتن بە ئەو پەڕی ئاوات و نیازەکان لە خەوندا ئەستەم نییە .

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو .

([2]) عەبدڵلا پەشێو . شاعیرێك لە ڕەگەزی سەر بزیوی – کامەران جەوهەر ( هەڵۆەدا ) ل . ٨٠ .

)) وام پـێ باشـه بـەر لـەوەی بچـینە دیوەخـانی شـاعیران و خەونـەکانیان لێکدەینـەوە ، سـەر قەڵـەمێك دەربـارەی بـۆ چـوون و لێکدانەوەی مرۆڤ – بە درێژایی مێژوو – بۆ خەون بخەینە ڕوو .[١]

کاتێ ( Emil Gioran 1911-1995 ) دەڵێ : (( تراژیـدیای ژیـانی مـرۆڤ لەمردنەکەیـدا نییـە بـەڵکو لـە لـەدایك بوونەکەیدایـە . ))[٢] یەکسـەر خوێنـەرە درك بـەوە دەکـا ئـەو مرۆڤـە بـە درێـژایی مێـژوو چـەندە زەحمـەتی و ژان و بـرك و ئـازاری جێشـتووە لەدەسـت بێدەسەڵاتی خۆی لە نەبوونی توانایـەکی هزری و ئـەقڵی یـەکجار بـاڵا کـە پـەیی بـە هـەموو نهێنیـەکانی بـوونی خـۆیی و دەوروبەرەکـەی بەهەموو دیاردەکانیەوە ببات . ئـەو هـەرگیز تێنەگەیشتووە کـە چۆن خـەلق بـووە ، بۆچـی دەمـرێ ، دوای مـردن چ ڕوو دەدا . ئـەو لـە نهێنییـەکانی ئاسمان و زەریـا و هەسارەکان حـاڵی نـەبووە ، بۆیـە هـەر لەسەرەتاوە ئادەم و حەوا بـەناموٚیی هاتنـە دنیا و بـەناموٚیش بـەجێی دەهـێڵن . (( مرۆڤـی سـەرەتایی خـەون و نەخۆشـی و مردنـی بەسـێ نهێنی دەزانی کە بەردەوام ترسی لێیان هەبووە . ))[٣] جا لەبەر ئەوەی لەلایەك ، خەون – وەك Sigmund Freud – ئاماژەی پێداوە ، بیر

---

([١]) سەرچاوەی پێشوو .

([٢]) ماناو تورەی . حەمید زەنار . و. کامیل محەمەد قەرەداغی . ل . ١٠

([٣]) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی فەلسەفی ئاینیە دەربارەی رۆح – رەحیم سابیر . ل ٢ .

کردنەوەو درێژە پێدانی ڕووداوەکانی ژیانە بەشێوەیەك لەشێوەکان .
))[1] لەلایەکی تریشەوە چونکە مرۆڤ بۆخۆی لە واقیعی ژیان و بوون زۆر حاڵی نابێ ، هەمیشە خەونی کردۆتە ئامرازێك بۆ کردنەوەی ڕازی ئەو نهێنییانە . ئەمەیش لەبەر دوو هۆکار :

یەکەم : بۆ دڵنەوایی و دڵدانەوەی خۆی ، بەوەدەست هێنانی هێندێ زانیاری بەئومێدی ڕاڤەکردنی دیاردەکانی دەوروبەری خۆی لەڕێگای خەونەوە .

دووەم : وەك وەسیلەیەك بۆ هەڵاتن لە واقیعە وشك وبرینگ و ئاڵۆز و پاڵۆزەکە ، ئەمەش لەڕێگای هەوڵدان بۆ بێئاگایی کردنی خۆی ، هەر وەك کەسە موعتادەکانی دەرمان و مەی و بادە . لێرەش جۆرە تێکهەڵکێشانێك لە نێوان خەون و ئەفسانەدا بەدی دەکرێ ، چوون ئەفسانە لە ڕێگای خەون هاتە کایەوە (( ئەفسانە بۆ کۆمەڵگای سەرەتایی بەردی بناغە بووە بۆ ڕاڤەکردنی ژیانی کەلتوری و کۆمەڵایەتی . ))[2] لە هەمان کاتیشدا ئەفسانە خەوبینینی مرۆڤ بووە بۆ ڕاڤەکردنی ژیان و بوون و لەناو چوون هەر بۆیە زۆر کۆلکەی هاوبەش لەنێوان ئەفسانەو خەوندا بوونیان هەیە . مرۆڤی سەرەتایی پێویستی بە هێزێکی باڵاو تواناو خوڵقێنەر هەبووە کە لە مرۆڤە

---

(1) lnterpre tation of Dream- S.Freud .

(2) مێرسیا ئەلیاد . و . محەمەد حوسێن . ل . ١٧١ .

**ئاساییەکاندا بەدینەکرێت ، بۆ کەشف کردنی نهێنییەکان و خۆپاراستن لـە دیـاردە کوشـندەکانی ژینگـە و دەوروبـەر . خەونـەکانی ئـەو لێـرەدا کۆتاییان نەهات ، چونکە ئەفسانەکانیش نـەیانتوانی ئـەو لـە نامۆییـە گەورەکـەدا ڕزگـار بکـەن . جـا ئـەوجارە خوداکانیـان دۆزییـەوە ، یـان خەلقکرد بەو هیوایەی فریاد ڕەسیان بـن و ترسـەکانیان بـڕە وێنـەوە . جـا سـەیرەکە لەوەدایـە لـەم قۆناغەشـدا راز و نهێنـی و مەتەڵـەکانی بوون و لەناوچوون یەکلانەکرایـەوەو نامۆییـەکانی مـرۆڤ و دەوروبـەر چـەند ڕەهەنـدێکی ئـاڵۆزتر و تـەڵختر وەرگـرت لـەم سـەرە ڕێیـەدا (( هەموو نامۆییەکان لەخاڵێکدا کۆبوونەوە : نـامۆیی لـە خـودا و نـامۆیی لـە لەسروشـت و دەوربـەرو نـامۆیی لـەخودی مـرۆڤ و خـودی خۆیـەتی کەسەکان . ))** [1] **ناچار مرۆڤ دیسان خۆی دەخیلی خەون کردەوە وەك وەك فریـاد ڕەسـێك چـونکە (( کـاری داسـتان و ئەفسـانە خـەون و بنیاتنـانی جیهـانی بێئاگایـە (** Unconscus World **) ، ئـەو جیهانەیکـە خۆشـی لەسـەرەتادا زادەی خـەون بـووە لـەژێر دەمـامکی داستان و ئەفسانە . ))**[2]

---

([1]) گەلاوێژ ، ساڵنامەی تایبەتی ڤیستڤاڵی گەلاوێژ ژمارە ٣ . ل . ٤٨ — ٤٩ .

([2]) en . wikipedea / Dream and dream – like state

چاو خشانێکی خێرا بە ئەفسانەی ( گلگامێش ) کە ٢٠٠٠ ساڵ پێش زاین بووە – دەبینین کە ئەفسانەیەکی خەون ئامێزە و لەسەرەتادا لە ڕێگای زمانەوە گێڕدراوەتەوە . خەون هێز و وزەی هاندەری گێڕانەوەی ئەفسانەکەیە . ))[١] خەون ، لەگەرمەی شەڕەچەقەی فەلسەفەکانی سەردەمی ( ئەرستۆ ( ) وجودی هەبووە ، بیرو بۆچوونی ( ئەرستۆ ) بۆ خەون ئەوەیە (( درێژە پێدانی بەردەوام و زنجیرە بیرکردنەوەی نەپساوی مرۆڤە لەکاتی خەوتندا . ))[٢] بیرۆکەکەی ( ئەرستۆ ) ئەوەیە کە مرۆڤ چ بە بێداری و چ لە خەودا ، بۆ چرکە ساتێ ، لەبیرکردنەوەدا ناوەستێ . هانا بردن بۆ جیهانی بێداری بەمەبەستی خەوبینین ئامرازە نەك مەبەست بۆ تێگەیشتن لە ڕاستیەکاندا .

لەسەردەمەکانی دێریندا ( Antiquity Ages ) (( خەون پەیوەستکرا بوو بەکار و دیاردە بەدەر لە سروشتییەکان ( Supernatural Actions ) کەوەك پەیمان و سروش لە خوداکانەوە بەمرۆڤ دەبەخشرا . سەدەکانی ناوەندیش ( Middle

---

(١) Exploring Dreams in literature . charan Abuja p.///

(٢) Dreams , imagination and Reality in Literature . Vrankova . k . koy . p . 5

Ages ) ئەمە هەر مەسەلەیەکی بایەخدار بووە . ))[1] هەر بۆیە پیاوانی ئایینی لە گوتارەکانیاندا بۆ پێکانی مەبەستەکانیان زۆر پشتیان بە خەون دەبەست و کارامانە کردبوویانە ئامرێزێکی چالاك ، تەنانەت لەئایینی ئیسلامیشدا خەون هەمیشە بەچاوی ڕێز و تەقیدەوە سەیرکراوە و لەچەندین سورەتی پیرۆزدا لە قورئان نەك هەر ئاماژەی بۆ کراوە بەڵکو بۆتە کرۆکی گێرانەوەی هێندی لە چیرۆکە پڕ عیبرەتەکان ، لەئاینی ئیسلامدا پەردەیەك لەنێوان ( خەون ) و ( روئیا ) وجودی هەیە .

لەو سەردەمەی ئەقڵانییەت پێش هات و واقیعحاڵی ژیان بوو بەکەرستەی لێکۆڵینەوە ، لەسەردەستی فەلسەفەکانی ( Rationalism , Materialism ) ، لەسەدەی حەڤدەمیندا ، خەون نەختی لە کزیداو وەلاوەنرا ، وەلێ سەدەی هەژدەم کە بیرۆکەی رۆمانسی ( Romanticism ) گۆڕانکاری گەورەی لە قوتابخانە فەلسەفی و هزری و مەعریفیەکان دا هێنا کایەوە ، جارێکی تر خەون ڕۆح و تینێکی تازەی تێگەڕا و بەڕوخسارێکی سەردەمییانەوە هەستایەوە سەرپێ .))[2] شاکارە ئەدەبییەکانی سەدەی نۆزدەم بەئاشکرا کاریگەریەتی ئەو گۆڕانکاریانەی پێش خۆیانیان پێوە دیارە

---

In trepretation of Dreams . S . Freud 1911 . (١)

Exploring Dreams in literature . charan Abuja p.56 (٢)

، جـا لەگـەڵ هـاتنی زانـاو دكتـۆری زانسـتی دەمـار ، پرۆفیسـۆر ( Sigmund Freud 1856 – 1939 ) دەروازەیـەكی والآ بـەڕووی خەونـدا ئەوەیـە كـە (( خـەون دیـاردە و پرۆسـەیەكی فیزیۆلـۆژی و سـایكۆلۆژییە ، پەیوەسـتە بـە ئـەزموونی واقیعـی مرۆڤـەكان لـەژیانی ڕۆژانەیاندا ، ناوەڕۆكی خەونەكان ناوەڕۆكی ئەزموونی ژیـان و زهـن و هـزر و كاردانـەوەی ئەوانـە بەرانبـەر شـتەكانی دەوروبـەر . )) [1] .

هەرچـەندە مێـژووی لێكدانـەوە و ڕاڤـەكردنی خـەون دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوروبەری چوار هەزار ساڵ پێش زاین ، وەلێ (( ئەوە ( Sigmund – Freud ) بوو كـە گەشـەی بـە بیرۆكـەی چـەمكی شـیكاری دەروونـی خەون كردو چەندین بنەما و ڕەگەزو خەسڵەتی زانستی بەخشییە ئەو دیاردەیە سەنجراكێشەرە . )) [2] تا ئیمڕۆ دەها كتێب دەربـارەی تیـۆر و بۆچوونەكانی ئەو چاپكراوە . ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كـە (( خـەون زۆربـەی جـار دەربـڕی حـەزی قـووڵ و تاسـەی گـەورەو پرسـە ڕاچـڵەكێنەكانی نـاخی مرۆڤـە . زۆربـەیان كاریگـەری سـەردەمی منداڵییان پێوە دیارە . )) [3] تا وردتر لەدیاردەی خـەون و لێكدانـەوەی دانا و زانا و بیرمەنـدە ناودارەكانی دنیـا بـۆ ئـەو دیاردەیـە بكۆڵینـەوە ،

---

(١) en . wikipedia / Sigmund - Freud

(٢) en . wikipedia . org / wiki / Dream .

(٣) سەرچاوەی پێشوو

نهێنی سەیر و سەمەرتر ئاشکرا دەبێ ، چوون هێندێ لەو پیاوە ناودارانە زۆر لە بۆچوونەکانی ( S.Freud ) بەرزتر فڕیوون . ئەوان نەك هەر حەزو بیرەوەریەکانی سەردەمی منداڵی دەکەنە هەوێنی خەونەکان بەڵکو حاشا لە بوونی خودی دنیای واقیع دەکەن و تەواو خۆیان تەسلیمی دنیای خەون دەکەن ، ئەوەتانێ فەیلەسوفی فەرەنسای (Descartes 1596-1650 ) شاگردی فەیلەسوفی چینی ( Zhuangzi ) کە لەسەدەی چواردەمدا ژیاوە دەڵێ (( ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و بیری لێدەکەینەوەو پێی دەڵێن دنیای واقیع ( The Realworld ) ڕەنگ بێ لەسڵدا وەهم بێ یان هەروایە . ))[1] ( S.Freud ) ، بەپشت بەستن بەشیکاری دەروونناسی و ( psychology ) زانستی توێکاری ( psychology ) توانی زۆر لایەنی شاراوەی خەون ، کە سەردەمانێکی دوورو درێژ مەتەڵ و نهێنی بوو ئاشکرا بکات ، وەڵێ ئەویش دان بەوە دادەنێ کە زۆر کون و کەلێنی پڕ ڕاز و پەنهانی ماوە و ئاشکرا بکرێت ، بۆیە ئیمڕۆ (( زۆر هەوڵ لەئارادیە بۆ شیتەڵکردنی لایەنە تەمومژاوییەکانی و دۆزینەوەی ڕاڤە و لێکدانەوەی دروست بۆ زۆر کۆد و هێماو هەرێم و دورگەی خەون کە وجودی ئێمە لە خۆ دەگرێ و هەروا لە تاریکیدا ماوەتەوە ))[2]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو .

(٢) 1, nterpretation of Dreams … Sigmund Freud .

## خەون یان دەروازەیەك بۆ دنیای ئەدەب

بۆ کردنەوەی ئەم دەرگایە بۆچوونێکی ( پشکۆ نەجمەدین ) دەکەم بە کلیلی ئەم بڕگەیە ، کە دەڵێ : (( ڕەخنەگری بەتوانا و باڵا دەست لەبواری بەرهەمهێنانی دەقی ڕەخنەییدا ، دەکرێت لەمیانەی خوێندنەوەی دەقەوە پەی بەحاڵەتی سایکۆلۆژی و چرکە دەروونییەکانی نووسەر لەسەرە وەختی خولقاندنی دەق ببات و لەم بوارەشدا کەڵك لەزانستی دەروونتوێژین وەربگرێت . مکوڕ بوون و خۆ خەریککردن بەوردینەکانی کەسایيتی نووسەرەوە لە بەهای زانستی ڕەخنە کەم دەکاتەوەو لە خزمەتی دەقی ڕەخنەییدا نابێت . ))[1]

---

([1]) لە سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا . پشکۆ نەجمەدین .ل٤٨ .

لەشـەن و کـەوکردن و توێژینــەوەو شـیتەڵکردنی نــاوەڕۆکی زۆر لــە شاکارە ئەدەبییـەکانی دنیـا و چـوونە نـاو حاڵەتـە سـایکۆلۆژی و چـرکە دەروونییـەکانی نووسـەر لەسـەرە وەختـی خوڵقانـدنی ئـەم شـاکارانە دەگەینـە ئـەو ئەنجامـە کـە خـەون و خـەونبینین کەرسـتە و مـۆتیڤی ئەفرانــدن و داهێنــانی ڕاســتەقینەی ئــەوانن . مەحاڵــە بتــوانین لــە بەرهەمە توحفەکانییاندا  کە پڕن لە جوانکاری و داهێنـان و کەشـف کردن . خەون  دەرهاوێژینە دەرەوە ، ڕۆژانەش چاپکراوی تـازە بابـەت پتر ئەم خاڵە کەشف دەکەن و نهێنییـەکانی چرکەسـاتی لـەدایك بـوونی شاکارەکان خەون شیتەڵ دەکەن ، تەنانەت ئیمڕۆ ڕێکخراوێکی جیهـانی دامەزراوە بۆ لێکۆڵینـەوە لەخـەون و خـەوبینین لـە ئـەدەب و هونـەردا بەناوی (( کۆمەڵەی توێژینەوەی خەونەکان ))
( Association for the study of Dreams ) سـالآنە لـــەبلآوکراوە و چـــاپەمەنییەکانیاندا  ئامـــاژە بـــە گۆڕانکـــاری و گەشـەکردنی هونـەری خـەون دەکـەن و بـەوردی لـەو دەق و بەهەمـە ئـــەدەبی و هونەرییانـــە دەکۆڵنـــەوە کـــە دوورو نزیـــك پەیوەســـتن بەخەونەوە . سالآنە ڕێزبەندی ناوی ئەو ئەدیب و هونەرمەندانە بلآو دەکاتەوە  کە لەبەرهەمەکانیانـدا  بەشێوەیەك لـە شێوەکان  سوودیان لەخەون وەرگرتووەو ڕەگەز و بنەماکانی کۆدی خەونەکانیان بـەجوانی تـــەوزیفکردوە . زۆر نهێنـــی خـــەونیان لـــە خوڵقانـــدنی شـــاکارە

بەناوبانگـەکانی دنیـا  لـە ڕاپۆرتەکانیانـدا بڵاوکردۆتـەوە . هـەر بـۆ نموونـــە وردەکــاری ڕۆڵــی خـــەونیان لەبەرهـــەمی ئـــەم ئەدیبانـــە شیکردۆتەوە .

Willian Blake ( 1757 – 1827 )
Odilon Redon ( 1904 – 1989 )
David Reismas ( 1958 -      )
Jane Gifford (               )

ئەمانەش نموونەی هێندێ شاکارەکانە :

Kubla khan 1816 By Sammel Taylor Goleridge
Frank enstein 1818 By Mary shelly
The strange Case of D. Jekyll and Hyde ( 1886 ) by Robeat Louis Stevenson .
The Facts of Winter ( 2005 ) by Paul Lafarge [١]

( جـا کۆمەڵـەی توێژینـەوەی خەونـەکان ) وەنـەبێ تـەنیا سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوە بـێ لـەبواری ئـەدەب و هونـەردا، بـەڵکو بەهـەمان ڕۆح و دڵسـۆزییەوە لەبەرهەمـەکانی شـانۆ و سـینەماو مۆزیـك و سـەما و هەڵپـەرکێ و دیکۆر و دیـزاین کـار دەکات . ئەمانـە  بەڵگـەن  کـەڕۆڵی خـەون  لـە ئەفرانـدن و داهێنانـدا حاشـا هەڵنـەگرەو هەمیشـە توانـای ئیزافەی تازە بابەت و سەرسوڕهێنەری لە کەشکۆڵ دایە .

---

(١) en . wiipedia .org /wiki / Dream art

لەخوێندنەوەی شاکارێکی مەزنی وەکو ( Iliad and Odyssey ) ی کەڵە نووسەری ناودار ( Homer- 850 Bc ) تێدەگەن کە خەون چەندە باڵا دەست و بەکارە ، بۆ پەری و فریشتەکان موژدە هێنەرو تەتەری نەخشە خۆشییە ، بۆ شەیتان ئەهریمەنەکانیش نەعلەتی و نەفرەت دەبەخشێتەوە . لەداستانی ( The Iliad ) دا لەخەوندا (( Zeus ) ی باوکی خوداکان ( Agamemnon ) ی پاشای گریکەکان هەڵدەخەڵەتێنێ و فریوی دەدا کە ( Achille ) بکاتە سوارەی جوامێر خاس لەسەرکردەی پێش لەشکردا . لەداستانی ( Odysses ) یشدا ( Penelope ) ی ژنی ( Odysses ) خەون بە فریشتەیەکەوە دەبینێ کە بیست قاز دەکوژێ . خەونەکە هێمایە بۆ گەڕانەوەی مێردەکەی لەسەفەرە دوورو درێژەکەی کە بەسەر دەریاکانەوە کردبووی لەپێناو بەزاندن و و پشت بەزەوی دادانی داخوازیکەرەکەی کە دەیەویست هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات . )) (1)

ئەم خەونانەی نێو ئەم شاکارانە بەدەگمەن لە خەون بینینی واقیعیدا ڕوویان داوە بەڵکو زیندە خەونی خەیاڵی نووسەرن .

تویژینەوکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤدا (( هەمیشە خەون بەستراوەتەوە بەجیهانی بێئاگای (

---

en . wiipedia .org /wiki / Odysses ( 1)

Unwncious ) جا گرینك نییه ناوەڕۆكی بابەته ئەدەبییەكە یا هونەریەكە چ سروشتێكی هەیە لە ترس و هەڵچوون و خەمباری و سیحر و سەركەوتن و نسكۆ و سێكس و ... هتد ، لەهەموو حاڵەتەكاندا ڕووداوەكانی خەون بەدەر لەدەسەڵاتی خەونبینە))[١] گوتراوە كە (( خەون تارمایی شتە ڕاستەقینەكانە . )) [٢] لەئاكامی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی شاكارە مەزنەكان ، ڕۆڵی خەون هێندە بەرز و باڵا ڕاگیراوە كە دەڵێن هێندێ جار خەون توانای وەبەرهێنانی بیرو ئەندیشەی داهێنەرانەی هەیە كە شۆڕش و كودەتایەكی ئەوتۆ لەمێشكی نووسەر و هونەرمەندا دەورژێنێ ئاستەكە هێندە كاریگەرە دەگاتە ئاستی خولقاندنی هەستی سروشت و وەحی لە گیانی كەسەكەدا . )) [٣] بەدەگمەن شانۆ نامەیەكی ( Shakar 1564 – 1616 ) دەخوێنێتەوە بەدەربێ لە خەون و خەونبینین ، خۆ هەر زۆریان باڵاپۆش خەون ئامێزن . لەبەر ڕۆشنایی ڕەنگدانەوەی خەون ، لەبەرهەمەكانیاندا دەتوانین ئەم نووسەرانەی خوارەوە و ناوزەند بكەین بە (( ئەدیب و نووسەرە خەوبینەكان )) :

Salvador Dali ( 1904 – 1989 )

---

(١) en . wiipedia .org /wiki / Dream

(٢) سەرچاوەی پێشوو

(٣) سەرچاوەی پێشوو

Francisco Goya ( 1746 – 1828 )
Pablo Picaso ( 1881 – 1973 )
Henei Rousseau ( 1844 – 1916 )
Lewis Garroll ( 1832 – 1898 )
H . P . Lovecraft ( 1890 – 1937 )
Phillip R . Dick ( 1928 - 1982 )
Jorge Luis Borge ( 1899 – 1986 )

چۆن خەون هاتە نێو ئەدەب و هونەرەوە ؟

یەکێك لە داهێنانە پڕ سیحر و جوانکاری و رامان و کارایی ئەقڵی مرۆڤ ئەدەب و هونەرە ، کە وەك کارێزێکی لەبن نەهاتوو بەردەوام لە هەڵکوڵین و بەخشین دایە . کاری وەبەرهێنانی ئەدەب و هونەر پڕۆسەیەکی ئەقڵی و مەعریفی و فەلسەفی و مێژووی یەکجار ئاڵۆزو تێك قڕاو فرە جەمسەر و ڕەهەند و ڕەگەزە ، ڕەنگ بێ شیکردنەوە و ئاشکرا کردنی هەموو تەلەسمەکانی کاغەز و مەرەکەبێکی زۆری بوێت . ئەو پنتەی کە لێرەدا تیشکی دەخینە سەر ئەوەیە ، کە خەون حزورێکی کاریگەری لە پرۆسەی ئەدەب و هونەر دا هەیە .

مرۆڤ بەردەوامە لە خەون بینین چوون پرۆسەی خەونبینین وەستانی نییە ، ئەوە (( گرینگ نییە کە خەون بە چییەوە دەبینی ، گرینگ ئەوەیە چۆن ئەم خەونە لە بوارەکانی ژیاندا لە ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کەلتورو فەلسەفەدا ... تەوزیف دەکەین . ))[1] خەیاڵ و واقیع ڕەنگرێژکەری هەست و نەست و باری دەروونی و

www.pf.jcu.cz / stru / katedry/aj / s.baasO / .php. (١)

خۆشەویستی مرۆڤە ، وەلێ نە خەیاڵ و نە واقیعش خاڵی نین لە سیماکانی خەون و خەونبینین . ))[1] ئەقڵی مرۆڤ چەندە بەکار و ژیرو بەتوانابێ ، هێزی کردنەوەی هەموو دەرگا و پەنجەرەکانی ژیانی و بوون و لەناوچوونی نییە ، ناچار هانا بردن بۆ خەون جۆرە ئارامییێك و هێمنێك بە ڕۆحی مرۆڤ دەدات ، جا تا چەند ئەو هانا بردنە بۆ خەون کلیلەکانی پێویستمان بۆ دەستەبەر دەکات ، ئەمە بەدەر لە دەستی ئێمەمانان دایە و دەجێتە بواری دنیای قەدەر و پشتی ئەو دیوی شتە شاراوەکانی ئەم هەسارەیە ! . هەر کاتێ ئەدیب و هونەرمەندیش هەستی کرد دەستە کورتەکان و زمان شەکەتەکەی ڕێگرن لە کردنەوەی گەنجینەکانی ناخی دەروون و دڵ و مێشکی ، ئەوا سواری ئەسپی خەون دەبێ و لەم دنیا بەر فراوانەدا بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێ کە هەر خۆی دەزانی چییە و چۆنە و لە کوێ دەست دەکەوێ !

## قامتێك چەمك و زاراوەی دنیای خەون

شیکردنەوە و لە بێژنگدان و هەڵشێلانی توخمەکانی خەون لەشیعردا پێویستی بەزانیاری و شارەزایی ورد هەیە لم بوارەدا ، جا تا لە

---

[1] en . wikipedia .org /wiki / Dream

گەشتەکەماندا تووشی ساتمە و کۆسپ و کەندولەندان نەبین و خۆشتر لە بڕگەکانی ئەم کتێبە تێبگەین ، وا بە کورتی چەند سەرە قەڵەمێك بۆ زاراوە و چەمکەکانی خەون تۆمار دەکەین .

١- زیندە خەون Daydream

ئەم زاراوە دوو وشەیە ( زیندە : واتا بێداری - conscious وە خەون : واتا بێئاگایی و دابڕان لە دنیایی واقیع دا ) ، دەربڕی ئەو حاڵەتەیە کە خەونبین لە دەرەوەی پڕۆسەی خەوی سەر جێگا جۆرە خەونبینێك لەباوەشی دەگرێ کە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە دەوروبەری ژینگەی ڕاستەقینەی ئەو . پەیوەندی نێوان خەو بین و واقیعی ئەو بەشێوەیەکی تەمومژاوی و نارێك و بێسەروبەر دێتە بەرچاو ، (( زۆربەی جار ، خەونەکە سیمای فانتازیا هەڵدەگرێ بە بەخشینی ختوکەی خۆشی و لەزەتی بیرۆکە و ئاوێزان بوونی لەگەڵ ئارەزوێکی پڕ تاسە یان حەزێکی شێتانە لەچرکە ساتی زیندە خەوندا خەوبین وا هەستدەکا کە ڕوودا و شتەکان بەراستی نەك بەخەیاڵ بە بەرچاویدا گوزەر دەکەن . ))[١]

زیندە خەون بەچەندەها شێوە خۆی دەنوێنێ ، دەروونناسەکان یەك ڕاو کۆك نین لەسەر هەموو جۆرەکانی (( وەلێ یەك قسەیان هەیە

---

([١]) مەلزەمە٢

لەسەر بنەمای نیمچە یەکگرتنـەوەی ( دنیـای واقیـع ) لەگـەڵ ( دنیـای خەون ) لەم دیاردەیەدا . )) [١]

لێکدانـەوەی ( S . Freud ) بـۆ زینـدە خـەون ئەوەیـە کـە (( مـرۆڤ هێندی جار توانـای ئـەوەی هەیـە حـەز و تاسـە و ئاواتـەکانی خـۆی لـە ساتە وەختـی بێداریـدا بهێنێتـەدی لـە ڕێگـای زینـدە خـەوەوە . )) [٢] شیتەڵە زانستییەکەی ئەو بەم جۆرەیە : (( ئەوکاتەی تەوژم و شـەپۆلی حەز و رەغبەتەکانی مرۆڤ هێندە بەهێز و بـەگوڕتین و کاریگـەر دەبـن کە خەوبین بەرگەی ئەوە ناگرێ چاوەڕوانی پرۆسـەی خـەوتن بکات ، بەبێ ئاگـای خـۆی ، تەسـلیمی زینـدە خـەون دەبـێ ، جـا لـەم ڕێگایـەوە حــەز و رەغبەتــەکانی خــۆی بەتاڵدەکاتــەوە . )) [٣] لــە درێــژەی شیکردنەوەی ئەم دیاردەیە دەڵێ : (( ئاوێتە بوونی ( جیهانی بێداری ) لەگەڵ ( جیهانی بێئاگایی ) دیاردەیەکی ئاساییە ، چونکە هیـچ سنوورو تەیمان و دیوارێك لە نێوان ( بێـداری ) و ( خـەون ) دا وجـودی نییـە ،

---

(١) مەلزەمە٢

(٢) الحلم الحقيقة . على الوردى ص ١٠٢ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو . ص ١٠٢ .

هەرگیز  خەونەکانمان خالّی نـین لـە چـرکە سـاتی بێـداری و بێـداریش پڕە لە تەلسمی خەون . )) [1]

خەونبین جگە لە دووبارە بوونەوەی رووداوەکانی بێـداری بەشـێوەیەك لەشێوەکان شتێکی تر

نییە . بڕوانە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ، خەوبین لە خـەڵك و کۆمـەڵ دا دەبڕێت لە پرۆسەی خەوتندا پەیوەندی ئۆرگانی بە ئێمـەوە نامێنـێ و لە پرۆسەی زیندە خەویشدا هەست بەبوونی ئێمە و دەرووبەر ناکات .

ئەم خاڵەی کە پەیوەنـدی بـە بابەتەکەمانـەوە ( خـەون لـە شـیعر )دا هەیە پرۆفیسۆری ( بابەتی خـەون ) خـاتوو ( Deidre Barreet ) بۆمـان رووندەکاتـەوە و دەڵـێ : (( لێکۆڵینـەوەکانی دەروونناسـان و رشتەی بابەتی خەون ، دوای توێژینەوە و خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی ژمارەیــەکی زۆر لــە ئــەدیب و هونەرمەنــد و زاناکــان – تەنانــەت هـەلگرانی خـەلاتی نـۆبلێش – دەریـان خسـتووە کـە زینـدە – خـەون ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە لـە پرۆسـەی داهێنـان و بەرهـەمهێنانی کـارە شـاکارەکان . ئـەوان وای بـۆ دەچـن کـە زۆربـەی کـارە ئەدەبییـەکان بەرهەمی ساتە وەختی بێئاگاین . کـە لـە فەرهـەنگی ئـەدەبیات دا پێـی

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو . ص١٣٢ .

دەگوتریێت ( سروشت ) کە هەڵقوڵاویی بەشە شاراوەکەی دەرونە و بە خەفەکراوی و کپکراوی ماوتەوە . ))[١]

**٢- وڕێنە Halluciation**

زانستییانە دوو جۆرە وڕێنە هەیە :

وڕێنەی بینایی ( Visual Halluciation ) ئەو کاتەیە کە مرۆڤ هێندێ شتی دێتە پێش چاو کە لەڕاستیدا وجودی نییە ، وە وڕێنەی وەهم ( Illusion ) واتا بینینی شتەکان کە وجودیان هەیە ، بەڵام بەشێوەی نادروست و نا ماقوڵ و بێ سەرو بەر ))[٢] ، بەواتایەکی تر وڕێنەی وەهم ئامێز هەستەوەرەکانی مرۆڤ دەشێوێنێ ، ئەرك و کاری نائاسایی تریان پێ دەدات . وەك ئەوەی بەهەستی بینینی – چاو – ( سەگ ) دەبینی ، بەڵام وا هەست دەکا ، دەنگی وەڕینەکەی دێتە گوێی ، لە کاتێکدا سەگەکە ناوەڕێ .

**٣- مۆتەکە – مۆتە – شەوە ( Nightmare )**

لە فەرهەنگی ( هەمبانە بۆرینە ) هاتووە : ( مۆتە : شەوە ، جۆرێ خەونی بەترس کە هەناسەی پیاو سوار دەکا . ) [٣] . ( S . Freud )

---

(١) (( Wikipedia . / Deidre – Barreet ))

(٢) م . ١ ام .

(٣) هەمبانە بۆرینە . هەژار . ل ٨١٦ .

سـايكۆلۆژييانه وا پێناسـەی مۆتەکـەی کـردووه : (( جۆرێکـه لـه جۆرەکـانی سـزا کـه ئاوێتەیـه بـه تـرس و تۆقانـدن و ئـازار و خـەم و نائومێدی ویژدان لەکاتی خەوتندا بەسەر مرۆڤی دادەسەپێنێ . )) [1] هۆکارەکەشی بۆ ئەوه دەگەڕێنێتەوه کە لەخودی مرۆڤ دا جگه ل خۆی خـودی ئـاژەڵی ئـازاردان و ئەشـکەنجه وه خـودی بـاڵا : خۆشـی و چـێژ وەرگـرتن وجـودی هەیـه . (( خەونـەکان تێکـەڵن لـه تێکەڵاویـەك لـه ئەشـکەنجەو ژان و خـەم و خۆشـی و رابـواردن و چـێژوەرگرتن . )) [2] ئـەم مۆتکەیـه لەشـێوەی ئـازار و چەوساندنەوه و کویلـەتی لـه هێنـدێ بەرهەمی ئەدەبی دا ڕەنگدانەوەی هەیه .

٤- روئیا    Dream – Vision

ئەم چەمکه دوو واتا دەبەخشێ :

یەکـەم : ئاماژەیـه بـۆ ئـەو خەونانـەی هـەڵگری پێشـبینی و زانیارییـه غەیبیـەکانن کـه پەیوەسـته بـه رووداوەکـانی داهـاتوو . زۆرتـر دەچـنه خانـەی بیروبـاوەڕ و عەقیـدەی ئایینەکانـەوه . بـۆ نموونـه لـەلای موسلمانەکاندا روئیا پەسندکراوه ، ئەمیش سێ پله یان جۆری هەیـه . پێغەمبەر دەفەرموێ : (( الرؤيا ثلاثـة : رؤيـا مـن الله و رؤيـا تحـزن من الشيطان و رؤيا مما يحدث به الرجل نفسه في اليقظة فيراه في

---

([1]) الحلم الحقيقة . على الوردى ص ١٣٠

([2]) سەرچاوەی پێشوو .

المنـام . ))[١] هێنـدێ لەفەیلەسـوفە موسـڵمانەکان پێیـان وابـوو (( کـە نەفسـی مـرۆڤ لـەکاتی خەوتنـدا دەبـێ بـە ئـەقڵێکی بەخەبـەر ، ناویـان لێناوە – ئەقڵی فەلەکی – کە لـە ڕێگـای ئـەوە و غـەیب دەزانرێـت . ))[٢]

( لـە ئەرشـیفی ئـایینی ئیسـلامی ئـەم جـۆرە روئیایـە زۆری لەسـەر نووسراوەو جوان شیکراوەتەوە ) .

واتاکەی تری روئیا دەچێتە خانەی ئەدەبەوە و تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەستکراوە بە قوتابخانەی رەمـز و چەفەنگەوە ( Symbolism ) ، کـە لـە سـەدەکانی ناوەنـدا لەئـەوروپادا زۆر بـاو بـووە و لەسـەدەی نۆزدەمیشـدا بـە گـەرم و گوڕییـەوە هاتـەوە مەیدانەکـە ، بەتایبـەتی لەشیعردا ) (( بۆ دۆزینەوەی ڕەمز و هێما خواستراوەکانی پێویست بۆ دەر بڕینی ناخی شاعیر لەڕێگای خوڵقاندنی جیهانێکی خەواڵو لێوانلێو لـە خـەیاڵ و ئەندێشـە ، شـاعیر دەگاتـە کـۆد و ڕەمـزە شـاراوەکانی مەبەست . ))[٣]

## ٥- فانتازیا Fantasy

---

(١) البخاري ٦٤٩٩

(٢) على الوردى . ص ٣٩

(٣) م ١٠ م !

هەر چەندە ئەم حاڵەتە لە دەرەوەی سنووری خەونە وەڵێ زۆر ڕەگەزو توخم و بنەمای خەونی تێدایە ، بەکورتی فانتازیا بریتییە لە حاڵەتێکی خەیاڵ – ئامێز ، تێدا شتە نا واقیعەکان دەهێنرێنە بەرچاو لەڕێگای زەین و هەستەکانەوە . ))[1] فانتازیایش لە دەروونناسیدا دوو جۆرە : ( Phantasy ) لە جیهانی بێئاگای ئەقڵەوە روو دەدات وە ( Fantasy) لە جیهانی بێداریدا سەرچاوە دەگرێ . وا بووە ، کە زیندە خەون لەگەڵ فانتازیا تێکەڵ یان ڕەنگڕێژ بکرێت .

٦- خەونە فلاشباك Flashback Dream

ئەم زاراوە ئینگلیزییە ، پتر بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو یاد و بیرەوەر و رووداوانە بەکاردێت کە لە ڕابردوو ڕوویانداوە و ئێستا بۆ مەبەستێکی دیاری کراو دووبارە دەهێنرێتەوە بەرچاو ، بە چەندەها شێوە و ئامراز .

لێرەدا ئەم زاراوەیە تەعبیر لەو خەونانەدەکات کە قۆناغەکانی رابردوو زیندوو دەکاتەوە ، بەتایبەتی رووداو و یادەکانی سەردەمی منداڵی کە بەردەوام لە ئەقڵی بێئاگایدا خۆیان شاردۆتەوە .

جیاوازی لەنێوان زیندە خەون و خەونەفلاشباك ئەوەیە ، زیندە خەون پشت بە ئەندێشە و خەیاڵ و سروشەوە دەبەستێتەوە ،

---

(١) م ١٠

لەکاتێکدا خەونە فلاشباك دووبارە لێدانەوەی فلیمی کۆنی ناو مێشك و هزرە .

نابێ خەونە فلاشباك تێکەڵ بکەین لەگەڵ جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی کە پێی دەگوترێت ( Psychological Flashback ) کەبارێکی دەروونی ئەو کەسانە دەست نیشان دەکا کە بەدەست یادەوەرە تاڵ و ناخۆشییەکانی رابردوویانەوە دەتلێتەوە و ناتوانن بە ئاسانی خۆیانی لێدەرباز بکەن .

٧- دیدەنە خەون Dream Vision

خەون لە هەموو ژانرەکانی ئەدەب و هونەردا بەدرێژی مێژوو حزوری هەبووە ، بەڵام زاراوەی ( دیدەنە خەون ) راستەوخۆ بەندە بە دارشتنەوە و هەڵبەستن و چنینەوەی شیعر ، لە کۆنەوە گێرانەوەی ئەزموون خەون لە شیعردا کە پێی دەگوترێت گێرانەوەی مەجازی Allegory بە شێواز و زمانی جیا جیا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە . خەون و زیندە خەون کەرستەی سەرەکی ئەم بابەتەن .

٨- هونەرە خەون Dream Art

بریتیە لە هەر کارێکی هونەری بە هەموو لقەکانییەوە لەسەر بنەمای خەونە خەوبینین بنیات نرابێ بە مەرجێ خەونەکە بەخشندەی بیرۆکەی خەیاڵ و روئیای هونەرەکە بێت . هونەرە خەون لە ئەفسانەی گلگامێش و چیرۆکەکانی تەورات و قورئانی پیرۆز بەدی

دەکرێت ، زۆر لەشیکاری ئەدەبی بەناوبانگ سوودی لە هونەرە خەون وەرگرتووە . ))[1] لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ( خەون ) و ( زیندە خەون ) زۆر بە زەقی لەدەقە شیعریەکانی کوردیدا دێنە بەر چاو . جیاوازی گەورەی نێوان خەون و زیندە خەون ئەوەیە، خەون پتر پشت بە هێماو رەمز و کۆدەکان دەبەستێتەوە چونکە مرۆڤ لە خەوندا ناتوانێ بەشێوەیەکی ئاسایی بیر لە بیرۆکە مجەرەدەکان بکاتەوە ، هۆکارەکەشی ئەوەیە خەون ، زمانی نییە ، ناچار خەوبین هانا بۆ ڕەمز و هێماکان دەبا بۆ لێکدانەوە و تەفسیرکردنی دیاردەکە . لەکاتێکدا لە زیندە خەوندا زوبان کۆڵەکەی سەرەکی بابەتەکەیەو بەسەدان شێوە ڕەنگ و دەنگ خۆی دەنوێنێ . ))[2]

## بایەخی خەون لە ئەدەبدا چییە ؟

بەگشتگیری بایەخی خەون لە ئەدەبدا لەم خاڵانە چڕ دەکرێتەوە :

یەکەم : بەخەون کردنی ژیان :

کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە و دارشتنی ڕەگەزەکانی خەون لە ڕۆح و جەستەی ئەدەبدا بە مەبەستی خولقاندنی بەرهەم و جیهانێکی تازە

---

(1) en . wikipedia . Dream- Art

(2) علی وەردی ص١٣٢

بابەت و داهێنراو کە لە خودی واقیعی خەونەکەوە وەرگیرابێ و لە پڕاکتیزەکردنی لەکارە ئەدەبیەکەدا لە خودی واقیعی خەونەکە بەدەربێت . (Undreamable Reality ) . زۆر بەرهەم لە ئەدەبی جیهانی هەیە کە ئەم خەسڵەتانەیان تێدا هەیە و بەهرەمەندییەکەش بۆ خاوەن قەڵەمە مەزنەکان دەگەڕێتەوە !

دووەم : ئەزموونی بەخەون کردنی واقیع:

لەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییەدا خەون دەبێتە ئامراز وەك کەرەستەیەك بەکاردێ بۆ ڕاڤەکردن و دەوڵەمەندکردنی واقیعێك کە مەحاڵە و زۆر ئەستەمە لە دەرەوەی جیهانی خەون ئەنجام بدرێت .

سێیەم : دایکە خەونی ئەفسانە و مێژوو :

ئەفسانە وەك سەرچاوەی زۆر ژانری ئەدەبی ، وەك دایك هەمیشە گیان و هزر و داهێنانی تازە بەمنداڵەکانی خۆی دەبەخشێتەوە لەکاتێکدا ئەفسانە بۆ خۆی کچی ڕوو سووری خەونە ، لەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییەنەدا خەون بەرهەم دێنێ ، دایکە گەورەشیان ئەفسانەیە .

چوارەم : خەون وشیارکەرەوە و بەخەبەر هێنەری نەتەوەیە ، واتا خودی خەون وەك خواستە ( Metaphor ) بۆ ڕاڤە کردنی ژیان و بوون و بەردەوام بوون بەکاردێ .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، کە ئیمڕۆ ، لە سایەیی ئەم گەشەکردنە بەرچاوەی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و دیگیتەڵ و

زانستەکان ، خەون بۆتە ڕشتەیەکی سەربەخۆ و لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت خەونناسان ( Oneirologists ) وە پسپۆڕانی خەو – نووستن ( Somnologists ) هەمیشە باس لە چوار جۆرە خەون دەکەن :[1]

١- خەونی ئاسایی Normal Dream

که دامرکێنەری هێندی لەتاسە و حەز و شەهوەتەکانی مرۆڤە و جۆرە ئارامییەك بەخەونبین دەبەخشێ .

٢- زیندەخەون : Day dream

ئەمەشیان هەر دابینکەری حەز و خولیایەکانی مرۆڤە بەلاّم لەخانەیەکی گۆشەگیری دوورەدەست و دوور لەچاوی خەڵك .

٣- خەونی ( دون کیشوتی ) Donkishot's Dream

ئەم جۆرە خەونە تێکەڵەی هەردوو جۆرە خەونەکانی ژمارە ( ١ ) و ( ٢ ) وە جیاوازییەکەی ئەوەیە لێرەدا خەڵك ڕۆڵیان لەبەر جەستەکردنی خەونەکەدا هەیە ، خەونبین تەنیا بە ئامادەبوونی لەناو ئاپوورەی خەڵکدا دەتوانێ ببێتە پاڵەوان و کەسییەتی خۆی نمایشبکات .

٤- خەونی شێتانە : Insane Dreams

---

(١) علی وەردی ص١٧٢ .

ئاڵۆزترین جۆری خەونەکە  خەسڵەتەکانی هەرسێ جۆرە خەونەکانی ئامـاژە پێکـراوی تێدایـە . لـەم حاڵەتـەدا خـەوبین گـوێی بـە دەووربـەر نادات و خەڵك و نەریت و کەلتوور و بەهاکانی بەلاوە هیچە دەکەوێتـە بـارێکی دەروونـی ئـەوتۆ کـە وا هەسـت دەکـا ئـەم دنیایـە تـەنیا ئـەوی تێدایە .

## تەوەری دووەم

## شیتەڵکردنی خەونە شیعر لەئەدەبی کوردیدا

ڕەخنــەگر ( Steven W.Beattie ) دەڵــێ (( هــاوڕام کــە ڕەخنــە مەســەلەی چــێژە وەڵێ بــەبێ بــوونی چــەند پڕەنســیپێکی ســەرەکی بۆچوونەکە ناتەواوە ، پڕەنسیپەکانیش بریتین لە زمانــەوانی و لۆژیــك و دەروونناس . ))[1] واتا بەبێ بوونی بنەمایــەکی مــەعریفی و ئــەدەبی و فەلسـەفی و زمانــەوانی پــەیامگر نــاتوانی هەســت بەخۆشــی جێــژ وەرگرتنەکە بکات ، بۆیە ڕەخنەگر

( Walter Wilson Greg ) ( 1875 – 1959 ) دەڵێ : (( دەق تەنیا بۆ خوێندنەوە نەنووسراوە ، لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەق نیوە تەواوکــەری ئــەوە ، واتــا دەق بــەبێ پــەیامگری ڕەخنــەگر بەرهــەمێکی ناتــەواوە . )) . ڕۆڵــی ڕەخنــە وەك بــەردی ســەنگی ســتوونی قەپانــە ، هەمیشە هاوسەنگییە لارەکەی نێوان نووسەر و پــەیامگر ڕاســتدەکاتەوە و لەئاستی دروست و جێگر ڕایدەگەیێنێت . ( حەمە ســەعید حەســەن ) دەڵێ : (( رەخنــەگر پردێکــە لــەنێوان دەق و خوێنــەردا . ))[2] داهێنــان لەڕەخنەگەریدا ، ئەو ساتە خەلق دەبــێ کــە دەقــی بــاڵا و ڕەخنــەی بــاڵا ئاوێتەی یەکتر دەبن بەهەمان ئــەو ڕۆح و ســۆز و بەهایــەی شــاکارەکەی

---

(1) matter – taste – revivifying – canlit - criticisim

(2) www.gulan-media.com/f-detail php? id = 26396 .

بێ خەلقکراوە ... ڕەخنەی جوان نەپاشکۆی دەقە ، نەهیچی لەو تێکستە کەمترە کەبەسەری دەکاتەوە . )) [١]

شاعیری غەزەلخوانی رومانی (٨ پ.ز - Horace ) نزیکەی دووهەزار ساڵ پێش ئێستا گوتویەتی (( ئەدەب هەم شیرینی بەخشە و هەم سوود بەخش . ))[٢] بەپشت بەستن بەم پرەنسیپلە ئاماژ پێکراوانەی سەرەوە دەرگای خەونە – شیعری کوردی دەکەینەوەو لەجوانی و شیرینی توحفە نازدارەکانی چێژ وەرگرین .

بۆ ئاسان کاری هۆیەکانی ئەم تەوەرە بەسەر ئەم ناونیشانانە دابەش دەکەم :

### یەکەم

### بازنەی خەون – قەسیدە – خەون

بەردی بناغەی دارشتنی قەسیدە : وشەیەکە لەقووڵایی دەروونی شاعیردا دەگەشێتەوە و لە زەمەنێکی نادیاردا بورکان ئاسا دەتەقێتەوە و پرۆسەی نووسینەوەی دەقی شیعری بەدوای خۆییدا دەهێنێ . توێژەر و ڕەخنەگرەکان دەمێکە سەرگەردان لەگەڕان و پشکنین دان بۆ تێگەیشتن لە سیحر و نهێنی چۆنیەتی سەرهەڵدان و خەلق بوونی ئەم ( وشە – کلیلە ) . گردو گۆیەك تیۆر و بۆچوون و توێژینەوەی

---

( [١] ) سەرچاوەی پێشوو .

Wiki .org . / wiki / horace ( [٢] )

سەیروسەمەرە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون ، تا ئیمرۆش لێکدانەوە و شیتەڵکردنی تازە باو لەمەر ئەم مەسەلەیەوە نەوەستاوە . بۆ نموونە هێندێ لە توێژەران دەڵێن : (( شاعیر پێویستی بە چرکە ساتێ هەیە ، بۆ لەدایك بوونی قەسیدە ، کە ئەقڵی بەئاگا و بێدار و سست و خامۆش دەبێ و دەچێتە قۆناغی بێئاگایەوە ، لەم ساتە وەختەدا بێئاگای سەربەست و ئازاد دەبێ و بەبێ کۆت و پیوەند و سنوور کاری خۆی ئەنجام دەدا . )) [1]

جا لەپێناو گەیشتن بەم چرکە ساتەی بێئاگایی شاعیر پەنا بۆ جیهانی خەون دەبا ، لە نێو ئامێزی ئەم خەونە چرکە ساتی پرۆسەی لەدایك بوونی قەسیدە دەست پێدەکا . لەم بارەیەوە ستیل دەنووسی : (( خەون جگە لەبیرکردنەوە شتێکی تر نییە ، جیاوازی نێوان خەون و بیرکردنەوەی بێداری ئەوەیە لە خەونبینیندا هەر دوو هەستەوەری بینین و بیستن – کە هەستە وەری دایناموێ بیرکردنەوەن – پارسنگی کارکردن لە دەست دەدەن و لە واقیعی دەرووبەر دادەبڕێن ، بەڵام ناکەونە ئەو بارە کە تەواو بێئاگابن و بیرەوەر و یادەکانیان لەبیر بچێتەوە . ))[2]

---

([1]) علی الوردی . ص٢٤٢

([2]) سەرچاوەی پێشوو ١٣٢ .

کاتی لەم فەزا بێئاگاییەی خەون قەسیدە لەدایك دەبێ لەئاکامی ئاوێتە بوونی هزر و ئەندێشە و ڕۆحی خوێنەر لەگەڵ قەسیدە لەدایك بووەکە بۆ جاری دووەم خوێنەر دەکەوێتە باوەشی خەونی قەسیدەکە و ئەویش دەبێ بە بەشێك لە خەونەکەیان خەونێکی ئازاد لەزێدی قەسیدە کە بۆ خۆی دەخولقێنێ .

ئەرشیفی دیوانی شیعریکوردی نموونەی باشی ئەم جۆرە بەرهەمەی تێدایە ، قەسیدە بەناوبانگەکەی حەزرەتی ( نالی ) (١٨٠٠ – ١٨٥٦ ) کە بە ( مەستوورە خانم ) ناسراوە ، دەچێتە خانەی شیعری ( بازنەی – خەون – قەسیدە – خەون ) ەوە ئەم قەسیدەیە ( ٤٩ ) بەیتەوە لەوەسفی مەستورە – ماهشەرەف خانم – ی کوردستانی نووسراوە ، کە یەکێك بووە لە وێژەوان و بوێژە هەرە پایە بەرزەکانی کوردی ( سنە ) و خاوەنی دیوەخان بووە .

ئەم قەسیدەیە بە (( سەرەتای ئەدەبی ڕوو هەڵماڵراوی کوردی بەدی ئەکرێ کە تا ئێستاش داب و نەریتی کۆمەڵایەتی نەیهێشتووە جێگای خۆی لە ئەدەبیاتماندا بکاتەوە . ))(١)

وتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم قەیسدەیە نووسراوە کەم تا زۆر وەڵێ هەموو نووسەر و لێکۆلەرەکان ڕووکەشی دەرەوە و ڕوخسارە

---

(١) دیوانی نالی – مامۆستا عەبدولکەریم مودەریس . ل ٦١٠

بەرچاوەکەی قەسیدەکەیان ئارایشت کردوە و لایەنە شاراوەکانی کەسییەتی شاعیرو بارە دەروونییەکەی و چرکە ساتی لەدایك بوونی ئەویان شێنەکردۆتەوە . قەسیدەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا :

مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بەحیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ

لەکۆتا بەیتیشدا دەڵێ :

واچاکە خەیاڵ و خەون ئەسراری هودا بێ

نەك بەحسی سورووروو عالەم و بادی هەوابێ

مامۆستا ( گیومو کریانی ) دەربارەی ئەم قەسیدەیە دەڵێ : (( ئەم قەسیدەیە لە سنووری شێوازی ئەدەبی زۆر تێپەریوە ، هەزار موخابین تاقە ژنێکی شاعیرمان بوو بە ناوی ( مەستوورە ) کەچی ( نالی ) شاعیر کە هاوچەرخی بووە خەوی پێوە دیوە ، بە هەڵبەستێکی دوورو درێژ شکاندوویەتی . ))[1] ( مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم ) یش دەنووسن : (( ئەم قەسیدە نایابەی ( نالی ) کە ئەو پەڕی جوانی و ڕازاندنەوە و دوو تویی وشە و قوولی مەعنای تیا بەکارهێناوە و ( مەستوورە )ی لە پۆپەی جوانی و داوێن پاکیدا نیشان داوە . دوور نییە ( نالی ) ئەم قەسیدەیەی لە هەڕەتی لاوێتیدا وتبێ ،

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو . ل ٥٧

پێش ئەوەی خۆی ژن بێنێ و ( مەستوورە)ش شوو بکات . ))[1] ئەوان لایەنە دەروونییەکەی شاعیریان بەم شێوەیە لێکداوەتەوە :

(( هەستێکی پەنگ خواردووەوەی ناو قوڵایی دەروونی لاوێکی بێبەش و دەست نەڕۆیشتووی بەنەریت و پەیوەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی گەمارۆدراو بێ کە تاقە ڕێگایەکی هەناسەدانی بوو بێ لەم ڕێگای – ئەدەبی نیمچە بێ پەردە – یە . ))[2] (( لە نوسخەی دەسنووسی ( مەلا فەتاحی کاگردەڵی ) ئەم شیعرە بە ( قەسیدەی ئیحتیلامیەت . ) واتە قەسیدەی شەیتانی بوون ناوی هاتووە . ))[3] لەشیتەڵکردنی ئەم قەسیدەیە ( خەون پۆشە ) خۆمان لە مەدح و ستایشکردنی شاعیر بە دوور دەگرین و پێ بەپێ بەنێو دنیای دەروونی خەون بینینی شاعیر یان شاعیرێکی خەونبین شۆڕ دەبینەوە .

بەگوێرەی لێکدانەوەکانی ( نالی ) ئەم قەسیدەیەی لە دەرووبەری تەمەنی ( ٢٩ – ٣٠ )ساڵیدا گوتوە ، واتە لەهەرەتی خورتی و لاویدا ، هەر چەندە ئەو جگە لە ( حەبیبە ) ی خۆشەویستی لە قەرەداغ دۆستێکی هەبووە بەناوی ( ئایشە ) . [4] ، بەڵام زۆر ئاساییە کە جوانی

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو . ل ٤٠

([2]) سەرچاوەی پێشوو . ل ٥٦

([3]) سەرچاوەی پێشوو . ل ٦١

([4]) سەرچاوەی پێشوو . ل ٣١

و قەشەنگی شۆخێکی وەك ( مەستوورە ) خانم کە کەسێکی بێگانە و نەناسراو نەبووە ئاگری عیشقی دەروونی خۆشبکاو دیوە خەفەکراوەکەی دەروونی بۆ ئاشکرا بکات .

بەگوێرەی توێژینەوە ئەکادیمییەکان کوڕانی هەرزەکار لەتەمەنیاندا پتر لە کچان شەیتانی دەبن ، لەڕێگای خەونەوە غەریزە سێکسییەکانیان بەتاڵ دەکەنەوە .

بەلای ( S. Freud ) ەوە یەکەمین و سەرەکی ترین بابەت کە لە خەونی گەورەکاندا بوونی هەیە ، ئارەزووە تێرنەکراوە کانییەتی ، ئەو ئارەزووە خەفەکراوانەی هەیە ، بەڵام بە شێوە و دیمەنێکی جیاواز . )) [1] پسپۆرانی شیکارکردنی دەروون زۆربەیان کۆکن کە خەونەکان بەش و ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لە تێگەیشتن و شیکارکاری دەروون . )) [2] کەواتە زۆر ڕێی تێدەچێ کە ئەم قەسیدەیە زادەی خەونێکی واقیعی بووبێ . بۆ نا ؟ دووبارە بوونەوەی شکل و شێوە و جوانی ( مەستوورە ) لەخەونی ( نالی ) دا زۆر ئاساییە ، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە خەون ئەزموونی حەقیقی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە ، ناوەڕۆکی خەونەکان ناوەڕۆکی ئەزموونی خەوبینەکانە . لەشەن و کەو کردنی وێنە هونەرییە بەرزەکانی ئەم قەسیدەیە و شیتەڵکردنی

---

(1) ) ڕەهەندە دەروونییەکانی لەتیف هەڵمەت . د. هاوژین سلێوە . ل ٦٧ .

(2) ) سەرچاوەی پێشوو . ل ٧٠

ڕەمزەکانی دەگەینە ئەم ئەنجامە کە قەسیدەکە بەرهەمی زیندە – خەون نییە ، بەڵکو بەردەوامی چرکە ساتی خەونێکی ڕاستە . چۆن ؟ ( George Eliot 1819-1880 ) دەڵێ (( جوانترین شیعرم ئەوانەن کە کەسانی تر بەسەریاندا باراندوم . ))[1] ( Eugen Tarnow ) پسپۆڕی دەمار و شیکاری دەروونی زۆر بەجوانی درێژ بوونەوەی خەونی بۆ ساتەوەختی بێداری ڕاڤەکردوە و دەڵێ : (( من لەم باوەڕە دام کە دوای کۆتای هاتنی خەون ، خەوبین تا ماوەیەك هەر بەردەوام لە کەش و هەوای خەونەکە دەمێنێتەوە ،وەك بڵێت وا هەست بکات هێشتا فلیمەکە تەواو نەبووە ، جا بەرۆژی ڕوناك و بە زەقەی چاوان خەونەکە تەواو دەکا . ))[2] ئەو دەڵێ : (( ڕایەڵە جەمسەرە ئەلیکترۆنییەکانی مێشك لە ( Cortex ) ئەزموونی خەونەکان دەگوێزنەوە بۆ واقیعی ژیانی خەونبین . ))[3] ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت ( Lonterm-memory ) ئێستا دەتوانین ئەم خالانەی خوارەوە لەشیکاری دەروونی شاعیرەوە هەلێنجین :

★ ( نالی ) خەونی شەیتانی بە ( مەستوورە ) وە بینیووە .

---

(١) علی الوردی .ص ٢٣٤

(٢) How Dream and Memory May be related- Eugen Tarnow

(٣) سەرچاوەی پێشوو .

★ ( نالی ) لەناخەوە ئارەزووی چێژی سێکسکردنی لەگەڵ ئەم کچەدا هەبووە .
★ ( نالی ) خۆی بەشاسواری جوامێرخاسانی سەردەمی خۆی زانیووە ، تا ئەو ڕادەیە کە ( مەستوورە ) مەجبوری ئەو بووە ، بۆ ساتە وەختی لەگەڵیدا بخەوێت و گرێ دەروونییەکانی بۆ بکاتەوە .
★ ( نالی ) ئەوپەڕی ڕێزو ئیحترامی ( مەستوورە )ی گرتووە و بەهیچ شێوەیەك تیغی تۆڵە سەندنەوە و سووکایەتی کردنی بۆ ئەو نەسویوە .
★ ( نالی ) لەگەڵ خودی خۆی ڕاستگۆ بووە و لە ڕێی ئەم قەسیدەیە ئارەزووە سێکسییەکەی خۆی دامرکاندۆتەوە .
★ (نالی ) بەدەر لەنەخۆشی دەروونییەوە ئەم شیعرەی گوتوەو هەرگیز سروشتی یان ڕەوشتی دەستدرێژی کردن و ئابرو بردنی کەسانی تری نەبووە .
دوا بەیتی قەسیدەکە کە دەڵێ : واچاکە خەیاڵ و خەون ئەسراری هودا بێ ، نەك بەحسی سوورور و عەلەم و بادی هەوابێ
( نالی ) وەرە هەزەلێکی کە عاری شوعەرابێ ، ڕوورەش مەکە پێی سەخمەی هەر لەوح و کیتابێ ، لەم قەسیدەیەدا ( نالی ) خەرمانێك وشەو واتای ماناداری پڕوەستاکاری خزاندۆتە ناو قەسیدەکە ، کە بۆ پسپۆرانی دەروونناس دەبنە کۆد و هێما و ڕەمزی کردنەوەی زۆر قفلی

داخراو . وەك . ( دەردوو شیفا / عوقدەم هەیە / لەززەتی شیرینی / عەنقاو وەفا / شاریح و جاریح و مووزیحە گوشابێ / سروە دەبێ خوێنە ئەدابێ / گەردەن کەچی بەرپێتە / رەحمی بەمنابێ / سیلەی رەحمی تێدابێ .)

بەگوێرەی تیۆرەکەی ( S. Freud ) بۆ خەون ، دیوەکەی تری ( نالی ) – کە ( منی بالا Super Ego ) یە نیشان دەدا . کاتێ ویژدان – کە هێزێکی ناوەکی یە سزای ئەو تاکانە دەدات کە کارێکی نابەجێ و ناشیرین دژ بەداب و نەریتی کۆمەلایەتی دەکەن – بەخەبەر دێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات و سەرزەنشتی دەکا ، لەدارشتی ئەو قەسیدەیە . )) بۆیە ( نالی ) بەخۆی دەڵی : (( واباشترە ، بیر لەدۆزینەوەی ڕێگای راست لای خوا بکەیتەوە ، نەك هەر خەریکی باس کردنی رابواردن و ( ئالای هەلکراو ) و شەکانەوەی بەبای ئارەزووبازی بی . ( نالی ) بەم قسە هەلەق مەلەقانە پەڕەی کتێب ڕەش مەکەوەو شتێ مەڵێ دیوانی شیعر ئابرووی پێ بچێ . ))(۱)

ئەمانە دەربڕی ئارەزووی پەنگخواردووی شاعیرن بەلام شاعیرێکی نیاز پاك و داوێن پاك .

---

(۱) دیوانی ( نالی ) . ل ٦٣٦

ئەم خەونە شیعرە لایەنێکی تری کەسییەتی شاعیرمان نیشاندەدا کە مرۆڤێکی خاوەن ڕۆحێکی سووك و زەوقێکی ناسك و زمانێکی شیرینە ، زۆرترین کاتی خەونە کەی بەگەمەکردن و دەست بازی لەگەڵ جەستەی جوانی ( مەستوورە ) دا بەسەر بردووە ، درێژکردنەوەی قەسیدەکە لەپێناو زۆرترین دەست لەملانێ و راموسان بووە پێش گەیشتن بە چرکە ساتی ( پەڕین )

بەو پەڕی هونەرکاری و شارەزاییە و لە سنعەتی شیعر ، بە ( ٣٣ ) وێنەی هونەری روخسار و دیمەن و وەسفی ئەندامی ( عەورەتی ) مەستوورە ) ی بۆ کردووین ، بە بەکارهێنانی جوانترین و خۆشترین وشە و واتا و زاراوە ، وەك :

( حەسنا / نازو عیتاب / ئایینە / مایینە / سوها / دور / توحەف / کانی حەیا / خەیمە / زیو / کاسی بلوورین / پەلە بەفر / کانی گەرم / جووزەرە ڕێواس / قەسری موعەللا / غەنچەی نەشکوفتە / گومبەد / باغچەی سەرا / گولا مێز / سەکەر بێز / مەرمەر / گرد / گیا / موجەوهەر / حوسن و بەها / دوڕی منەوەر / بەیزی بەیان / سیمین / مەمك / هەنار / شەمام / عەنقا / خەیاڵ و خەون . )

رەخنەگر ( حەمە مەنتك )یش ( نالی ) لەم قەسیدەیە وا باس دەکا : ( ئەو باسی ئازادی لە جیهانی . خەون دەکا کە لەو جیهانەدا هەموو

كەسێك چۆنی بوێت ئاوا دەكا . ))[1] ئەم هێلكارییەی خوارەوە ، نەخشەی بازنەی ( خەون – قەسیدە – خەون ) نیشاندەدا ، دەبینین شاعیر خەون دەبینێ ، قەسیدەیەك لەم خەونە لەدایك دەبێ ، بەخوێندنەوەی قەسیدەكە لەلایەن پەیامگرەوە ( خوێنەر ، بیسەر – رەخنەگر ) جارێكی تر لەمێشكدا هەمان خەون دروست دەبێ یان دێتە بەرچاو




( عەبدوڵڵا پەشێو (   - ١٩٤٦ ) لەقەسیدەی ( ناكەوین ) لەدیوانی ( پشت لەنەواو روو لەكرێوە ) دا ، بە ( ٢٤ ) دێڕە شیعری ئازاد ، لەدارشتنێكی دایە لۆگ ئامێز ، لەنێو ( بازنەی – خەون –

---

(١) سوریالیزم . حەمە مەنتك . ل ٦١ .

قەسیدە – خەون ) دا دەخولێتەوە و زۆر عاشقانە و سەر شێتانە لە جیهانی خەونبینێکی ڕەنگ ڕێژکراو بەخەون پشکۆیەکی دڵی خۆی گەشدەکاتەوە و دڵی ئێمەی پێ داغدەکا ،

قەسیدەکەی بەم ئاوازە دەست پێ دەکا :

ئێمە وەك درەختین

جار هەیە دەخەوین

دەخەوین وەك شوانی دوای شەوین

بەڵام لەخەویشدا ، بەپێوەین

بەپێوەین ، ناکەوین !

لەدوا کۆپلەشدا بەم دێرانە قەسیدەکە قوفڵ دەدا و چەندین دەرگای پرس و ڕامانیش لەنێو هزری ئێمەدا دەکاتەوە :

" – بنوو ، گیانە

بیرلە دەریایەك بکەوە ،

کە هێندەی چاوی خۆت مەنگ بێ .

بیر لە ئاسمانێك بکەوە ،

هێندی ژانی من بێدەنگ بێ ،

خەم مەخۆ ، هێمن بە ، بنوو ..

دوێنێ خەونێکی خۆشم دی :

لە خەونمدا

مرۆڤ هەزار دەستی هەبوو ،

هەر دەستێکیش ، وەك درەختێك

هەزاران پەنجەی گرتبوو ! ))[1]

بۆ شیتەڵکردنی بارە دەروونییەکەی خەون بینینی شاعیرو کردنەوەی رەمز و دەلالەتە تەعبیریەکانی خەونەکە دەبێ تەکنیکی بونیاتی دارشتنی قەسیدەکە سەر لەبەر هەڵوەشێنینەوە ، ئەم قەسیدەیە خێوەتێکە لەسەر سێ ئەستوونگ ڕاوەستاوە : ( ئێمە — درەخت — خەون ) ، ئەم سێ وشە دەستە خوشکە دەست پێك و کۆتا دەنگی قەسیدەکەن .

لە کۆپلە ( ٥ ) دێرەکەی سەرەتادا خۆی و ئێمە و سروشت و دەروبەر دەئاخەوێنێ ، دیاردەی خەوبینین لەمرۆڤ دەستێنێتەوە و ڕادەستی درەختی دەکا . وەستانی قیت و قنجی درەختیش دەکا سیفەتی ئەبەدی ( ئێمە ) ، لەناو ڕۆحی قەسیدە کەشدا (( ئێمە و درەخت )) بە (( خەونبینین )) شاد دەکاتەوە .

لە کۆپلەی دووەمدا ، کە ( ٨ ) دێرە لە مونەلۆژ ئامێزێکی تردا ، دوو بیرۆکەی ئەزەلی مێژووی مرۆڤ چڕ دەکاتەوە ، ترس لەخەو و کورتی تەمەنی مرۆڤ .

---

([1]) پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە ، عەبدوڵلا پەشێو . ل ٣٥٢ — ٣٥٤

لەدوا کۆپلە ( ١١ ) دێریەکەیدا دەگاتە سەر ترۆپکی بیرۆکەی ( بازنەی خەون – قەسیدە – خەون ) وەك شاعیرێکی شارەزا و پرۆفیشنالٚ یەکە یەکە گرێیەکانی دلٚی خۆی دەکاتەوە . بونیاتگەری قەسیدەکە و کردنەوەی حەلقە حەلقەی لوغزەکانی لەوە دایە ، ( نالی ) هەر لە دەستپێکی قەسیدەی ( مەستوورە ) دا خەون دەبینێ وەلێ ( پەشێو ) تەکنیکەکەی ئاوەژوو کردۆتەوەو لە کۆتا دێری قەسیدەکەیدا دەکەوتە خەوبینین . ( نالی ) لەدوا پەیڤیدا ویژدانی بەخەبەر دێ و ڕاچلەکانێکی پەشیمانی دەیهێنێتەوە نێو جیهانی بێداری ، کەچی ( پەشێو ) بەپێچەوانەوە ، لەسەرەتادا لەسەر زەین و هەست و هۆشی خۆیەتی بەلاٚم لەدوا دێردا دەکەوتە جیهانی بێئاگای .

ئامرازەکانی خەونەکەی ( پەشێو ) کە ( مرۆڤ و درەخت و دەست و پەنجەن ) سادە و ساکار و ئاشنا بەرۆح و چاوی پەیامگرن ، ئەمەیش لەگەلٚ ڕەگەزەکانی دیاردەی خەون یەکدەگرنەوە کە دەلێ (( خەون دیوەکەی تری ژیانی ڕۆژانەمانە )) . تەکنیکی دارشتنی شیعرەکە هونەرمەندانە خەونەکەی لەباری ئاسایی وەرگێراوە بۆ باری نائاسایی ، ئەمەیش بە هەلٚشێلانی ئامرازەکانی خەون لەگەلٚ فانتازیای مەبەست ئامێز : ( مرۆڤی هەزار دەست و ، دەستی هەزار پەنجە . )) دەکرێ هێلٚکاری ڕەشنووسی داڕشتنی قەسیدەکە بەم شێوەیە تۆمارکەین :

خەون ( لەخەیالٚی شاعیردا          خولقاندنی

قەسیدەی ( ناکەوین ! ) قەسیدەکە ( لە هزری پەیامگردا خولقاندنی خەونێکی تر .

هونەرە باڵایەکەی ، کە مانایەکی لێوانلێو لە ڕەوانبێژی تێدا ، لەدارشتنی قەسیدەکەدا ، لەدوو خاڵدا دەدرەوشێتەوە :

یەکەم : شاعیر خەونێکی فانتازییای دەبینی و دەبێتە هەوێنی خولقاندنی ئەم قەسیدەیە .

دووەم : لەدڵ و دەروونی کەسی دووەمدا خەون دەچێنێ ، خەون دەنەخشێنێ ، خەون وێنا دەکا ، لێرەدا قەسیدەکە بۆ خۆی دەبێتە ماددەی خەونێکی تر .

شاعیری فەلەستینی ( معین بیو ١٩٢٨ — ١٩٨٤ ) دیوانێکی شیعری خۆی ناوناوە ( الاشجار تموت واقفة ) ساڵی ( ١٩٦٤ ) [1] پەیامی ( معین بیو ) ئەوەیە کە شۆرشگێر و خەباتکەر بەمردوویش بەپێوە ڕادەوستن و کەوتنیان بۆ نییە ، وێنە هونەریەکەی ( پەشێو ) هەڵگری هەمان بیرۆکەیە ، کە دەڵێ : (( ئێمە وەك درەختین ، لەخەویشدا ، بەپێوەین ناکەوین ))

داهێنانە پڕ وردەکارییەکەی ( پەشێو ) لەوە دایە بە دەستەواژەی ( بەپێوەبوونی درەختەکان ) سیفەتی خەوبینینی ئەزەلی بە

(١) معین بیو /wikipedia/wiki

درەختــەکان بەخشـیووە لەکاتێکـدا ( معـین بیـو ) سـیفەتی مردنــی بــە درەختەکان بەخشیووە ، کە لە تەمـەنی شـەهید و تێکۆشـەرەکانی کـەم کردۆتەوە چونکە درەختی مردوو لەگەڵ ڕۆژگاردا ژاکاو و وشك و کلۆر دەبێ و دەکەوێ ، واتا درەختەکانی ( پەشێو ) زیندوون و درەختـەکانی ( معــین ) مــردوون ! نــاکرێ لێــرەدا چـاو لــەبارێکی دەروونــی شـاعیر بپۆشین کـە پێـی دەگوترێـت ( تۆقـان لەخـەو ) ( Night Terror ) .

ترسـەکەی ( پەشـێو ) لــە خــەو دا دەرهاویشـتەی ئـەو هــەموو ژان و نارحـــەتی و دەربـــەدەریی و ئاوارەییـــە کـــە بۆتـــە بەشـــێکی قورســـی ئەزموونــەکانی تەمــەن ، لێــرە باخەبــەری و بێــداری شــاعیر بــەدیار دەکــەوی لـــەتاو خـــەمی وڵات و ئـــازاری مرۆڤـــەکان و ناداپـــەروەری دەسەڵاتداران .

لەم قەسیدەیە دا ، شاعیر ( ٨ ) جار راستەوخۆ وشەی ( خـەو / خەون ) ی دووبارە کردۆتەوەو ( ٤ ) جاریش ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆ ( خەون ) کردووە بەسایەی ئەم دەستەواژانەوە :

ونت کەم ٢ جار

بنوو ٢ جار

خەونەکـەی ( پەشـێو ) کۆمــەڵێك ( خــەون ) لــە مێشـکی پــەیامگردا نمایشدەکا وشەی ( دەریا و ئاسمان ) دەرگای یــەقین و گومـان و بـوون و

عـەدەم دەکەنـەوە ، بەتایبـەتی کـە ( دەریاکـە ) پەیوەسـت دەکرێـت بەچاوی مەنگی مرۆڤ و ( ئاسمانەکەش ) بەژانی بێدەنگی شاعیرێك .
حەقە ئەم قەسیدە ناوبنێین ( خەونە قەسیدە ) لەبەر زۆری خەونە شاراوەکانی ناو خەونە سەرەکی و دیارەکە ، وەك :

خەون  درەختی / خەوبین

شوانی / دوای شەوین

عمری کورت / دڵۆپە شەونمی بەرهەتاو

دەریا / چاوی مەنگ

ئاسمان / ژانی بێ دەنگ

مرۆڤ / هەزار دەست

دەست / هەزار پەنجە

لەدوا دیمەنی خەونەکەیدا شاعیر لەبن گوێماندا دەخوێنێ کە مرۆڤی هـەزار دەسـت و دەسـتی هـەزار پەنجـە چـەند زەرور و پێویسـتە بـۆ گەیشتن بەلوتکەکان و بۆ کەشف کردن و هەڵوەشاندنەوەی لوغزەکانی دەریـایی چـاوی مـەنگ و ئاسمـانی ژانـی بێـدەنگی شـاعیرێکی وەك ( پەشێو ) !

دووەم

زیندە خەونە – شیعر

پسپۆری دەروونناسی سویدی ( Carl Jung 1875 – 1961 ) ، کە شاگردی ( S.Freud )ە بەهای خەون و گاریگەریەتی دەگەیێنێتە پلە و ئاستێکی یەکجار بالا ، کە دەڵێ : (( خەون چار شێوی ڕەش لەسەر چاوی خەوبین لادەدا و بینایی ڕۆشەنتر دەکاتەوە بۆ بینینی شتەکان بەدیقەتتر و ڕوونتر ، تەنانەت یارمەتیشی دەدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەریگونجاو بۆ گرفت و کێشەکان و ڕەواندنەوەی ترس و ئاشکراکردنی لایەنە تاریکەکانی ئایین .))[1] . ئەو زانایە زیندەخەونیش هەر بەئەندامی خێزانی خەون دەناسێنێ .

دوو لە خەسڵەتە تایبەتمەندەکانی ، زیندە خەون ئەمانەن :

یەکەم : لەهەواری زیندەخەوندا ، خەوبین هەمیشە مەیلی گۆشەگیری و تەنیای و دوورە پەرێزی هەیە و لەواژە واژی ئاپورەی خەڵك دوور دەکەوێتەوە ، ئەو جۆرە ژینگە هێمن و کپ و خامۆشە کەش و هەوای بەردەوام بوونی خەوبینینەکەی گونجاو و درێژخایەن دەکات .

دووەم : لەم دیاردەیەدا ، پرۆسەی خەوتن و خەوبینینی ڕاستەقینە بەمانا زانستییەکەی قۆناغ بەقۆناغ ڕوونادات ( هەرچەندە لە هێندی حاڵەتی کەم تێکهەڵکێشانی دینامیکی ڕوویداوە . ) کەواتە گۆڕانکارییە

(1) wikipedia.org / wiki . Caral -Jung

سایکۆلۆژییی و میسۆلۆژیەکانی پرۆسەی خەوبینین لە دڵو دەروون و جەستەدا ڕوونادات.

گەیشتن بە دنیای خەیاڵ ئامێزو سروش بەخش ئامانج و ئاواتی خەوبینەری زیندە خەونە . ئەو سۆفی ئاسا ، عەوداڵی چرکەساتە بێئاگایەکەیە کە بە هەموو هزرو هێزی هەوڵی پێگگەیشتنی دەدا . بۆچی ؟ چونکە " باری ئەقڵی شاراوە لە دنیای بێئاگایی دا بۆتە پەناگەی ئارەزووەکپکراو سەرکوتکراوەکانی ناخی مرۆڤە کە بواری و هەڵی تێرکردنیان بۆ نەڕەخساوە ، جا کە ئەقڵی هەستیار و بەئاگا ، بێهۆش و – سەرخۆش دەکرێت – ئارەزووە پەنگخواردووەکان کون و کەلێنی خۆیان دەدۆزنەوە بۆ دزە کردنی سەر دەرهێنان لە نێو قەفەزی قوفڵدراوی دەروونـدا ، تا لەم چرکە ساتەدا خەوبینە وەك کانیاوی بەهار ئەتەقێتەوەو دەکەوێتە هەڵقوڵین . ))[1] دەکرێ لێرەدا ، پرسیارێك بکرێت : بۆ ئەقڵی بەئاگا باشتر و جوانتر لەئەقڵی بێئاگا بیرۆکەو داهێنان و گەنجینەکەی ناخی دەرنابڕی ، یان ناتوانێ دەریببڕێ ؟

(( وا پێدەچێ ئەقڵی بەئاگاو هۆشیا پتر هەر توانای گەڕان و لێکۆڵینەوە توێژینەوەی هەبێ و کەمتر دەستەڵاتی بەسەر هەرێمی

---

([1]) هێزەکانی هەست یان نهێنیەکانی کەسی سەر کەوتوو . د.عەلی وەردی . و.کەمال عەلی . ل ٢١٩

داهێناندا هەبێ ، واتا ئەقڵی بەئاگا لەبازنەیەکی سنووردارو بچووکرا و دەخولێتەوە ، لەکاتێکدا ئـەقڵی بێئاگا لـە هـەموو دەرگاو پەنجـەرەکان دەدا .[1] بـــۆ پڕاکتیزەکردنـــی نـــاوەرۆکی بیرۆکـــەی ئامـــاژەپێکراو شیکردنـەوەی بنیات و پێکهاتەی خەونە شیعرێکی تری کوردی ، بۆ ئەم بڕگەیـە قەسـیدە ناودارەکـەی ( حـاجی قـادری کـۆیی 1897? – ?1815 ) (( گـوتم بـە بـەختی خـەواڵو و بەسـە ئـەتووبی خـودا )) دەخەینە بەر نەشتەرگەری خامە .

ئەم شاکارە پڕ هونەرو داهێنانە ( ٥٧ ) بەیتـەو سـەرواکەی پیتـی (( ئەلف )) ە ، بەم نەغمەیە دەست پێدەکا :

گوتم بە بەختی خەواڵوو وەرە ئەتووبی خودا

لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا

لەکۆتایی بەیتیشدا دەفەرمووێ :

گەلێ قسەم لەدڵابوو ، حیکایەتم مابوو

کەچی لەبەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا .[2]

دەگوترێـــت ، شـــاعیر کـــوڕی ســـەردەم و ڕۆژگـــاری خۆیـــەتی ، بۆیـــە خوێندنـەوەی دەق ( Text ) بـەبێ چـاو خشـاندن بـە کـەش و هـەواو

---

([1]) علی الوردی . ص ٢٤١

([2]) دیوانی حاجی قادری کۆیی . ل ٣٧ .

ساته وەختی خولْقاندنی هەموو پەیامی قەسیدەکە بەدەستەوە نـادات . جۆرو ئاستی مەعریفی و فیکری و زمانـەوانی و کـەلتوورو فەلسـەفە و ئایین و مێژووی سەردەمەکە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆیـان لـە دەق و خولقانی دەقدا هەیە .[1]

" دوای سـالآنی ( ١٨٦٢ – ١٨٦٣ ) حـاجی قـادری کـۆیی لـە کوردسـتانی ئێرانـەوە دەگەڕێتـەوە کوردسـتانی باشـوور و دێتـەوە ( کۆیـە ) . هـەر چەندە کاتێکی خـۆش لەگـەڵ ( مـەلا عەبـدوڵلا )ی دۆسـتی و ( ئـەمین ئاغای ئەختـەر ) ی شاعیر و ( حەماغا ) دا لـە کۆیـە بەسـەر دەبـات ،[2] بـەڵام کەسـەیر دەکـات سـەرەڕای ئـەو هـەموو خەمخۆرییـەی بـۆ خەڵکەکەی ( کۆیە ) ، دەبینێ هەموویان هەر ڕوویان لە هەندێ شـێخی وەکو ( شـێخ نـەبی ماویلی ) یـە بەرانبـەر بەشـاعیرو خـەمخۆری وەکـو خـۆی کـەم تەرخـەمن و ئـەم کەمتەرخەمییـەش لـەڕووی سـۆزی شـاعیرانەیەوە بـەبێ حورمـەتی دادەنـێ بۆیـە بریـار دەدات ڕوو بکاتـە شـاری ( ئەسـتەنبوڵ )ی پایتـەختی سـەڵتەنەت و خەلیفایـەتی عوسمانلی[3] کەواتە لەڕووی دەروونییەوە . ( حاجی قادری کـۆیی ) بـە دڵشکاوی ( کۆیە ) بەجێدێڵێ و بە دەرلـە ئـیرادەی خـۆی ناچار دەکـرێ

---

([1]) hup . Harvard . edul / catalog . php ? isbn = 97 80 67 40 68 155

([2]) نامیلکەی مەلا عەبدورەحمان ( حاجی قادری کۆیی ) ل ٣٣ .

([3]) دیوانی حاجی قادری کۆیی . ل ١٢

ئەو بێ حورمەتییە قبولّ نەکات ، هەرچەندە ئەو ڕۆژە ( ئەستەنبولّ ) بۆ ( حاجی قادری کۆیی ) دەروازەی ڕۆشنبیری و روناکبیری و چاو کرانەوەی بەڕوویدا دەکاتەوە ، وەلیّ چونکە هەر بەتەنیاو ڕەبەن بووە ، هەمیشە بیری وڵاتی لە کەللەدا بووەو لەناچارییدا ژیانە قورسەکەی دووره وڵاتی بەنابەدڵی قبولّکردووە .

هەرچەندە زۆربەی بەرهەمەکانی حاجی قادری کۆیی لە ( ئەستەنبول ) شیعری نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی نیە وەلیّ غوربەت و هەژاری و عیشقی زێد و مەفتەن ئەوی بۆ یادو یادەوەریەکانی ( قوشخانە ) و ( ئیج قەڵاو ) و ( بایزاغە ) و ( قەڵات ) ی کۆیە بردۆتەوە ، لەگەرمەی ئەو هەوەس و هەستە ناسکانەدا ، لەتاو دووره مەفتەنی خۆی دەخیلی زیندە خەون دەکات و بەباڵی خەیاڵەوە بەرەو کوردستان هەڵدەفڕێ .لە سیماکانی ئەم زیندە خەونە حاجی قادری کۆیی بە پێچەوانەی ( نالی ) لە قەسیدەکەی ( مەستووره ) خەونی واقیعی نەبینیوە . بەڵام هەر بەیتی دەست پێکی قەسیدەکابە زیندە خەونی خۆیمان ئاشنا دەکا .

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا
لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا

چوونەوەی شاعیر بۆ دووره وڵاتەکەی ( ئەولا ) بەبێ خەونبینی کارێکی مەحاڵە ، خۆ ئەوکات هۆیەکانی پەیوەندی کردنی لە تەلەفۆن

و ئینتەرنێت و فاکس ... هتد نەبووە ، جا هەر دەبێ خۆی دەخیلی ئەو گەنجینە پڕ دور و یاقووت و مەرجانە بکات کە لەهرزو دەروونی خۆیدا ، وەك زەخیرە هەڵیگرتووە، جا بۆ وە دەست هێنانی ئەو سروش و خەیاڵەی یەکسەر یاخەی ( بەختی خەواڵوو ) دەگرێ . (( خەواڵوو : چاو بەخەو ، کەسێ لەخەو هەستابێ ، بەڵام خەوبەری نەدابێ .[1]

دەستەواژەی ( بەسە ئەتووبی خودا ) هەم خۆ دەخیل کردنی شاعیر و هەم بۆن و بەرامەی هاوارو یارمەتی و دەستگرتنی لێدێت . جا لەکەرتی دووەمی بەیتەکەدا فرماندەداو دەڵێ : (( لەخەو هەڵستە ) ، بەنیازی دەستپێکردنی سەفەرە بەهەشتییە پڕ سفت و سۆکەی بەرەو کوردستان ! پێشتر ئاماژەمان بەوەدا ، کە خەوبینەر هێندێ جار توانای ئاوێتەکردنی زیندە خەونی بە خەون هەیە بۆیە زۆر جار خەون و واقیع یان واقیع و خەون وەك زەردێنەو سپێنەی هێلکە بەیەك دوو شەقاندن تێکەڵ دەبن و بەرهەمێکی تازەباو دروست دەکەن .

شاعیر لە ( ٣١ )ەمین بەیتە شیعری دا ڕادەچڵەکێ و دێتەوە نێو دنیای بێداری و هۆشیارییەوە ، دوای ئاریشت کردنی نازدارترین دیمەن و دڵگیرترین تابلۆی سروشتی کوردستان کە خوێنەرە تووشی ڕامان و حەپەسان دەکا بەم شێوەیە قەسیدەکە تەواو دەکا :

---

[1] ) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە . هەژار . ل ٢٦٨ .

لەپاش ئەم هەموو داستانە بەختی خواب ئالوود
میثالی ئەژدەری نووستو بەڕق لەخەو هەستا
جەوابی دامەوە ئەمما جوابەکەی وا ڕەق
نەما مەجالی مەقال و موباحەثە لەم لا

( خواب ئالوود : فارسی یە بەمانای خەواڵوودێ . ئەژدەر : ئەژدەها . عەزیا )

( S. Freud ) ئەم چرکە ساتەی ( حاجی قادری کۆیی ) لەم قەسیدەیەدا ، وا شیدەکاتەوەی :

(( کاتێ مرۆڤ دەچێتە دۆخی ( منی بالا Super Ego ) کە ویژدانیشی پێ دەگوترێت ، ڕوو بەڕووی واقیعە تاڵەکان دەبێتەوەو ناتوانێ چیتر فرت و فێل لەخۆی بکات ، بەڕەشی دەڵێ ڕەش و بەسپی دەڵێ سپی . ))[١] سەیرکە ( حاجی ) دەڵێ :

نی یە لەمومکین ئیمکان خەتاووسەهوی نەبێ
بەغەیری خواجەیی دیوانی ( علم الاسما )[٢]

دیسان دەڵێ :

ئیلاهی نەیخەتە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم
نقودی حاجی کە نەیدیوە خوسرەو و دارا .[١]

---

(١) 1,nterpretation of Dreams …S.Freud p. 111

(٢) دیوانی حاجی قادری کۆیی . ل ٣٦

ئـەم قەسـیدەیە زینـدە خەونـە ئـامێزە دوو بیرۆکـەی سـەرەکی تێـدا دەخوێندرێتەوە :

بیرۆکەی یەکەم : شۆڕبوونەوە بەناو چرکە ساتی زیندە خەونەکەو خۆ مەستکردن بەدیمەنی دڵرفێنی کوردستان و جوانییە بەهەشـتییەکەی ، شاعیر لە ( ٣١ ) بەیتـدا ( ٣١ ) وێنـەی هونـەری یـەکجار بـاڵاو دڵگیرمـان پێشــکەش دەکــات کــە بەداخــەوە لێــرەدا بــواری شــیتەڵکردن و پێشکەشکردنی ئەوانمان نییە لەکاتێکدا ئەو خۆیی و خـۆی لـەگونجێکی ژوورێکی تەنگ و تاریك دانیشتووە !

بیرۆکەی دووەم :

زمـان و دارشـتی شـاعیر لـەم قەسـیدەیە دوای سـی و یەکـەمین بـەیت دەگـۆڕی بـۆ زمـانێکی سـادەو پـاراوو ڕەوان کـە کـەمتر وێنـەی هونـەری تێدایە ، بۆ ؟ چونکە لێرەوە بەرە بەرە زینـدە خەونەکـە دەڕەوێتـەوەو شاعیر دێتـەوە دۆخـی ئاسایی خـۆیی ، واتـا لەگۆشـە گیری دەردەچێ و خـۆی دەخاتـەوە باوەشـی دۆسـت و ئـازیزانی تـا لـە دڵـەوە گللـەیی و گازندەکانی خـۆی هەڵڕێـژێ ! تەنانـەت قـالبی بیرۆکـەی قەسـیدەکە لـە وەسفی سروشتەوە دەبێت قەسیدەیەکی نەتەوایەتی بەئیمتیاز نەخشـە ڕێگای دوارۆژو دیزاینی داهاتووی نەتەوەو وڵات دەکێشێ !

---

([1]) سەچاوەی پێشوو . ل ٣٧

×   ×   ×

×

زینده خـەون ، تـەنیا لەیـەك كـالآدا خـۆی نمایشـناكات و هـەڵگری تاكـە ڕەنگێـك نییـە كـە شـاعیرەكان ، زینـدە خـەون دەكەنـە ئەسـپە شـێتی خەیاڵ و بەرەو قۆناغەكانی مەبەست و ئـارەزوو دا ئاوزینـگان لێـدەدەن ، تێدەگەن كە جیهانە نەدۆزراوەكـەی ئـەوان لـە دیـوی جیهـانی واقیعـە تفت و تاڵەكەیە وەلێ هەر شـاعیرەی زامێكـی لـە جەرگـەو گرێیـەكی لـە دڵـەو مـەراقێكی لـە ئەوكدایـە ، بۆیـە شـێواز و ماهییـەت و ڕەهەنـدی زینـدە خەونـەكان بـەگوێرەی جیهـانی نـاوەوەی شـاعیر دەگۆڕێـت و نەغمـەو ئـاوازی جیـا جیـا لـە قەسـیدەكانیان هەڵدەسـتێ ، بـەگوێرەی نەغمەو ئاوازی زیندە خەونەكانیان .

كە سەرێك دادەگرین بـەجیهانی ( لـەتیف هەڵمـەت                - ١٩٤٧ ) و لەڕێگای شیعرەكانییەوە ، بۆ ناخی نامۆیی و پەریشانی و پەشێوی ئـەو شۆڕدەبێتەوە . تێدەگەین . كە ئەو شاعیرە عەوداڵە ، چەندە حەوجـە بـە زینـدە خەونـە بـۆ گەیشـتن بـە ( دورگـە ونەكـەی خـۆی ) . خـۆی بەزمانی خۆی لە قەسیدەی ( گەشت ) دا هاوار دەكا :

لەسەر باڵی خەونەكانم ئەڕۆم بۆ سەد وڵاتی دوور

نەیاسایان تێدا هەیە نەسنوور .[1]

دوو کۆت و بەنـدە ئاسـنینەکەی قاچـی شـاعیر ( یاسـا و سـنوورە ) کـە هەمیشـە بەربەسـتن لـە تێرکردنـی ئـارەزوو حـەزەکانی ئـازاری ڕەهـای شـاعیر ، لەجیهانێکـدا وجـودی هەیـە خـاڵی بـێ لـە زنجـیرو دەسـەڵاتی ناشـەرعی و سـنوور . (( لـەتیف هەڵمـەت گرینگـی بـەماناو ماهیـەتی خـەون داوە ، چ وەك ئـەوەی لـەڕێی وشـەی خەونـەوە ، حـەزە ناوەکییـەکانی خـۆی خستۆتە ڕوو چ وەك ئـەوەی چیرۆکێك بابـەتێکی خـەون ئـامێزی خولقانـدوەو لـەم دەروازەوە دەچـێتە نێـو جیهـانی مەبەستەکانی))[2] کۆبەرهەمی ئەو شاعیرە ، بـە دەهـا وێنـەی هونـەری هەمـەڕەنگی بـاڵای تێـدا کـە خـەون و خـەونبینی سـەرکەوتوانە تێـدا تەوزیفکراوە . وەك پەنا بردن بۆ زیندە خەون ، با سەرێك بە قەسیدە درێژەکەی ( لەتیف هەڵمەت ) دابکەین کە ناسـراوە بـە ( گـۆرانی پاشـە ڕۆژ یـان بەیاننامـەی شـاعیرە شـێتەکە .[3] ) ئـەم قەسـیدەیە ( ٤٢ ) لاپەڕەیەو ( ٧ ) دەروازەی وەك سەرتایناى سێبەری قەسیدەیەکی خـۆی لەخۆ دەگرێ .

---

([1]) دیوانی لەتیف هەڵمەت . ب٢ . ل ٢٢٤ .

([2]) ڕەهەندە دەروونییەکانی لەتیف هەڵمەت . د.هاوژین سلێوە . ل ١٩٩

([3]) دیوانی لەتیف هەڵمەت . ب٢ . ل ٦٩٢ — ٧٤٤ .

دەروازەی دووەم کە ( ٨٦ ) دێرە شیعری ئازادە بەم سەدایە دەست پێ دەکا :

هەندێ جار خەون وەك فرۆکە

دڵم بۆردوومان دەکاو

هەندێ جاریش وەکو بارانی ئاوریشم

تەرم دەکا

من نوێنەری شیعرم و

خوا ڕەوانەی ئێوەی کردووم و

هەمیشە هەست بە پەری یەك

دەکەم پێم دەڵێ :

بنووسە ..... [1]

سوپاس بۆ ئەم زیندە خەونەی ئەم قەسیدەیە کە کلیلی نهێنی سندووقە داخراوەکانی دەروونی شاعیرمان لە مست دەنێ و ڕێگامان دەداتێ بێ ترس و گرفت یەکە یەکە قووتوو و دەخیلەکانی دەکۆڵینەوەو رازو سیحر و موعجیزەکانی کەشف دەکەین و پەیامگر دەتاسێنین .

ئەم قەسیدەیە کچە خاتوونێکی زیندە خەوی نازدارە .

---

(1) سەرچاوەی پێشوو . ل ٧٠٠

جگە لە دووبارە بوونەوەی وشەی ( خەون ) ڕەخنەگری شارەزا تێدەگا کە ژینگە و هەواری ئەم قەسیدەیە جیهانی زیندە – خەونە ، هەم لە سێبەری وشە و واتاو هەم لەوێنە هونەریە ڕەنگینەکانی دا .

لەشیکارکردنی لایەنی دەروونی ئەم قەسیدەیە تێدەگەین کە :

یەکەم : دووجار شاعیر دەڵێ ( هەندێ جار ) لەدەستپێکدا زیندە خەونەکە خەم وخەفەت هێنەرە :

هەندێ جار خەون وەك فرۆکە

دڵم بۆردوومان دەکاو

کەڕەتی دووەم ، میهرو خێرو بێرو خۆشەویستی دەبارێنێ :

هەندێ جاریش وەکو بارانی ئاوریشم

تەڕم دەکا

دکتۆر هاوژین سلێوە ، زۆر وەستایانە ، ئەم پنتە گەش دەکاتەوە ، کە دەڵێ :

(( هێندێ جار خۆمان لە ململانێ دەروونیدا دەبینین بە بارێك دا تێدەپەڕین ناتوانین دوو پێداویستی یان دوو پاڵنەر رازی بکەین . ئەم بارە وا لەتاك دەکات کە هەست بە هەڵچوون و بێتاقەتی و دڵەڕاوکێ

بکـات بێگومـان سـێ جـۆره ململانـێ دیـاری کـراو : ململانێـی خـود ، ململانێی لەگەڵ کەسی ترەوه لەگەڵ سروشت ))[1]

جا هەرسێ ململانێ لـەم قەسیدەیە دا بوونی هەیـە دواتـر دێینـەوه سەر ئەم خاڵە دەبینین دەستەواژەی ( هەندێ جار ) ئاماژەیـە بـۆ ئـەو چرکە ساتەی زینـدە خـەونی تێـدا دەرسکێ چوون شـاعیریش ناتوانـێ هـەموو ئـان و سـاتێ بـارە دەروونییەکـەی خـۆی بگەێنێتـە ( ترۆپکـی زینــدە – خــەون ) ، دەســتەواژەی ( بۆمبــارانکردنی دڵ ) ، ( بــارانی ئاوریشم ) ڕەمزو هێمای دنیای زیندە خەونن .

دووەم : کەسـییەتی شـاعیر ، لـەم زینـدە خەونـە ، زۆر جیـاوازە لەگـەڵ کەســییەتی ( حــاجی قــادری کــۆیی ) لەقەســیدەی ( وتم بەبــەختی خەواڵوو ) چۆن ؟

( لەتیف هەڵمەت ) ، لێرەدا ، لەڕێگای زیندە خەونەوە ، خۆی دەکا بـە پیغەمبەر یان خۆی دەهێنێتە مەقامی ئەو . سروشی ئەم کۆپلەیە کـت ومت لە سورەتی ( العلق ) : ( اقرا٫ باسم ربك . )[2] وەرگیراوە .

هەڵمەت دەڵێ :

پەریەك ، پێم دەڵێ

بنووسە ،

---

([1]) ڕەهەندە دەروونییەکانی لەتیف هەڵمەت . د.هاوژین سلێوە . ل ١٤٥

([2]) سورە العلق ، و . قورئانی پیرۆز .

خودا دەڵێ ...

شـاعیر جێگۆڕکـێ بـە وشـەی ( إقـراء ) کـردووە بـە ( بنووسـە ) ، ( جبریل ) یشی کردووە بە ( پەری یەك ) بەڵام ( خودا ) هەر ( خـودا ) کەیە ، هەرچەند شاعیر جاری واهەیـە پـتر لـە ( خـودا ) یـەکی هەیـە . بەخشـینی پایـە و مـەقامی پیغەمبـەران بـەخودی خومـان و قسـە و گفتوگـۆکردن لەگـەڵ زاتـی ( خـودا )ی مـەزن ، ( نێرگسـییەتی – Narcissism ) شـاعیر نیشـاندەدا کـە بەتـەواوی خـۆی لەکەسـانی ئاسایی تردا جیاکردۆتەوە .

سێیەم : شاعیر لەژێر بارێکی ئاڵۆز و هەڵچوو و پـەنگی خواردوتـەوەو ، چینگڵ دەدا ، توند توند یاخەی شاعیرانی تـر دەگـرێ و نـەفرەتیان لێ دەکـات کـە زڕەی پـارە و زیـڕەی منداڵـە سـاواکانی لـەبیر بردونـەوە ، بەپێچەوانەی خۆی :

تف لەو شاعیرەش

گوێی لەزڕەی پارەیەو

گوێی لە زیڕەی

مناڵە برسێیەکان نییە ![1]

---

(1) دیوانی لەتیف هەڵمەت . ب٢ . ل ٧٠١

خرکردنەوەی هەموو شاعیرانی دنیاو ، خوێندنـەوەی وتـارو ئامۆژگـار ، وەك وتاربێژی مزگەوتان کارێکی مەحاڵـە لـە دنیـای واقیعـدا ، ناچـار ( لەتیف هەڵمەت ) پەنا بۆ زیندە خەون دەبات وەك باشـترین وتاربێـژی جیهان لەسەر سەکۆی شیعر ڕادەوەستێ و پەنجەکانی ڕادەوەشێنێ .

چوارەم : لە پۆپەی ئەم قەسیدەیە شاعیر دەگاتـە ترۆپکی نەرگسـیەتی تەواو ، پلەی پیغەمبەرایـەتی بـەنێو تـەیلی خۆیـە دەبەسـتێتەوە . زۆر وەسـتایانەو هونەرمەندانـە ، گوتارەکـەی خـودای میهربـانی کـە بـە ( محەمەدی ) ی پێغەمبـەری گوتـووە لـەقالبێکی شـیعری مـەجاز پـۆش و میتافۆر – ئامێزدا ، دادەرێژێتەوەو دەڵێ :

من ئەو شاعیرەم کە
هەر کچێك سەیرم بکا
ئەوینی ئەو وڵاتەی
لە دڵدا دەڕوێ و
هەر منالێ بانگ بکەم
لەم خاکەدا دەبێ بەرووباری
گوڵی زیوی ڕەنگاو ڕەنگ
ئەوەی گوێی لەدەنگم بێ
لەم خاکەدا دەبێ بەباخچەی
گۆرانی

## هەنگوین

## ئای بەرد بارانم مەکەن [(١)]

ژياننامەی ( محەمەدی ) پێغەمبەر بەردباران کردن و هێرشی کردنە سەری تێدایە لەلایەن نەیارەکانییەوە .

پێنجەم : گۆشەگیری خەون بین ، لەزیندە خەونا خەسڵەتێکی دیارە ، ئەو ئارامی و هێمنییەی لەوێدا وەرگیری دەکەوی لە شەقام و گۆڕەپانە پڕ ژاوەژاوەکاندا کەمن ، جا بەوەش ناوەستێ ، ( لەتیف هەڵمەت ) دەیەوێ ئەو جیهانە گۆشە گیرییەی خۆی بگوێزێتەوە بۆ ناو ماڵی پەیامگر ، لە ڕێگای خولقاندنی چرکە ساتی بێئاگای بۆ ئەوانیش :

ئایە دەزانن ، لە هەموو ئاوێنەیەکدا

ئاوێنەیەکی نەبینراو هەیەو

نەخشەی هەموو کیشوەرە

نە دۆزراوەکانی

تێادا شاراوەتەوەو

سەری هەموو کۆیلەکانی زەوی

تیا هەڵواسراوە . [(٢)]

---

( [١] ) سەرچاوەی پێشوو . ل ٧٠٣

( [٢] ) سەرچاوەی پێشوو . ل ٧٠٣

بەبلیمـەتی و زۆرزانانــە پرسـیارەکە درێژدەکاتــەوەو بــە نیشـانەیەکی پرس گەورە ( ؟ ) دەروازەکە دادەخات و دەڵێ :

لەهەموو شاعیرێکیشدا

شاعیرێکی نهێنی هەیە

حەزی لەزێی بۆنی هەنگوینی

مەمکی ئافرەتێکە

کە نازانێ ناوی

چییەو

بۆ وڵاتێکیش دەگەڕێ

کەنازانێ دەکەوێتە

کام هەناسی گوی زەوی یەوە ؟ (١)

گەیشتنی شاعیر ، لەڕێی زیندە خەوەوە بە باوەشی پڕ رازونیـازی یـاری خـۆی لوتکـەی گەیشـتنە بـە نرگسـییەتی چـاوەڕوانکراو ، ئـاخر ( نێرگسیەتی : خۆشەویستی زۆر لـە خـودی ڕازی بوونـە تـا دەگاتـە ئـەو ڕایەی کە هەموو کردارو چالاکیەکانی خۆی زۆر بەرز بنرخێنێت و بـە پێچەوانەوە ، کارو دەسهاتەکانی خەڵکی بەلاوە هیچ و کـەم بایـەخ بێـت . ))(٢) شاعیر زۆر خۆی بە دۆزینەوەی وشەو واتـای گونجـاوی ( جیهـانی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو .

(٢) رەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا . د.هاوژین سلێوە . ل ١٧٩

خــەون ) مانــدوو كــردووەو توانييــەتى خــەرمانێك كۆبكاتــەوە كــە هــەموويان لێــرەدا بــوارى شــيكردنەوەى ئــەم هــەموو وشــانەمان لەبەردەست دا نيە - . ئەمانـەش هێنـدێ نموونـەى ئـەم خەرمانـە وشـە خەون ئاميٚزانەن :

( هەميشـە هەسـت بـە پـەرى يـەك دەكـەم / ئـەو نەتەوەيـەى لـەزەوى خۆيدا ڕەگ دا كوتێ / بارەدارى پشتى لۆرى / پارەى بـەنهێنى دروسـت كراو / قامچى برسييەتى / دڵـە زێرەكـەم / دەبم بـە هـەتاو / جەرمـە سوورەكەم خۆشەويستى لێ دەتكێ / لەهەموو دڵۆپە خـوێنێكى رژاومـدا / زيندوو دەبمـەوە / دەبمـە دەلاقەيـەك / منـاڵ دەبـێ بـەرووبار / ئـەو دەبێ بە خونچە / نارنجۆكى مەرگ / گوڵە هەنارى خوێنە تووڕەكـەم / ڕۆژگار لە / گەلاى خوێنى پەمەيى ... هتد )

ئێستا دێينـەوە سـەر بابـەتى ململانێيەكـەى شاعير و دۆخـى دەروونـى ئـەو لـە هێلكارييەكـدا ڕونـى دەكەينـەوە كـە هـەموو گرێيـەكانى لـە چركەكانى زيندە خەونەكەدا بوونى هەيە :

١- گرێى خوود -

فرۆكە — بۆردوومانى دڵ

بارانى ئاوريشم — تەر

كردنى جەستە

٢- گرێى لەگەڵ كەسى تر

- خوا ڕەوانەی ئێوەی کردووم

- هەستی بەسەر ئەو نەتەوەیە

- تف لەشاعیر

٣- گرێی لەگەڵ سروشت

بوون بەهەناری نهێنی

لە شوورەی ئەم زەوییەدا

گوڵی زیوی ڕەنگاو ڕەنگ

باغچەی گۆرانی و هەنگوین

گوڵە هەناری خوێن

زێی بۆنی هەنگوین

گەڵای خوێنی پەمەیی

دەربارەی خەونەکانی ( لەتیف هەڵمەت ) دکتۆر ( عەلی طاهر حوسین ) دەنووسی : (( هەموو خەونە شیعرێکی لەتیف هەڵمەت لەسەرەتادا دەبێت بە خەیاڵی شیعری خۆش و خەوی پەمەیی کەشکست ڕەتدەکاتەوە ، بەڵام لەکۆتاییدا دەبێتەوە بەواقیعە سیسە تاڵە کەی جاران ، دەبێت بە خەونێکی سیس و ڕەوێنراو ، وەك ئەوە وایە خەونێکمان بۆ بگێڕێتەوە ، سەرەتاکەی تاڵ و خۆش ، کۆتاییەکەشی

تــــالْ و ڕەش ، لــــەنێوان ئـــەم جموجووڵەشـــدا ئـــارەزوو ســـاكارە خەفەكراوەكانی شاعیرو شكست و باری دەروونی دەخوێنیتەوە . ))[1]

## سێیەم

## خەونە خەیاڵ

گەر بەچاوی هونەرمەندێكی شێوەكاری شارەزاو چاوتیژ سەرنج لـە پەنجەكانی ( خاڵخاڵۆكە )یـەك یـان ( پشكۆی )یـەكی بـەهاران بـدەین ، دەبیـنین ، كەبـە چـەندها شێوەو تـوون و مـەیل خۆیـان دەنـوێنن ، بـە گــوێرەی گۆشــەنیكاو تاریــك و رونــاكی و دوورو نزیكــی هەمیشــە ڕەنگــەكانیان لــە گۆڕانكــاری دایــە ، خــەون و خــەیاڵیش ڕەنگــەكانی خاڵخاڵۆكەو كرمی پشكۆ بە گوێرەی گۆشەنیگای پەیامگر ئاوێتـە بـوون تێكـەڵیی یـەكتری تێـدا بـەدی دەكـرێ . لـە نێـوان ( خـەون خـەیاڵ ) پەردەیەكی یەكجار تەنك و شـەوفاف و ناسـك هەیـە . هەرچـی خەونـە دەرهاویشتەی پرۆسەیەكی فیسۆلۆژی و سـایكۆلۆژی بـەدەر لـە ئـیرادەی مرۆڤە ، لە كاتێكدا خەیاڵ بەرهەمی پرۆسەیەكی ڕێك وپێكی مێشكە ، لـەژێر ئـیرادەو توانـای مـرۆڤ دایـەو ئیمـڕۆ زانسـت سـەلماندویەتی كـە

---

[1] ) گۆڤاری زانكۆی كۆیە . ل ٢١ .

خـەياڵ وەك ماسـوولكەی لـەش مـرۆڤ بـە مەشـق كـردن و ڕاهێنـان دەتوانرێـت بـە هێزبكرێـت . وەڵێ دەزانـين كـە خـەون هيچـی لەگەڵـدا ناكرێت بۆيە دەبينين ئـەزموون و گەشـەكردنی خـەياڵی ئـەديب و زانـا كارامەو خاوەن بەرهەمە زۆرەكان فـراوانترو قـوولترو والآتـرە ، ئـەميش وای كردووە كە خەياڵ لەسەرووی ئەقلانيەت دێو خولقينـەری شـاكارو بەرهەم و داهێنانی مەزن بێت !

شاعير توانايەكی نائاسايی هەيە لە گۆڕينی ڕێڕەوی خـەياڵ ، لەخـەياڵی ڕووت و سـادەو خـاكی دا بـۆ زينـدە خـەونی خولقێنـەرو داهێنەرانـە ، تەنانــەت هێنــدێ جــار پريشــكی فەنتازيەتيشــی دەپــەڕێنێت ، واتــا بەرجەستە كردنی شتەكان لەديوی جيهانی ڕاستی و واقيعەوە ، جـا بـە هاوكـاری هـەر پێـنج هەسـتەوەرەكەی مـرۆڤ ، لـەڕووی سـايكۆلۆژييەوە لەبواری ئـەدەب و هونـەردا لايەنـە فەنتازييـە بێدارەكـە ( Fantasy ) زاڵە بەسەر فەنتازييە جيهانی بێئاگای ( phantasy ) .

جياوازييە سەرەكييەكەی نێوان ( زيندە خـەون ) و ( خەونـە خـەياڵ ) ئەوەيە يەكەميان پتر دەچێتە دنيای بێئاگايی و جۆرە نەشـئەو خۆشـی و مووچركێك بە خەون بين دەدات . هەرچی دووەميان ، چركە ساتێك دەگرێتــەوە ، كـە تێيـدا شـاعير بەئەنقەسـت و بـەنيازەو ئـەم خەونـە خەياڵە دروستدەكاو خۆی تێدا دەدۆزێتـەوە بـە مەبەسـتی خولقانـدنی بەرهـەمێك ، گەيانـدنی پـەيامێك ، دارشـتنی دەقێكـی تـازە بـاو يـان

نووسینەوەی مانفێستێکی تایبەتمەند ، کۆمەڵێ داب دەستووری خۆی هەیە لەزمان و ئاخاوتن و بونیات و تەکنیکی دەق نووسینەوە . (( خۆ لەلای مرۆڤە سەرەتایەکاندا خەون دەرکەوتەی دەست تێوەردانی ( خودا ) و ( شەیتاکانە ) ، کاری خەو هەر لەتواناو قودرەتی ئەو دوو زاتە دایە . ))[1] نابێ ئەوەش لەبیربکەین کەخەیاڵ ، وەك دیاردە دوو جۆرە :

١- خەیاڵی خۆویست : ( Voluntary Imagination )

لێرە مەبەستمان خەونە – خەیاڵە

٢- خەیاڵی خۆنەویست : ( inoluntary Imagination )

ئەو جۆرەیە کە ناکەوێتە ژێر ئیرادەی خەوبینەر . زانای ناسراو ( ئەنشتاین ) دەڵێ : (( خەیاڵ لە مەعریفەت گرینگترە ، مەعریفەت سنووردارەو خەیاڵ هەموو دنیا لە خۆدەگرێ . ))[2] وەڵێ بەبێ مەعریفەش خەیاڵ گەشەناکات و بێئاگا ، مەعریفەش بەخەیاڵ دەوڵەمەند دەبێ و دەچێتە قۆناغی داهێنانەوە ، تەنانەت ( Dan Shechtman ) ی جوولەکە لەڕێگای خەونە خەیاڵەوە خەڵاتی نۆبڵی لەرستەی کیمیا لەساڵی ( ١٩١١ ) بەدەست هێنا . بەڵام خەڵاتە نۆبڵەکەی خاتوو ( Niels Bohr ) لە ڕستەی فیزیا لەساڵی ( ١٩٢٢ )

---

(١) علی الوردی . ص ٣٧

(٢) wikipedia – org / imagination .

هــەر خــەونێکی بەراســتی بــوو ، کــە ڕاپــەری لەخەونەکــە کــردی بەبابــەتێکی زانسـتی بــە پشـت بەسـتن بـە زانسـتی خـەیاڵی زانسـتی و مەعریفەی ئەکادیمی . لەو چرکە ساتەی کە خـەون بـین ، لەخـەونێکی قـووڵ دایــە لــەناکاو ڕادەچـڵەکێ ، ئــەم ڕاچـڵەکانە پێــی دەگوترێـت ( Dream Bursts ) ، یەکســەر دەکەوێتــە تــۆڕی خەیاڵــەوە بـۆ نموونــە خوێنـدکارێك ، چاوەکانی بڕیوەتـە ئاسمـان و لـەو دیـوی پەنجەرەکـەوە وەك فارەمـانێکی سوپەرمان دەفـڕێ ، لـەناکاو کـە ڕادەپـەڕێ و دێتـەوە هـۆش یەکسـەر لـەناو پۆلەکـەدا فارەمـان ئاسـا هەڵدەسـتێتە سـەر پـاو وەڵامی مامۆستایەکەی دەداتەوە .

کەواتــە سەرچــاوەی سروشــی شــاعیر ، لــەکارێزێکی هێــزداری بــەدەر لەتوانای مرۆڤـی ئاسـاییەوە هـەڵ قـوڵاوە ، کۆلکـەی هاوبەشـیش لێـرەدا لەنێوان ( خەون ) و (خەیاڵ ) زمانی ڕەمزە چونکە لەخەون و خـەیاڵ زمـانی ئاسـایی لاڵ دەبـێ و لەگۆدەکـەوێ ناچـار بـەدوای زمـانێکی تـر دەگەڕێت ئـەویش زمـانی رەمـز و چـەفەنکە . ( لەتـەوەرێکی تـری ئـەم بابەتە دێتەوە سـەر زمـانی کۆدو رەمـزی خـەون ) ئـەم زمانـە — رەمـز ئــامێزە زۆر پێویســـتە بـــۆ کردنـــەوەی گرێیـــەکان و کەشـــفکردنی نهێنییەکان .

نموونەیەکی درەوشاوە و ئێسك سووکی ( خەونە خەیاڵ ) قەسیدەی ( بناری هەڵگورد )ی ( هێمن )ە – ١٩٢١ – ١٩٨٦ ) ، کە ( ٦٢ ) دێڕە شیعری جووت – سەروایە . لە سپێدکا شاعیر دەڵێ :

لەخەودا دیم لەسەر هەڵگورد

لەسەر چیای سەرکەشی کورد

ماندوو ، خەستە ، شەکەت ، کفت

لەسەر تەختێکی زێڕ کفت

لەبن لێفەی ئەتڵەسی سوور

لەسەر دۆشەگێکی ئەستوور

بۆ حەسانەوە درێژ ببووم

بە بۆنی گوڵان گێژ ببووم

کەو گرتبووی دەوروبەرم

غوڕڕە کەوبوو لەبن سەرم .[1]

دوا کۆپلەکانی قەسیدەکەش دەڵێ :

بەڵام هەڵگوردە و نانەوێ

بەڵام کوردە و مافی دەوێ

---

([1]) دیوانی هێمن . ل ١٠٧

هەزاری وەکو من بمریَ

دەست لەخەبات هەڵناگریَ

زۆر کەس وەك من نەمێنیَ

ئەو مافی ڕەوای دەستێنیَ .[1]

ئەم سێ کۆپلەی سەرەوە ، ( بیرۆکە The me ) ی قەسیدەکەیە ، دەست ڕەنگینی ( هێمن ) لێرە لەوە دایە لە ڕێگەی تەکنیکێکی شیعری پڕ هونەر پەیامەکەی دادەڕێژێتەوە بە دوور لەزمانی وتاربێژی ئاخاوتن ، ئەمەیش بەمەبەستی :

یەکەم : نمایشکردنی سروشتە شیرین و جوانەکەی بناری هەڵگورد کە – کۆد – ی نیشتمانی زێدی شاعیرە ، زمانە پاراوو شیرینەکەی پتر سیفەتی بەهەشتی بە تابلۆیەکە بەخشیووە .

دووەم : یاد نامەی ژیانی پڕ سەربووردەو مەرگەساتی خۆی لەڕێی ئەم قەسیدەیە دا تۆمار دەکا . ژانی دوورە وەتەنی و غوربەت و هەژاری و بێکەسی و دڵ پەشێوی و ماڵوێرانی هێندە پێوەدیارە – بەغدای – مەنفا – مەنزڵی لەنێو پەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە زیندووی هێشتۆتەوە تا هەتایە!

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو .ل ١١٢

سـێیەم : پرسـیارە ورووژێنەرەکـەی – کـە ئاڕاسـتەی خوێنـەرو مرۆڤایـەتی دەکـا – ئەوەیـە بـۆ دەبـێ شـاعیرێکی خـاوەن بەهشـتی هەلگورد لەکۆنە کەلاوەیەکی شاری بەغدای پڕ زوڵم و تـاوان ڕۆژانـی جوانی تەمەنی – دوور لەئازیزانی – بەسەربەرێ ؟!

ئـەو ڕەهەنـدەی ، سیمای شـاکاریی بـەم قەسـیدەیە بەخشـیووە بـەدەر لەزمان و دارشـتن و بونیـات و وێنـەی هونـەری و ئیسـتاتیکاو مۆسـیقاو ئـاواز ، بـە خـەون کردنـی – جیهانـە شـاراوەکەی شـاعیرە - لـەڕێگای خەیاڵێکی ناسکی پڕفانتازیای موچرکە بـەخش . مەحاڵـە شـاعیر بـەبێ خولقانـدنی ئـەم خەونـە – خەیاڵـە بتوانـێ بـەم هـەموو جـوان و هونەرییە بیرۆکەکانی تۆمارکات .

دوای گەشـتێکی شـاعیرانە لەگـەڵ ( ٣٩ ) کۆپلـە شـیعری مانابـەخش و جـوانی بـەخش کـە لـەئاسمانی خەونـە خـەیاڵی هـەلگورد دەسـوڕێتەوە شاعیر دەگاتە قۆناغی ڕاچلەکین ( Dream Burst ) و دەڵێ

لەپڕ لەو خەوە ڕاچەنیم

بەحاڵی زارم پێکەنیم

لەنێو ماڵێکی بێ ژن دا

لەبن لێفێکی چڵکن دا

لەسەر تەختێکی ڕەق وتەق

سەرتاپام شەلال لەئارەق

..............................

..............................

تازه کوا خەو دەمباتەوە ؟

هەستام وە بیرم هاتەوە

ئاوارەم و دووره وەتەن

بێتەل ماڵ و سەڵت و ڕەبەن [1]

بـڕوانن وەك برینـدارێكی لـە هـۆش خـۆ چـوو ، هێـواش هێـواش شـاعیر وەبەر خۆی دێتەوە بۆیە وێنـە هونەریـەكانی شـیعرەكە كـاڵ دەبنـەوەو زمانەكـەی ئـەو پـەڕی سـادەو نـەرمی نیشـاندەدا چـونكە خـەیاڵ دێ بڕەوێتــەوەو شــاعیر بگەڕێتــەوە دنیــای ژوورێكــی چــۆڵ و هــۆڵی كەلاوەیەكی گـەرەكێكی دەسـتە چـەپی شـاری بەغـدا ، لـەم قەسـیدەیەدا ئەم دوو خاڵە بە پێزەش دەبینرێت :

یەكـەم : جـوانی هـەلگورد ، وەك هـێمن نمایشـی كـردووە زۆر زەحمەتـە بەبێ بوونی خەونە – خەیاڵ بەكەس بكرێ .

دووەم : زمانی شیعرەكە ، كە زمانی خەیاڵ ئامێزە بۆتە بەشێك لـەدەق و لـەڕۆحی دەقەكـە ، وشـەكان وەك چـۆلەكەو پەپوولـەی زینـدوو لـە بەرچاوان هەڵدەفڕن . پشكۆ نەجمـەدین دەڵـێ (( زمـان ناكرێـت تـەنها

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو . ل ١١١

وەكـو ئـامرازی گەیانـدن لێـی بروانرێـت و بگـرە دەشـێت خـودی رووداوبێـت لـە دەقـدا ، دەتوانێـت لـە زەینـی خوێنـەر دا جۆرێـك لـە تێكەڵبوون و هاوبەشییەكی سۆفیانە بخولقێنێت . ))[1]

چونكە ئاسۆی خـەیاڵ فـراوان و بێسنووره و ئـەزموونی كەڵەكـەبووی پێشـووی نووسـەر ، هێنـدەی تـر دەروازەكـان دەكاتـەوەو سـنوورەكان تێدەپـەڕێنێ ، هـەر لەسـایەی ئـەو گەشـەكردنەی خەیاڵـە لـە گەنجینەیـەكی ساكاری ئەفسانە و فۆلكلۆروئـەدەبی میللی سـەرەتاییەو گەیشتووینەتە ئـەو ئەساتە بـەرزی ئیمـڕۆ كـە لـە تیزافـاتی تـازە بـاو داهێنـانی بلیمەتانـە . نهێنـی كارەكـەش لەوەدایـە كـە نووسـەر و ئەدیبەكان زوو دركیان بەوە كردووە كە خەیاڵ و خەون جیهانێكی زۆر واڵاتریان لە جیهانی بەئاگای ئاسایی مرۆڤـەكان هەیـە . دەگمـەن دەقـی شـانۆگەرییەكی بلیمـەتێكی وەكـو ( Shakespear 1616 – 1564 ) دەخوێنێتـەوە بـاڵا پۆشـنەكرابێ بەزینـدە خـەون و خەونـە خـەیاڵ و خەیاڵ ، سروشی داڕشتن و خولقاندنی لە ڕێی ئەوانە بۆ نەهاتبێ .

بێگومـان ئـەوەی دەرحـەق بـە نووسـەر و شـاعیرە مەزنـەكانی بیـانی دەگوترێت لەم بوارەدا پشكی نووسەرو شاعیرانی كوردیشی بەردەكـەوێ ، ئەوەتا ( عەبدوڵڵا پەشێو ) لە قەسیدەی ( لەروخساری شیعر گـەڕێن

---

([1]) لەسێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا . پشكۆ نەجمەدین .ل ٤٩

))[1] کە لەساڵی ( ١٩٩٤ ) لە نێوان ( هەولێر و مۆسکۆ ) دا گوتویەتی پەنای بۆ خەونە – خەیاڵ بردووە بۆ دارشتنەوەی بیرۆکەی قەسیدەکەی . ئەو مەبەستییەتی لەم بەرهەمەیدا ، هێندە ( رەمز )ەکانی ڕەزا قورس و ناشیرین و گەندەڵ بکات ، پەیامگر تووشی شۆك و ڕاچڵەکین بکات . ئەمەیەش پێویستی بە زمانێکی سەربەخۆی شیعریی ئاخینراو بە خەونە خەیاڵ هەیە تا ( رەمز )ەکان زۆر پیستی لە ( سفلس و ئایدز ) بکات .

شاعیر لەسەرەتای (١٩٩٤ )پێشبینی شەڕێکی ناوەخۆی بێ ماناو دۆڕاو مایە پووچ لە کوردستانی باشووردا دەکا ، خوێنە دەخاتە ئەستۆی بەرپرسە شەرخوازە بەرژەوەند پەرستە کورتبینەکانی کورد ، ئەوانەی کە سەردەمانێکی دوورو درێژبوو تاکی کورد وەك مەسیح و فریاد رەسی نەتەوەو دواڕۆژ ڕێزیان لێدەگرتن . شاعیر ( ئاهرو مەزدە – گۆڕهەڵکەنە – کەمتیار ) لەجیهانی خەون – ئامێزی پەشۆکاودا ئاوێتەی خەیاڵی شاعیرانە دەکاو شاکارەکەی دادەهێنێ . قەسیدەکە ( ٣٠ ) کۆپلە شیعری سەروا دارە بەئاوازی ( ١٠٠٠٠ری کورد ) . دابەشکراوە بۆ ( ٥ )قامت ( Stanza ) . لەسەرەتای قامتی یەکەم دەبێژی :

---

([1]) دیوانی هەسپم . عەبدوڵلا پەشێو . ل ٤٤٢ .

له ڕوخساری شیعر گەڕێن خەمخواری کورد نا کرێت و نا شیرین بێ روخساری کورد لەکۆپلەی سێیەمیشدا دەڵێ :

زارم شیعری پێا نابێ ، له هەژمەتی

ورگ و قەڵەم چاو شۆڕانی دەربارەی کورد

جا له قامتی دووەمی قەسیدەکه دا ، ناچار که دەزانێ : ( زاری شیعری پێدا نایی ) دەکەوێتە پەلە قاژەو دەیەوێکولانکەیەك بدۆزێتەوە بورکانە پەنگخواردووەکەی دەروونی لێوە دەرهاوێژیتە دەرەوە ، هەم خۆی ئاسوودە بکاو هەم ئەوانیش بە پریشکه ساخمەو پشکۆی ئاگرینی داغبکات و بسووتێنێ ، ئەوەتا دەست لەم خەونە خەیاڵە گیر دەکا و ئەمەی بۆ دێ :

خەونێکم دی :

لەو خەوەدا ئاهرومەزدە گەڕابۆوە

نیشتمانی کەڤتاری کورد

هەوری ئاسمان لالۆیاڵ بوو

لەبەر زرمەی گەڕی شایی و

هاتوهەوی شاسواری کورد

بەیانیان ئاوێزانی گزنگ دەبووم

تێمدەچریکاند بۆ خاك ، ئالا ، ئاکاری کورد

دوای حەوت کۆپله شیعری تر دەخوێنێ و دەڵێ :

لەو خەودا هاوارم کرد : ( خەونە ) مەڕۆ !

لەخەویشدا خزا نەهاتە هاواری کورد

کاتێ هەستام ، چ ببینم ؟ تەراتێنە !

تەراتێنی گۆڕهەڵکەنەو کەمتیاری کورد .

ئەم چرکەساتەی ، لێرەدا ، ئەلقەی نارنجۆکەکەی دەستی دەترازێنێ و ئەو دەنگدانەوە دروست دەکات ، گەیشتنە بەلوتکەی ( Dream Burst ) – کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد - ، راچڵەکین لەخەونی خۆشداو گەڕانەوە نێو واقیعی دنیا تفت و تاڵەکەی کوردستان !

ئاشکرایە ، لە سەرەتای قامتی سێیەمدا شاعیر چەند کلۆڵ و هەژارو بەستەزمانانە دەدوێ ، کە دەبینێ خەونە خەیاڵەکەی کۆتایی دێت و دەگەڕێتەوە شەڕگەی وڵاتە خوێناویەکەی دەحەپەسێ و نیشانەی پرسێکی گەورە لە مێشکماندا دەچەقێنێ :

نەکرمم بچمە ژێر زەوی

نەباڵدارم بچمە ئاسمان

ئەدی چیکەم – کردگاری کورد ؟

لەم شیکارە سادەیەی قەسیدەکەی ( پەشێو ) تێدەگەین کە :

یەکەم : شاعیر نیو چرکەش خەونی نەدیووە ، ئەوە زیرەکی و بلیمەتی خۆیەتی ، سەرکەوتووانە ئەم چرکە ساتی خەونە خەیاڵەی خولقاندوە .

دووەم : وەستایانە وەك پیشەوەرێکی بەتوانای کاری شیعر چەندین کۆدو رەمزی دنیای خەونی ئاخنیوەتە ناو دەقی قەسیدەکە و گوژمەیەك واتاو ڕاڤەی خەون ئامێز دەڕژێنە چاوی پەیامگر وەك :

بینینی ئاهرومەزدەی - کوردان
بیستن زرمەی گەڕی شایی – شاسواران
کردار ئاوێزان بوونی گزنگ – شاعیر
خوێندنی تێچریکاندن خاك و ئاڵا
وەفادری گوڵڕێژکردنی ڕێی ژووان – کوڕگەل و کیژوکاڵ
ڕاپەڕین ڕاونانی لۆتییەکەی بەغدا – ڕژێمی بەعس
مووژدە بۆ بێرکۆت و بێشەو چەم و کێڵگە و بەیارو ئاسمان و زەوی و ئەستێرە و مانگ و هاوین و پایز و زستان و بەهار و ماچ و ئاوی ژنەو کانی و دۆی کوندەڵان و خەوی بن سابات و چوونە ژووان و خاك و خۆڵی بۆندار بۆ شاعیر پەیامگرو دووبارە کردنەوەی وشەی ( تەڕاتێن ) ، لەدوا کۆپلەی ئەم قامتەدا ، ختووکەیەکی خۆش دەبەخشێتە شاعیرو دڵی پەیامگریش دەگرێ . قرمژنی دەستەڕێژی کلاشنکۆف و بیکەیسییەکانی سەریان و قولغ و کۆلان و گۆڕەپانەکان ، ئەو لە بەهەشتی – ئاهرومەزدا – دەرێنن و فڕێیدەدەنە سەر بەرماڵی خاڵی سفر . خاڵی تف لەخۆکردن و نەفرەتکردنی خوداکان ! {

تەراتێن : تەرات : رمبازی ، هاتوچۆکردنی ئەسپ لەمەیدانی ڕمبازی ئەسپ . }[1]

## چوارەم

## دارشتنەوەی ( خەون ) لەدەقی شیعردا

بەدرێژایی مێژووی ئەدەب خەون وەکو ( بیرۆکەو چەمك و دیاردە ) کە ڕستەیەکی بەپێزی هەم ڕستەو رازەکانی ئەدەب بووە ، تەنانەت پەلی بۆ زۆر بواری زانستیش بردووە . ئەوەی ئێمە حەیران و سەرسام کردووە ئەوەیە کە نازانین ئەم خەونانەی لەو هەموو بەرهەمە ئەدەبییە هەمە ڕەنگانەدا باسیان لێوەکراوە چەندیان خەونی واقیعین و بەراستی ئەدیب و نووسەر خەونی پێوە دیون ڕێزبەندی ئەو ناوانەی لەبەر دەستمان دایە ، کە دڵنیاین خەونی بەراستی ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمەکەدا هەیە کورت و کەمە ، هەر بۆ نموونە وەك ئەم داهێنەرو ئەدیب و زانایانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| لەبواری فەلسەفە | Thomas Jefferson and John Adams |
| لەسەردەمی لاویەتی | Albent Einsteir |
| دۆزینەوەی ئەلەکتریك | Thomas Edisor |

---

(1) فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە . ل١٦٠

| | |
|---|---|
| نەوت دۆزینەوە لە وڵاتی کوێت | Colonel Harold Dickson |
| دەرزی مەکینەی جل دروین | Elins Howe Banting |
| ئەنسۆلین . خەڵاتی نۆبل | Dr . Frederick |
| دەرمان – خەڵاتی نۆبل | Gtto Loewi |
| قەسیدەی | Mary Shelley / ( Frankenstein ) |
| پارچە مۆسیقا | Bob Pylar |
| گۆرانی | Paul Mc Cartney |
| فلیمی | James Cameron / Avatar |

ئەو خەونەی کە ئەدیب و شاعیر و داهێنەرێك بەراستی دەیبینن و دوای دەبێتە کەرستە و هەوێنی داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی یان زانستی پێی دەگوترێت : ( A Dream Visio ) لەکاری ئەدەبیدا ئەم دیاردەیە بەسێ شێوە خۆی لە بەرهەماکانیدا دەنوێنێ :-

جۆری یەکەم : نووسەر یان شاعیر کت ومت ئەو خەونەی کە بینیویەتی لە دەقێکی ئەدەبیدا دایدەڕێژێتەوەو بەرهەمێکی ئەدەبی لێ دروست دەکا .

جۆری دووەم : نووسەر یان شاعیر هێندێ گۆڕانکاری لە ڕەمزو کەرستەو رووداوی خەونەکەدا دەکا و بەشێوەیەکی هونەری لەگەڵ بیرۆکە و ئەزموونی خۆیدا تێکەڵی دەکا .

جۆری سێیەم : بەکارهێنەری خەون هێندە وەستایانە خەونەکە تێکەڵ بە بەرهەمە ئەدەبییەکەی خۆی دەکات کە تەواو سیما و ڕوخسارەکانی دەتوێنێتــەوەو وا لەپــەیامگر دەکــات نــەتوانێ بەئاســانی نــاوەڕۆکی بەرهەمەکەو دیمەنی خەونەکە لێك جیابکاتەوە .

لەهەرســێ حاڵەتەکــەش دا تاکــە سەرچــاوە بــۆ پشــت ڕاســتکردنەوەی ڕوودانــی خەونەکــە ، شــاعیر یــان نووســەر خۆیــەتی ئــەگینا زەحمەتــە ڕەخنەگر یان خوێنەر بتوانــێ بەئاســانی ڕوودان و ڕونــەدانی خەونەکــە بسەلمێنێ . وا چەند نموونەیەك لەم جۆرە خەونە دەخەمــە بــەر دیــدی خوێنەر :

( شێرکۆ بێکەس ٢٠١٣ - ١٩٤٠ ) ، لەقەسیدەی ( کۆچ ) دا دەڵێ :

خەونەکانم ئەی پەری خان خەونەکانم

لە خەویشما هەموو شەوێ !

بە هەردوو دەست خێرا خێرا

هەر سەری تاڵە مووی ڕەشە و ئەیانگرم

بەناو دەمما لەقوڕگمەوە کێشیان دەکەم

کێشیان ئەکەم . بەڵام ئەو سەریان دیار نییە

نایەن گەمێ

ئەپچڕێن و دیسانەوە دەست پێئەکەم

تەواو نابن ، ئەپچڕێن و دەریان دێنم
ئەپچرین و کێشیان ئەکەم
ئەو سەری تاڵە موو وونە نایانگەمێ .[1]

( شێرکۆ بێکەس ) لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بەندە دا لەساڵی ( ١٩٨٦ ) کە هێندی کۆپلەی ئەم قەسیدە درێژەی بۆ خوێندمەوە ،
کە گەیشتە ئەم دێرانەی سەرەوە بەزاری خۆی گوتی (( ئەمە دەقی ئەو خەونە بوو کەشەوی پێشتر بینی بووم و لەم بەشەی قەسیدەکەدا تەوزیفم کردوەو هیچ گۆڕانکارییەکم لە خەونەکەدا نەکردوە . )) بۆ شیتەڵکردنی ئەم بەشەی قەسیدەکە دەڵێین : ئەم شاکارە کە نۆبەری قەسیدەی درێژی ( شێرکۆ بێکەسە ) لەساڵی ( ١٩٧٥ ) دا نووسی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لەئەنجامی پلانێکی نێو دەوڵەتی نێوان ( ڕژێمی بەغدا و ڕژێمی تاران ) کە لەشاری ( جەزائیر ) بەرێوەچوو . ئەم پلانە بەگەورەترین کارەساتی مێژووی شۆرش و نەتەوەی کورد ئەژمار دەکرێت لەو سەردەمەدا . شاعیریش وەك بەشێك لەنەتەوەو وەك پێشمەرگەیەکی ڕیزی شۆڕشەکەش کەوتە ژێر کاردانەوەی نائومێدی و ئەژنۆ شکان . لەبارو دۆخێکی ڕەش و تاریك و خەمۆکی و

---

[1] ) دیوانی شێرکۆ بێکەس ، بەرگی یەکەم . ل ٦٢١

پەشۆکاو و لێڵ و نادیاردا شاعیر بە یەکی لە شاکارە مەزنەکانی ئەم کارەساتەی بە زمانی شیعری خۆی ئەرشیف کرد . قەسیدەی ( کۆچ ) تۆمارگەی قۆناغێکی پڕ میحنەت و شکستی و دابڕان و داروخانی کوردانە لەچوارچێوەی بەرهەمێکی ئەدەبی بالاّ دا کە ڕەخنەگری بەتوانا ئەیگەێنێتە ڕێزی شاکارە بەناوبانگەکانی دنیا . زۆربەی بۆ چوون و تیۆرییەکانی ( S. Freud ) دەربارەی خەون لەم قەسیدەیەدا بەسەر دڵ و دەروون و ڕۆحی زیندەگی ( شێرکۆ بێکەس ) گوزەریان کردووە . خەونە ڕاستەقینەکەی ئەو ، ڕەنگدانەوەو دووبارە بوونەوەی واقیعە ژهراوی و بۆ گەنەکەی ئەو سەردەمەبوون . هەموو هەست و موعانات و ژان و مەراقی ئەو لەخەونی شەوانەدا ڕایچڵەکاندوەو نەیهێشتووە لەساتە بێئاگایەکانیشدا . بۆ چرکەساتێ تامی ئارامی و هێمنی بچێژی .

گەر ڕەمزو کۆدەکانی ئەو خەونە لێکدەینەوە هەرچەند باوڕت بەخەونیش نەبێ و بیخەیتە خانەی خورفاتەوە ، دەبینی ڕاستیەکی زۆری لە خۆگرتووە . بینینی ( موو ) لەخەودا لەکەلتووری ڕاڤەکردنی خەون لەلای هەموو نەتەوەکان نیشانەی خەم و کۆسپ و نەهامەتییە جا ئەوکات چ نەهامەتێك و چ مەرگەساتێك هەبووە لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مەزن ترو جەرگبڕتر بووبێ . ( درێژی ئەو تاڵە موانە و کۆتایی نەهاتنیان لەهاتنە دەرەوە لەنێو زاری شاعیر ) رەمزی

بــەردەوامی خـــەم و کێشـــەو کارەســاتەکانی کــوردە بــۆ وانـــەبوو ؟ ڕووداوەکـانی دوای ئـەم نسکۆیە وەك تاڵـە مووکـەی نـاو زاری ( شـێرکۆ بێکـەس ) درێـژو بـەردەوام بـوو ، بەهـەزاران هـەزار لەسـێدارە دران و ئاوارە بوون و ژەهرباران کـران و لەبیابانەکانـدا ئـەنفال کـران ، تـا ئـەم دەقیقەیـەش ئــەم خــەم و پەژارەیــە لــەزۆر مــاڵ و گۆشــە و گــەڕەکی شارەکانی کوردستان بەردەوامە وبوونی هەیە .

× × ×

×

بەدڵنیایـەوە ، گەنجینـەی شـیعری کـوردی نموونـەی خـەونی زینـدووی تێدایە بەڵام لەبەر بە پەراوێز نەکردنیان لە دیوانەکانـدا دۆزینـەوەیان کارێکی ئاسان نییە .

دکتۆر ( هاوژین سلێوە - ١٧٩ )

لە قەسیدەی ( خەون ) دا کەلەم کۆمەڵە شیعری ( مۆسـیقای نـامۆیی ) دا هـاتووە دەسـت ڕەنگینانــە خــەونێکی خـۆی لەقەسـیدەیەکی ئێسـك سووکدا دارشتۆتەوە . ئەو لە پەراوێزی قەسیدەکە دەنووسی : (( ئەمـە خەونێکی ڕاستەقینەی خۆمە ، شـەوی ٢٧ / ١ / ٢٠١٣ کاتـژمێری چوارو

نیوی شەو بینیم و لێکدانەوەی بۆ خەونەکە کردوو هەر بەم شەوە بە شیعر نووسیمەوە . ))[1]

قەسیدەکە پێنج قاشەو ، لەسەرەتادا دەڵێ :

لەخەونم دا بەتەنهایی
بەنێو شیوە ڕێکی قوڵدا دەڕۆیشتم
چوار کانیم دەبینی :
کانی یەکەم شیری لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی مانگا .
کانی دووەم ئاگری لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی شۆڕش
کانی سێیەم نەوتی لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی ئەمریکا
کانی چوارەم خوێنی لەبەر دەڕۆیی
ناوم لێنا کانی کوردستان

دیسان لێرەشدا بەئاشکرا بۆ چوونەکەی ( S. Freud ) دەربارەی هۆکاری خەون بینین لە چۆنییەتی ڕوودانی ئەم خەونەی دکتۆر ( هاوژین سلێوە ) دا خۆی دەسەپێنێ . چوون دڵ و مێشکی شاعیر لەم

---

(1) مۆسیقای نامۆی . د.هاوژین سلێوە . ل ؟

سەردەمەدا هەر بە نەوت و هەڵکوشینی هێزی ئەمریکاو خوێنی بەربووی جەستەی کوردستان و منداڵی برسی بێ شیرو نان و دەرمان مەشغول و سەرقاڵ و پەشێوە ، یەکسەر لە خەونەکەیدا هەموو سیماکانی ئەم پەشێویە دووبارە خۆیان نیشانداوەتەوە .

لێرەدا وا تەنیا ئەو دیوەی قەسیدەکە کە پەیوەستە بەخەن و ئەدەب شیدەکەینەوە . شاعیر بەزمانێکی شیرین و سادە کات و شوێنی رووداوەکە خەونەکە — دەست نیشان دەکات بەمەش سێ کوچکەی شانۆ ( کات + شوێن + کرۆکی بابەت ) لەقەسیدەکەیدا کۆ دەکاتەوەو بەرگێکی ئەدەبی شانۆگەری لەبەردەکا ، لێرەدا دایەلۆگەکی شاراوە هەیە خوێنەر لەنێوان دێرەکاندا هەست بەبیستنی دەکات . دیتنی ئەم چوار کانیە لەخەودا یەکسەر یادو زاکیرەمان بۆ حیکایەتەکانی بەرئاگردان دەباتەوە ، کە زۆر جار باسی چوار دێو و چوار کانی و چوار سوارەو چوار ... دەکرێ . ئەمەش بۆن و بەرامەیەکی فۆلکلۆری ناراستەوخۆیانە بە قەسیدەکە دەبەخشێ .

ئێستا ڕۆڵی خەیاڵ و کاریگەری دەسەڵاتی شیعری شاعیر دێتە بەر باس و قسە . بێگومان ئەم قەسیدەیە خەون نییە ، ئەوە خەونە لە بۆتەی قەسیدەدا دارێژراوەتەوە ، واتا شاعیر بە بەهرەو شارەزای ئەزموونی ئەدەبی خۆی ڕەگەزو ئەلیمینتەکانی شیعر تەوزیفکردو لە ئاوازو کێش ، تۆبۆگراف ، خەیاڵ — وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا — زمانی

سەربەخۆی خۆی نییە ، شاعیر کۆدەکانی خەونەکە لەگەڵ واقیع و خەیاڵ ئاوێتە دەکاو پەراوێزێکی ڕاڤە ئامێزیشیان دەداتێ ، بڕوانە ئەم لێك هەڵوەشاندنەوەی کۆدەکان :

شیر کانیاوی مانگا

ئاگر کانیاوی شۆڕش

نەوت کانیاوی ئەمریکا

خوێن کانیاوی کوردستان

قەسیدەکە ، بەسایەیی ئەم کۆدانەکە دیاری خەونەکەنە ، بۆن و بەرامەیەکی کوردەواری وەرگرتووە . چۆن ؟ گەر شاعیر کەسێکی فەرەنساوی بوایە لە ( پاریس ) ژیا بوایە وەك نموونە ، دوور نەبوو کۆدەکان بکاتە ( هەنگوین و ماچ و خۆشەیستی و گۆرانی و سەما ... ) بەڵام چونکە هەست و هۆشی شاعیر ئاوێتەی ژینگەکەی کوردستانە بە ( جوانی و ناشیرنیەوە ، بەپیرۆزی و گەندەڵیەوە ) . خەونەکەی دەبێ قەسیدەیەکی ئاوا وەبەربێنێ ! [1]

---

([1]) بەڕاستی پەراوێز زۆر جار بۆ قەسیدە پێویستە ، کاتێ دەبێتە کلیل و دەلیلی خوێنەرو ڕەخنەگر ، وای بەباش دەزانم کە شاعیران ڕەچاوی ئەم خاڵەبکەن لەچاپکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان تا زۆر شت بە نهێنی و چەفەنگ و لوغز نەمێنێتەوە و شاعیریش مەعزور نەبێ ، کاتێ دەکەوێتە بەر چەقۆو قەڵەمی ڕەخنەگران . گەر ( هاوژین سلێوە ) ئەم خەونەی خۆی بەپەراوێز نەکردبا زەحمەت بوو ڕەخنەگر بتوانێ وا بە ئاسانی بگاتە ئەم ڕاستییە . ))

## پێنجەم

## ( خەون ) لەشیعری سوریالیزمی کوردیدا .

هـەر چـەندە ئیمـڕۆ نزیکـەی سـەدەیەك بەسـەر سـەرهەڵدانی ڕێبازی یان قوتابخانـەی ( سـوریالیزم - Srrealism ) تێدەپـەڕی وەلێ تـا ئێسـتا کتێبخانـەی کـوردی دۆسـیە یـان فەرهـەنگێکی تێـرو تەسـەل و ئـەکادیمی تـەواو تـەکمیلی نییـە کـە تینوویـەتی موریـد و هـەوادار و خوێنـەرانی ئـەم ڕێبـازە ئـەدەبی و هونەریـە بشـکێنێ ! دەگـوترێ سوریالیزم وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونـەری پـاش کۆتـایی هـاتنی شەڕی یەکەمی جیهان ( ١٩١٤ — ١٩١٨ ) واتا دوای سـەرهەڵدانی ڕێبـازی ( دادایـزم — Dadaism ) لەفەرەنسـا هاتـە ئـارا ، دژ بەهـەموو لوژیـك و شـێوە ڕێکوپێکـەکانی ئـەدەبی و هونــەری و ئـەخلاقی و کۆمەلایـەتی ئەوکات .[١] دوای ساڵانی ( ١٩٧٠ ) ، لەڕێگای ئەدەبی عارەبییەوە لەسـەر دەستی نوخبەیەك لەشاعیرە گەنجەکانی پەڕیـەوە نێـو شـیعرو ئـەدەبی کوردی . دواتریش لە دەیەی هەشتاکاندا پتر برەویـان بـەم ڕێبـازەدا .[٢] لـەم ڕۆژە ئـەم ڕێبـازە ئەدەبییـە پـەلی هاویشـتۆتە نێـو ئـەدەبی کـوردی

---

(١) سوریالیزم . حەمە مەنتك ل . ١٢٢

(٢) سەرچاوەی پێشوو . ل١٢٥

بەتایبەتی شیعر دەتوانم بڵێم توشی گرفتێکی درێژخایەنی چەق بەستوو بووە من ناوم لێناوە (( گرفتی ترس لە سوریالیزم یان فۆبیای سوریالیزم Surrealism Phobia ) ڕەنگ بۆ ئەم ترسەی زۆرینەی خوێنەری کورد لەم ڕێبازە لە دوو ڕەهەندەو سەرچاوەی گرتبێ :

یەکەم : رەمزی موتلەقی ئەم ڕێبازە لە لایەن دەستە جەمێعکی بەرچاوی ڕەخنەگرو توێژەرو خوێنەری ئاسایی بەپاساوی سنوور بەزاندنی بۆ حەددی ئەم ڕێبازە لەتێکشکانی زمان و روخاندنی بەهاکان و وێران کردنی هزرو خەیاڵ و ئیفلیج کردنی واقیع و بە ناماقوڵکردنی شتە ماقوڵەکان ، بەبێ بەخشینی بەرهەمێکی داهێنەرانەی گۆڕانخوازی زیندوو . کار گەیشتۆتە ئەوە هێندکیان هەر بە زمانە بازاڕییەکەی خۆمان پێناسەی دەکات و ناوی دەنێن ( قسەی قۆڕ ) ، هەشە خوازیاری ئەوە دەخوازێ دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووایە هەموو تۆمارگەکانی سوریالیزمی فڕێدا بوایە ناو دەریا . بەلای ئەوانە (( ئەو ڕێبازە هێلکەیەکی پیس بوو ، هەر دوای کۆچکردنی پێشڕەوەکەی

( Andre BRETON 1896 – 1966 ) وەك بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو کۆتایی پێهات . ))[1]

---

([1]) سوریالیزم . حەمە مەنتك . ل٤٩

دووەم : بەرەی دووەم لەخوێنەرو ڕەخنەگران کە دژ بەبەرەی یەکەم ، هێندە عاشق و شەیدا و شێتی ئەم ڕێبازە بوون زۆر ( توند ڕەوانە ) بەدەر لە بەها ئەخلاقیەکانەوە یان هێرش دەکەن یان مەدح و ستایشی بێئەندازەی شاعیر و ئەدیب و هەوادارەکانی سەربەم ڕێبازە دەکەن ، جا چونکە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان بنەمای ئەکادیمی و ڕەخنەگەری پرۆفیشناڵ یان نیە ، کاردانەوەی لەسەر خودی ڕێبازەکە پەیدا کردووەو خوێنەر دەڕەوێنێتەوە چونکە وتارو پێداهەڵگوتن بەبێ پشت بەستن بە بنەمای زانستی و ئەکادیمی توانای ئیقناع کردن و خۆ چەسپاندنی زۆر کەمە تا لەنێوان ئەم دوو بەرداشەدا ڕێبازیسوریالیزم و قەڵەمدارەکانی بوون بە قوربانی و خەفەکردنی بەرهەمەکانیان .

(( ڕاستە ، سوریالیزم شۆڕشێکی ئەدەبی و هونەری و فیکری بوو بەسەر هەر شتێکی باوی سەردەم ، بە توندی ئەقڵ و لۆژیکیان ڕەتدەکردەوە ، پێچەوانەی لۆژیك دەجولانەوە ، ( نەست ) یان بەیەکێ لەبنەما گرینگەکانی خۆیان دەزانی و تەواو پشتیان پێدەبەست ، شتی سەیریان دادەهێناو بانگیشتنیان دەکرد بۆ ئەوەی بکرێن بەواقیع . ))[1] ئەو گرێیەی سەر ئێشەکەی دروست کردوە ئەوەیە ئەوان ( نەست ) یان کردۆتە داینەمۆی داهێنانی بەرهەمەکانیان کە زۆربەیان

---

(1) سەرچاوەی پێشوو . ل ١٢٤

دەچنەخانەی – نارێکی و ناماقوولیـەوە – وەلێ بەداخـەوە ئـەو دیـوەی کـە زۆر لـە ڕەخنـەگرو توێـژەرەکان لێـی بێئاگـان ئەوەیـە ، کـە نابـێ هـەموو – نارێـك و ناماقوولییـەك – فرێبدرێتـە سـەبەتەی زبـڵ و خاشاکەوە . (( فلیمسازی ئینگلیـزی ( Peter Greenaway 1942 - ) دەڵـێ : (( هـەموو چـالاکییەکی هونـەری بـەو نیـازەوە کـار دەکـات ڕێکخستنێك بخاتە نێو فەوزاو نارێکییـەوە ، ئەمەیـەش ناکۆکە لەگەڵ بۆ چوونێکی ( Abert Einstein ) دا کاتێك دەربـارەی بلیمـەتی دەڵێت : بلیمـەتی کـەمجار ڕێکوپێکـە ، ڕێکـوپێکیش کـەمجار بلیمەتانەیـە ، یـان ئـەوەی دەڵێـت : تـەنیا گەمـژەکان پێویسـتیان بـە ڕێکوپێکییـە ، بلیمەتـەکان ئەوانـەن کـە هێزیـان بەسـەر نارێکیـدا دەشکێت . ))[١] بـۆ سەیرکردنی بەرهەمی ئەدەبی سوریالیزم پێویستە ڕەخنـەگر هـەردوو دیووی ( پۆزەتیف و نێگەتیڤی ) وەك هەموو بابەت و ڕستەکانی تـر – وەرگریت . هەر لەم بارەیـەوە بـەختیار عـەلی درێـژە بـە بۆچـوونەکەی داەدا و دەڵـێ : (( ئیمـڕۆ سـەلمێنراوە کـە نـارێکی هـەر دوو فـەزای پـۆزەتیف لێـرەدا بریتـی نییـە لەخواسـتێکی شـەیتانی بـۆ کاولکـاری ، بەڵکوبریتییە لە خواستێکی توند بۆ دۆزینەوەی دەرگایەك لەو قالبانـە دەرمان بکات کە عەقل و تێروانینمان تێدا دیل بووە . ))[٢]

---

(١) بەختیار عەلی : www. Awene . com / opinion /18 /12 2012 17568

(٢) بەختیار عەلی : / www.dengekan.info /dengekan / 6 / 15680 .htm

دۆزینەوەی ، دەرگایەك یان پەنجەرەیەك بۆ دەرچوون و دەرباز كردنی ( عەقل و تێڕوانین ) مان لەم قاڵبە قوفڵدراوانەدا پێویستی بە ئامرازو وەسیلەیە كە بەلای سوریالیستەكانەوە ( جیهانی نەستە ( Unconcious World ) خۆشترین و ڕازاوەترین باخی ( نەست )یش هەرێمی ( خەون و شێتایەتییە ) . (( خەون یەكێكە لەو بنەما سەرەكییانەی كە سوریالییەكان – سوریالیستەكان . ف . ش – تەواو پشتیان پێدەبەستن ، چونكە ئەوان هەموو سنوور دانانێك و لە قاڵبدانێك ڕەتدەكەنەوە . جیهانی خەون تەواو ئازادە ، ئازادییەكی ڕەهای تێدایە .))(1)

ئێستا پرسیارێك ، یاخەمان دەگرێ ، بۆچی خەون لەسەر دەستی ڕێبازی سوریالیزمی بۆتە ماددەی داهێنانی ئەدەبی ئەوان ، ئەدی لەوەتەی مرۆڤ هەیە ، خەون وەك سێبەر هەمیشە دوانەی ئەو نەبووە ؟

گوتمان ، ژیان خۆی لەخۆیدا خەونە ، چەندەها تەلەسمی سوریالیزمی لەنێو دوو توێ ی ژیانی رۆژانەی مرۆڤەكان بوون و ڕەنگدانەوەیان هەیە ، كام شاعیر هەیە بەرهەمەكانی شیعری بەدەربێ لە سوریالیزم و كەم تا زۆر جێ پەنجەی دیار نەبێ ؟ خۆ شیعری كلاسیكی كوردی چەندین گەوهەریی سوریالیزمی نازداری تێدایە و لە ڕێگای

---

(1) سوریالیزم . حەمە مەنتك .ل ١٢٨

خەونیشـــەوە ئارایشـــت و نمایشـــکراون . خـــودی قەســـیدەکەی ( نالی ) (( مەستووره خانم )) نموونەیـەکی جوانی ئـەم گوتارەیـە . (( دەبیـــنین شـــاعیر لـــەرێگای خەونـــەوە زۆر ســـوریالییانه قـــالبی چەقبەستووی ئـایین و کۆمەلگـە تێـك دەشـکێنێ و پـاش پرۆسـەیەکی رۆحـی و جەسـتەیی وایـان بـۆ دەکـات کـە لـەو سـەردەمە ، لـەرووی ئـەخلاقی و کۆمەلایەتییـەو تـا ئـەو پـەری قەدەغـە ، قەدەغـەکرابوو . ))[1] بۆ وەلامی ئەم پرسیاره دەلێین : خودی رێبازی سوریالیزم گـەران و دۆزینەوەی جیهانێکە کە لە جیهانی واقیع نەچێ ، کەواتەئـەوان دەبـێ خـەون ببیـنن بـۆ وە دەسـت هێنـانی ئـەو جیهانـە دەسـتکردەی لـە ئەندێشـەو هـزری ئەوانـدا و جـودی هەیـە . ئـەوان هەمیشـە کۆیلـەی هـەژاری بەردەسـتی خـەون و ئەفسـانە و خـەیال و رۆحـن ، جـا ئـەو جیهانەی ئەوان ، هێندە پر سیحرو موعجیزەو عاجباتییـە – لەدیـدی موریدەکانییەوە – کە هەرگیز زمانی ئاسایی خەلکی تواناى دەربرین و وەسفکردنی ئەو جیهانـە رۆحییـە نییـە ، بۆیـە ئـەوان لـەرێی زمـانێکی تایبەتمەنـدی خۆیانـەوە، کـە ئێمـەمانان کـەمتر ئاشـنای کـۆدو رەمـزو مەجازەکانی ئەو زمانەین – دەقە شیعرو ئەدەبییەکانیان دادەرێژنـەوە . ئـەوان باوەریـان بـە ( زمـانی تێکشـکاو Broken Language )

[1] ( ) سوریالیزم . حەمە مەنتك . ل ١٢٦ .

هەیە . (( شاعیر بۆ ئەوەی ئەزموونی دەقی خەونی بکا یان دەقی خەون دابهێنێت دەبێ زمانێکی باڵا و پتەوی هەبێ ، بۆ ئەمەیش سوود لە زمانی شیعری کلاسیکی دەبینیت . ))[١]

دیسان ، لێرەشدا ، تووشی شەڕە چەقەیەکی تر دەبینەوە : ئایا زمانی تێکشاو یان تێکشانی زمان کافییە بۆ وە دیهێنانی خەونەکان ؟!

شاعیر ( سەباح رەنجدەر ١٩٧ - ) لە مانفیستە شیعریەکەی دیوانی ( خەون خۆی واگێڕایەوە دەڵێ : (( من زمان دەنووسمەوە لەبارەی زمان نانووسم . ))[٢] ئەو دەبێژی : (( پەیوەندی نێوان شیعر و خەونی دۆزیوەتەوە و شیعری بۆ خەون گێڕاوەتەوە کەواتە ئەم گێرانەوەیە دەبێت ڕێچکەیەکی نوێ بێت لەناو ئەدەبی کوردیدا . ))[٣]

جا شاعیری سوریالیزم ، وەك ( حەمە مەنتك ) دەڵێ : (( دەیەوێت خۆی لەهەموو کۆت و بەندێکی زمانەوانی چ لەڕووی ڕێزمان ، یان واتاسازای ، یان رستەسازی ، ڕزگار بکات ، بەو مانایەی شاعیر ، دەیەوێت ئازادییەکی رەها بۆ گەمەکردن و داڕشتنی وشە بۆ خۆی بڕەخسێنێ ))[٤]

---

(١) سەرچاوەی پێشوو . ل ١٣٢ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو . ل ٩٨ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو . ل ٨٩ .

(٤) سەرچاوەی پێشوو .

زۆر هــەوڵ دەدەم ، لــە نووســینەکانمدا یــەکێتی بابــەت بخــولقێنم ، نەبوونی یـان ونکردنـی ئـەم خاڵـە ، هـەم ڕەخنـەگرو هـەم خـاوەن دەق دەســتە خــرۆ دەکــا . وەك ( حەمــە ســەعید حەســەن ) دەڵــێ : (( هەرچەندە ڕەخنەگری بونیاد خوازی ، زۆر باس لەنزیکبوونەوە لـەدەق و ڕۆچـوون بەناخیـدا دەکـات ، کەچـی هێنـدە لێـی دوور دەکەوێتــەوە خوێنەر لـەبیری دەچێتەوە ڕەخنـەگر باسـی چـی دەکات ، ئـەو لـەبری ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر دەقەکە دەیشارێتەوە . ))[1]

ئەمە جگە لـەوەی کـە ڕەنـگ بـێ شـیکردنەوەی دەقێکـی ئـەدەبی بـەبێ کۆت و بەنـدکردنی بـە زنجیرەیـەك لـەزاراوەو چـەمك و یاسا و ڕێبـازی ئاڵۆزو پاڵۆز ، زۆرتر چێژ بەخوێنەر بـدات . دکتـۆر ( مـارف خـەزنـەدار ١٩٣٠ – ٢٠١٠ ) لـەم بارەیـەوە دەڵـێ : (( ئێمـە لێـرەدا نـاتوانین ، تیـۆرو یاسـا دابنـێین لـە پێنـاو ڕێکخستنی بەرهـەمی ئەدەبیـدا ، بـەڵکو ڕێگـە بەچـێژو بیـنین و بیرمـان دەدەیـن لـەپێناوی سـنوور کێشـانی جـۆرو قـەوارەی جـوانی ئـەوەی پێویسـتە لەبەرهـەمی هونەرمەنـدو نووسـەر ڕوون و دیـار بـێ . ))[2] . سـەرەڕای ئـەم بۆچـوونانە ، منـیش ، وەك توێـژەرێك ، هـەمان ترسـی دکتـۆر ( مـارف خـەزنـەدار )م هەیـە ، کاتـێ دەمەوێ دەست بۆ قەسیدەیەکی ( سەباح ڕەنجدەر ) ببەم ، وەك دکتـۆر

---

(1) www.gulan – media.com / f-detal/ l.php? id = 26396

(2) گۆڤاری ڕامان . ژمارە ٤٥ . ل ٢٩٥

( مارف ) دەربارەی قەسیدەی ( خەونی خودای ) ئەو شاعیرە ، کە لە کۆ شیعری ( رووەکەکانی خواوەند ) دا هەیە ، دەڵێ : (( ئەوەی راستی بێ ، دەتوانم بڵێم لە قەسیدەکە نەگەیشتم . ئەم قسەیەی من دەچێتە خانەی نیسبییەوە ، چونکە لەوە دڵنیام خاوەنی قەسیدە سەرت سوردەمێنێ ، لەبەر ئەوەی چونکە ئەوەی ئەو مەبەستییەتی ئەوە نییە کەمن تێدەگەم . بەڵام تێنەگەیشتنی من بۆ قەسیدەکە ڕەنگە لەوەی ئەو دەیەوێ بەرزتر و راستر بێ . ))[1] کاتێ دەمەوێ چەند دەقێکی ( سەباح رەنجدەر ) بۆ شیکردنەوەی ئەم بڕگەیە هەڵبژێرم ، بە کورت و کرمانجی ، تێڕوانینی خۆم بۆ خەونەکانی ئەو یەك ڕستەیە :

(( کۆ بەرهەمە ، دوو بەرگەکەی – سێ ساڵ شیعر – لەلاپەڕە نۆوە تا لاپەڕە نۆسەت و پێنج ( ٩ – ٩٠٥ ) خەونێکی دوورو درێژە . ))

ئەم خەونە دوورو درێژەی ( سەباح ڕەنجدەر ) هەڵگری ئەم خەسڵەتانەن :

یەکەم : خولْقاندنی خەون لەنێو خەوندا : هەر بۆ نموونە ناونیشانی کتێبی سێیەم ( خەون وا خۆی گێرایەوە ) سێ جار ئەم خەونە ڕۆحی هاتۆتەبەر : لەسەرتادا ڕوودانی خەونەکە ، دوایی خەون خەونەکە

[1] ) سەرچاوەی پێشوو . ل ٢٩٥ .

دەگێڕێتەوە ، لەکۆتایشیدا پەیامگر خەونەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە یان دەخوێنێتەوە .

دووەم : خەونەکان کچی بەنازی سوریالیزمن ، واتا چ سەیری تابلۆیەکی سوریالیزمی بکەی ، چ دیمەنی خەونێکی دەقە سەر سوڕهێنەرەکانی ئەو بکەی . بەدەیان گرتەی پڕ فانتازیاو مۆتکە لەپەردەی خەونەکاندا خۆیان حەشارداوە .

سێیەم : کەشفکردن و دۆزینەوەو لێکدانەوەی کۆدو ڕەمزو هێماکانی خەونەکان ، تابلێیت ئالۆزو تەڵخ و نادیارن ، خوێندنەوەی چەند کەڕەت و ڕاڤەکردنی زۆریان دەوێ . سەرو سەلیقەی خوێنەری بەهرەمەندی گەرکە .

چوارەم : زمانی دەقەکان ، تا ڕادەیەکی باش پەیڕەوی ڕێزمانی کوردی دەکات لەڕووی دەستوورو شیکردنەوەو پتەویی دارشتن .

( بڕوانە گۆڤاری زمانناسی ژمارە ١٤٢ . ل٦٠٠ ) ئەوەی کە لەبەر چاو خوێنەر نائاسا خۆی دەنوێنێ لە بارەی زمانەوە ، دەرهاویشتەی واتا سازی و وێنە هونەریە سوریالییەکانە ، کەشاعیر بەئەنقەست گەمەی زمانەوانی تێداکردووە ، بەمەبەستی ڕەهاکردنی کەسێکی ئازاد بۆ دارشتنەوەی دەقەکانی .

پێنجەم : لە کۆ بەرهەمە ( ٩٠٥ ) لاپەڕەکەیدا ، شاعیر ، هەر بەقەت ژمارەی پەنجەکانی دەست وشەی ( خەون و خەون بینینی )

بەکارهێناوە ، بۆچی ؟ ئەو چاك دەزانێ قەسیدەی سوریالیزم — پۆش بەخەون دەستپێدەکا و بەخەونیش کۆتایی دێ ، لە هەمان کاتیشدا ، نایەوێ ڕێچکەی دووبارە قالبی شاعیرانی تر بلێتەوە ( من خەونم دی ، لەخەونمدا ، خەون دەبینم ، ) ئەم دەستەواژانە لەنێو هەموو قەسیدەکاندا بوونیان هەیە بەلام بەشێوەی خواستەو مەجاز . جا پێویست ناکات بەدووبارە کردنەوەی وشەی ( خەون ) دەقەکانی ئێسکگران بکات !

لەقەسیدەی ( سروش ) لە ( خەون وا خۆی گێرایەوە ) ، دەڵێ :

نووسەری هەموو ژیان لەناو خەون
کەوتە سۆراخی ناونیشان
گەشت بە گەورەترین ڕۆشنایی
کە ماڵە ڕووناکەکەیەتی
یان دڵ و هۆشی یەکەم بەیانی
ڕەنگی پەردەی پەنجەرەی ژووری نووستن
لەڕەنگی چاوی ژنەکەی وەرگرتووە
چەرخی مێزی نووستن و تەختەی نووستنیش
لەناو ڕووناکی هەموو شتەکان بەئالو والایی نابینرێن

ئێستا ، دەکرێ ، کۆدەکانی ئەم خەونە والێکبدەینەوە :

⭑ خەون لەناوخەون کۆد سۆراخی ناونیشان لەناو خەون

⭑ بچووککردنەوەی ژیان لەژوورێکدا کۆد ماڵ ژووری نووستن

⭑ بەخشینەوەی ڕۆشنایی کۆد ڕووناکی / چاوی ژن / پەنجەرەی ژوور

⭑ نادیاریی لەنێو هەموو شتە دیارەکاندا کۆد رووناکی هەموو شتەکان / نابینرێن ئالاو والا

⭑ کێشانی بازنەیەکی داخراو ( ژیان ) کۆد سۆراخی ناونیشان — لەسەرەتا - نابینرێن — لە کۆتایی

لە کۆپلەی حەوتەمی قەسیدەی ( بلیمەت ) لە کتێبی ( خەون وا خۆی گێرایەوە ) (سەباح رەنجدەر) دەڵێ :

لەخەونمدا بانگی گیانە نەمرەکانم کرد

بەئاوی بن کوپە دەموچاوم شوشت

زەنگوڵەی ملی مامزی حەوشە لەرییەوە

ئاواز دانەر بە ڕێزەوە

مەشقی نۆیان لەسەر کرد

نۆتەیەك هەمووومان لەسەری کۆبووینەوە

ڕابەری گۆرانیبێژان لەکاتی گۆرانی گوتن

چاوی خرۆساوتره .

ئەم خەونە ، شانۆگەرییەکی یەك پەردەییە ، دەتوانین ناوی لێنێین ( شانۆی جوان بەخش ) دەستەیەك کۆدی سوریالیزمی لەم کۆپلەیەدا دەوری یەکتریان گرتووە :

گیانی نەمران

ئاوی سافی بن کووپ

کۆدەکانی جوانی ئاوازی زەنگوڵەی ملی مامز

نەغمەی نۆتە

گۆرانی چڕین

چاو خروشاندن

گیانە نەمرەکان – لە جیهانی

جوانیید

کۆدەکانی یەکێتی بابەت هەمیشە چاو دەخرۆشێنن و

جوانزمان دەکەن

## بانگ کردنی گیانە نەمرەکان – گەڕانی

**کۆدی پەیامی شاعیر شاعیرە بەدوای نەمرییدا**

زمانی دەقەکە ، خاڵییە لە ئاڵۆزی و خۆش و پاراو دێتە گوێی ، بۆ منی توێژەر – کە ڕەنگە دەنگدانەوەیەکی تری هەبێ لە گوێ دژە سوریالیزمەکان . حەز دەکەم ، لێرەدا گوتەیەکی ( سەباح ڕەنجدەر ) دووبارە بکەمەوە ، کە لە ڕۆژی ( ٣ / ١١ / ٢٠١٢ ) پێی گوتم :
(( زۆر لەبارەی منەوە نووسراوە ، بەڵام کەمیان لەناو دەقەکاندا ئیشیان لەسەر زمان کردووە ، زۆربەیان لەدەرەوەی دەقەکاندا ئیشیان کردووە ، نەیان توانیوە پەی بە هونەری زمانی شیعری من بەرن . ))

× × × ×

لەجێی خۆیەتی ، مادام باس لەخەون لەشیعری سوریالیزمی کوردیدا دەکەین ، ئاوڕێکیش لە شیعری تەسەوفی کوردی بدەینەوە ، لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە کە جیهانی سۆفیگەریتی شاعیر ، زۆر نزیکە لەجیهانی سوریالیزم . چونکە (( هەردووکیان پشت بەخەیاڵ دەبەخشن و یاخیبوونێکن لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ، هەر بۆ نموونە ، سۆفیگەریەتی پشت بەوە دەبەستێت بچێتە خەیاڵێکی زۆر قووڵ و فراوانەوە ، سوریالیزمەکانیش هەروان ، تەنانەت ، بۆ ئەو خەیاڵانە ،

پەنادەبەنە بەر مادده هۆشبەرەكان بەڵام سۆفییەكان پەنا دەبەنە بەر وەجد . )) [1]

شاعیر لەتیف هەڵمەت ( ١٩٤٧ - ) دەڵێ :

زەوی لەئاسمان خۆشترە

كە خەو ڕەشماڵ بۆ عاشقان هەڵدەدات

كە پێڵوی مۆسیقای دارستان

ماندوێتی قورس دەكات

خوا لەئاسمان دێتە خوارەوەو

لەشەقامەكانی زەوی دا پیاسە دەكات ، ئەوتا شوێن پێكانی

نووری لێ هەڵدەقوڵێ ! [2]

ئەم كۆپلە پڕ لەمەجازە ، خەون بەخشە ، پڕە لەوێنەی سوفیگەری لە بۆتەیەكی سوریالیزمیدا . كە هەڵگری چەند كۆدێكی پڕ مانایە ، وەك نوور : لەنێوان زەوی و ئاسمان خودا هەڵقولینی كانیاوی نوور سەرچاوەكەی ئاسمانە خوا هاتۆتە خوارێ .

( جوانی + خەوی عاشقان + مۆزیكی دارستان ) شەیداكەری خودایە ، ئاكام ، هاتنە خوارەوەی بۆ سەر زەوی .

پێیە نوورانییەكانی خودا ، بەخشینی خۆشی و بەرەكەت بەزەوی ،

---

(1) لەتیف هەڵمەت www.dengekan.info/ dengekan/6 /1580.html

(2) دیوانی لەتیف هەڵمەت . بەرگی دووەم . ل ٢٠٢

پـەیامی شـاعیر ، (( ئـەوە جـوانی نـووری خودایـە ، ئاسمـان و زەوی وا خۆش و ڕۆشەنکردووە ، ئاسمان خۆش بوو ، ئێستا ئـەو نـوورە زەویشـی خۆش کرد . ))

## شەشەم

## لەو دیوی خەونەکانەوە ...

ڕۆماننووسی فەرەنساوی ( Gustave Flaubent 1821 – 1880 ) لەنامەیەکیدا بۆ ( Louise Colet 1816 -1876 )ی کچە شاعیر ، دەنووسێ : (( ئـەوەی بەلامـەوە جوانـە ، ئـەوەی دەمـەوێ بینووسـم ، کتێبێکـە ، لەمـەرهیچ ، کتێبێـك پشـت بـەهیچ نەبەسـتێت ، شـێوازی بـەهێز و دلگـیری ، بەنــدو بەشــەکانی بەیەکـەوە پەیوەسـت بکـات و ببەستێتەوە . کت ومت ، وەك چۆن زەوی لەبۆشـایدا خوولدەخواتـەوەو بۆ ڕاگرتنی پێویستی بەشتی دەرەکی نییـە ، ئـەویش پێویسـتی بـەهیچ نەبێت . ))[1] ئەم خەونەی ( G.Flaubeat ) خـەونی هـەموو شـاعیر و ئــەدیب و هونەرمەندێکـە ، چـوون یـەکێك لەسـیما سـەرەکییەکانی

---

(1) Flaubert – To – Louise – colet 28 th – seltember – 1846 Gustave

کاری داهێنان تازە باوییە ، ڕەسەنایەتییە ، ئەوەی کەشاکارەکان لە بەرهەمە پەراوێز خراوەکان جیادەکاتەوە خەونە مەزن و بالاو پیرۆزەکانی خاوەنەکەیەتی ، کە دەروازەی داهێنان و وەبەر هێنانی کاری تازەو گۆڕانخوازو نەبینراوی بالا بالا پێشکەش بە مرۆڤایەتی دەکەن .

ڕاستە ، خەونەکان ، هەم ڕووداو هەم ڕەنگدانەوەی ڕووداو بارە سایکۆلۆژیەکەی شاعیرو ئەدیب و هونەرمەندن ، بەلام شۆڕبوونەوە — لەڕێگای خەونەوە — بۆ ناخی دەروونی شاعیر و هاوقەڵەمەکانی ، هەر لەڕێگەی خوێندنەوەی خەونەکانەوە دەست پێناکات ، بەڵکو ڕەخنەگری چاوتیژوو خاوەن ئەزموون ، هەوڵدەدات ئەو دیوی خەونەکانیش بخوێنێتەوە ، خوێندنەوەی سێبەری شتەکان — هەموو شتەکانی دەووروبەر هەڵگری زۆر پەیام و گوتراوە نهێنین ، کە لەدەقی شتەکەدا ڕاستەوخۆ خوێندنەوەی ئاسان نییە . بۆ نموونە دکتۆری پسپۆڕی دەروونناس ، لەسەر مێزەکەی خۆی یەك یۆرۆی ئاسن دادەنێت ، کاتێ نەخۆشەکەی دەکەوێتە قسە کردن دەربارەی کێشە دەروونییەکەی خۆی ، بەدەست و پەنجەکانی گەمەو یاری بە یۆرۆ ئاسنەکە دەکات ، لەم ڕێگایەوە ، دکتۆرەکە هەڵسوکەوت و ڕەفتارو پەرچەکرداری دەمارەکانی ئەو دەخوێنێتەوە و هەم گوتارەکەی

نـــەخۆش هەڵدەســەنگێنێ هــەم جوولــە و نمایشــی دەســت و پەنجەکــە دەخوێنێتەوە ، تا باشتر بگاتە گرۆکی مەبەست .

بۆیە خوێندنەوەی ئەو دیوی خەونـەکان ، هـەڵگری کلیلـی زۆر قوفـڵ و دەرگان ، لـە تـەلارو کۆشـك و قەسـری شـیعرەکاندا . تـا باشـتر خوێنـەر بپرژێتە سـەر بابەتەکـەو جوانتر حـاڵی ببـێ ، لـەدەرگای قەسـیدەیەکی شاعیر ( قوبادی جەلی زادە ١٩٩٤ - ) دەچینە ناو بابەتەکەوە . ئـەو لەقەسـیدەی ( شـێرپەنجەی ئێوارەیــەك ) ەوە بــەدەم ئێوارەیەکــەوە خەونێك دەبینێ و دەڵێ :

من و نازداری ژنم

لەنێو جۆلانەیەکی ئاوریشمیندا

خۆ رادەژەنین

ئەوە خودایە بەڵکو لەم ئێوارە غەمکینەدا

مەمکە کۆچکردووەکەمان سەردانێکمان بکاتەوە .

کولیچەیەکی پڕ گوێزی هیندی و

چایەکی مەحموودمان لەگەڵدا بخواتەوە .

ئەوە خودایە ،

بەڵکو ... . [1]

---

(1) دیوانی باخچەی مەلەك تاووس . قوبادی جەلی زادە . ل ٣٠٦ — ٣٠٧

ئـەم قەسـیدەیە خـەون ئـامێزو مـەراق ئـامێزە ، لـە دوو رەهەنـدو سیماکانی زیندە خەونی شاعیرمان نیشاندەدات .

ڕەهەندی یەکەم : خەونبینینێکی ڕاستەقینە کە کۆدەکانی بـریتین لـە / ئێوارەی غەمگین /

جۆلانەی ئاوریشمین / خۆڕاژاندن / هاتنەوەی مەکی کۆچکردو

ڕەهەندی دووەم : خەون و خۆزگەو نیـازو بریـاری شـاعیرە ، لـەجیهانی پـڕ گومـان و پاڕەدوکسـەوە پرسـیارێکی تەمومـژاوی و ئەفسـوناویمان ڕووبـەڕوو دەکاتـەوە : گەڕانـەوەی مەمکـە بڕاوەکـەی ( نـازادر)ی هاوسـەری ، ئەمـە جگـە لـە دانیشـتنی سـێ قـۆڵی : قوبـاد و نـازدار و مەمکە کۆچکردووەکەو خواردن و خواردنەوەی کولیچەو چا بەیەکەوە .

کۆپلە کە ، بازنە خەونێکی داخراون ، بە دەستەواژەی (( ئەوە خودایـە )) دەست پێدەکات و کۆتایی پێ دێ .

ئەم شێوە بازنەییە نیگای سوڕانەوەیەکی بـەردەوام بەپـەیامگر دەدات ، دەبـێ شـاعیر تـا ڕۆژی مەحشـەر ، وەك چـەرخ وفـەلك ، لـە بازنـەی گومـانی ئـەم پرسـیارەدا ، خولبخواتـەوە ! ئـەو نایـەوێ بگەڕێتـەوە نێـو دنیـا واقیعـە تفـت و تاڵـە بـێ مەمکەکـە ، بۆیـە هـەر لەجولانـە ئاوریشمینەکەدا خۆی ڕادەژەنێ . شاعیر بۆ جارێکیش ناوی ( خـەونی ) لەم قەسیدەدا نەهێناوە ، وەلێ وەك مانگی چواردە . کۆد و ڕەمزەکانی

خەونە پیرۆزەکەی دەدرەوشێتەوە . ئەمەی توێژەر باسی دەکات ئەو دیوی یان سێبەری خەونەکەیە .

× × × ×

( ئازاد دڵزار ١٩٤٧ - ) لە قەسیدەی ( شەو و ئەندێشە ) دا ، بەشێوەیەکی تر خەونەکەی دادەرێژێ و دەڵێ :

کەتاریکی خوێنی هیوای
ئاسۆی رووناك
دەر خواردی ماری شەو دەدا
کەبێ دەنگی
بەسەر سینگی سەدان کاری ناڕەوادا
چۆك دادەدا ،
قەوانە زۆر سواوەکان
لەیادم دەزرینگێنەوە
دیمەنە ڕەش پۆشەکانی
ڕووناکی ڕۆژ
وەك ڕەوی قەل
لەبەر چاوم دەخولێنەوە

× × ×

لەوکاتەدا کلۆڵەکان لەپاڵ دیواری مزگەوت و

لەسەر شۆستەی شەقامەکان

خەو دەبینن

بەکۆشکی بەهەشتی بەرین

خەو دەبینن

بەفریشتەو بە جۆگەلەی

شیرو هەنگوین

بەڵێ گیانە لەو کاتەدا

لەناو تارمایی ئەم تابلۆ

غەمناکەدا

دەتدۆزمەوە !

لەسەر پەردەی کاڵی یادما

لەناو شێوەی کەساسانا دەتدۆزمەوە !

لەکۆتایی کۆپلەکەشدا ، بەم شێوەیە قەسیدەکە قوفڵ دەدات .

واهەست دەکەم

ڕێگای هەموو ئەستێرەکان

لەبیلبیلەی چاوەکانتا

## بەیەك دەگەن . [1]

ئەوەی لەنزیکەوە ( ئازاد دلزار )ی شاعیر بناسێ ، دەزانێ کە ئەو بستە مندالێك بووە ، خەون و خوێنی تێکەلاوی نانە ڕەقەو ئارەقەی شان و ملی پالەو جوتیارو کرێکاری ڕەنجدەر کردووە . بەهیوای سەرفیرازی و دابین کردنی دوا ڕۆژێکی خۆشتر بۆ ئەوان ، بە بەردەوامی لەیاخی بوون و خۆ خواردنەوە دا پەنگی خواردۆتەوە ، ئەم قەسیدەیە کە خەونە شیعرێکی ئاوێتە کراوی پڕ هونەری وردەکاری و جوانکاری ، ئەو مەراقەیە کە پشکۆ ئاسا دلی داغدەکا ، راستە خەونەکە زۆر تێکەل و پێکەلەو پڕە لە دیمەنی مۆتکە ڕاچلەکین و ترس ، بەلام ئەمە ڕەنگدانەوە دروست و بێ غەل و غەشەکەی ناخی شاعیرە ، ئەو مۆتکەیە لە واقیعدا دەبینێ :

- تاریکی خوێنی هیوای ئاسۆ دەرخواردی ماری شەو دەدا .
- بێ دەنگی بەسەرکاری ناڕەوا چۆك دادە دا .
- زرینگانەوەی قەوانە سواوەکان لەیادی شاعیر
- خولانەوەی دیمەنی ڕەش بۆشەکانی ڕۆژ وەك قەل لەبەر چاوی شاعیر .

---

[1] ) دیوانی حاجیلەکانی دەشتی هاموون . ئازاد دلزار . ل ٨٤ – ٨٥

دەکرێ کۆدو ڕەمزەکانی خەونەکە کە دەلالەتی خەبات و کۆششی سیاسی و ئەدەبی شاعیریان تێدایە ، وا ڕاڤە بکرێت :

کڵۆلەکان + کەساسەکان ← چینی چەوساوە

بەهەشت + فریشتە + جۆگەی شیرو هەنگوین ← ئامانج و ڕەنج خەبات .

- خەون و ئەندیشە ← کۆدی ناونیشان بۆ مەراقە گەورەکەی شاعیر
- خەونی خوازراو ← بەیەکگەیشتنی ڕێگای ئەستێرەکان لەچاوەکانیا .

بڕوانن ، قەسیدەکە لێوانلێوە ، لەزاراوەی جیهانی خەون ( تاریکی / خوێن / مار/ قەوانی سواوە / زرینگانەوە / ڕەوەقەل / کۆشکی بەهەشت / جۆگەلەی شیرو هەنگوین / ئاسمانی پڕ نهێنی / ڕێگای ئەستێرە ... )

ئەم خەونە گرێ کوێرەی دڵی شاعیر دەکاتەوە ، با بەخەیاڵ و ئەندیشەش بێت !

× × × ×

شاعیری عەودالّی نەمری ( کەریم دەشتی ١٩٥٥ - ) لەڕێگەی خەونە شیعرێکی سۆفیگەرانەوە ، خۆی دەگەیێنێتە باوەشی (( روخساری گەشی خودا )) و تەواوی (( دەتوێتەوەو لەنێو نووری

ڕەبانیــدا دادەگیرســێ . )) ئەمــەیش لــەپێناو گەیشــتن بــە مــەقامی پێغەمبەران .

مەحاڵ بـوو ، شـاعیر ، بتوانـێ بگاتـە ئـەم پایـە و مەقامـە ، بەئاسانی ، بەبێ تاودانی ئەسپی خەون و هەڵگەڕان بەکێوە سەختەکانی خەیاڵدا .

ئـەو قەسـیدەی ( چـەکنوو سـەکانی خـەڵوەت ) کەسـێ کۆپلەیـەو لـە ( کتێبی ڕۆح ) دا تۆمار کراوە دەڵێ :

شەوێکیان ئاگری خەونی خۆم
لەسێوەی خەوبەردا و خانەقام جێ هێشت
ئەستێرەم یەکە یەکە لەکتێبی ( دانێ ) دا
ئاوا کرد
مانگ لەنێو درەختی ئاسماندا
تیشکی خۆی کردەبەر
بەجەستەی کچانی سەر حەوزی بەهەشتی
خۆی دادا
مەولانا لەزیکری نێو بەرپای شیرازا
تاواوە
درەختی مرازی خەڵوەتگای پێ درەنگ بوو
چۆل و هۆڵ
مەولەوی دەگریا

**فرمێسکی دەبوو بە مەلێکی سپی**

**وەك کوللەی بەفر**

**ڕیشە سپییەکەی خۆی**

**بەدەستی عەتراوی نەوازش**

**دەکردو دایدێنا**

**فرمێسکی شەلالی ئەوینی خۆی دەکرد**

**لە فەیزی خودایی**

**خاتوونی تێکەڵی دوا قومی نەی دەکرد**

**دەفی دەروێشانی عەتار خان**

**کەونی بۆ ئارەزووی پاکی خۆی**

**دەکردە دیوانی و باڵەخان**

**کچانی ڕووت و قووت**

**لەگوڵی پڕ ئاوی — بروست —ی هەمایوون**

**مەدینان دایە بەر شمشێر و**

**تێکەڵ بوون لەگەڵ ڕۆح**

**ئەو شەوە ئاگرێك لە دڵما**

**داگیرسا**

**چوومە نێو نوێژێکی ئەبەدی**

**دار ئاڵا و خاك و خۆڵ ،**

خانەقا چۆل و هۆڵ
لەروخساری گەشی خودا دا تواینەوە
لەنووریا داگیرساین
لەوسەرە چووینەوە ڕێی باریك و
دۆڵاو دۆڵ . [1]

پـێش دەسـت کـردن بـە توێکـاری کۆدەکـانی ئـەم خەونـە — شـیعرەو ڕاڤەکردنیان ، وا باشترە ، بۆ ئاسانکاری کارەکـەمان ، بونیـاتی داڕشـتنی دەقەکە خوردکەینەوە کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیەکی سۆفیگەرانە بونیاتنراوە و بە زمانێکی نـەختێ قـورس و ئـاڵۆز و چەفەنگ ئـامێزی پـڕ لەوێنـەی هونـەری داهێنەرانـە هەڵچـنراوە ، زمـانی ئـەم دەقـە بـۆ شـارەزایانی ئـەدەبی سـۆفیگەری ئاسـاییەو ڕەوانـە ، وەلێ بـۆ خوێنـەری نەشـارەزا نـەختێ گـران دێتـە بـەرگوێ . شـاعیر یـەکجار زۆر خـۆی بـە ستراکتۆری قەسیدەکەوە ماندوو کردووە ، لە سونگەی ئەو بۆ چوونەوە کـە دەبـێ نـاوەڕۆکی یـەك وشـەیە قـوول و خـەیاڵ والاّ هاوسـەنگ بـێ لەگــەڵ فــۆرمێکی چــوگمە پتــەوی بناغــە بــەهێزی خــۆڕاگری پــڕ هونەرکاریی . بۆیـە دەبیـنین ، وێنـە هونەرییـەکانی قەسیدەکە هێنـدە

[1] ) کتێبی ڕۆح . کەریم دەشتی . ل ٢٦٦ - ٢٦٧

زۆرو پــەرش و بــڵاو تێکئــاڵاون ، لــە رووی نــاو ئــاخن و روخســارە ڕەوابێژییــە شــیعریەکانەوە ، بــە تــەوەرێکی ســەربەخۆ جۆشــی دڵــی ڕەخنــەگر دادەمرکــێ – جــا تــا زۆر لــەکرۆکی بابەتەکــە دوور نەکەوینــەوەو ســەر لەخوێنــەر نەشــێوێنین ، پــتر خــەریکی وردەکــاری پشکنینەوەی خەونەکانی دەقە دەبین .

قەسیدەکە پێکهاتەی ( ٥٩ ) بەیتە یان دێرە شیعری ئازادە . هەر دوای خوێندنەوەی شەشە حەوت دێری یەکەم ، خۆت لێ ون دەبێ و نازانی ئایا وەك خوێنەرێك بەناو خەونەکەدا گوزەر دەکەی یان تۆش بوویت بــە ئەکتــەرێك و بەشــێکی رووداوی خەونەکــە . کــت و مــت وەك ڕۆماننووسی ئایرشی ( Iris Murdoch 1919 - 1999 ) مان لێ دێ کــە لــە ڕۆمــانی ( Drunds Dreams ) دا لەســەر زاری قارەمانەکەیەوە دەڵێ :

(( مــن ( Zhuangzi ) جــارێ لــەجاران خــەونم بینــی پەپوولەیــەك بــووم ، لــەم چــڵەو بــۆ ئــەو چــڵ هەڵــدەفریم و دەنیشــتمەوە ، مــن پەپوولەیەکی بەراستی بووم و هەستم بە بەختــەوەری ئــەوان دەکــرد ، بێخەبــەر بــووم کــەمن ( Zhuangzi ) م ، کاتــێ لــەپڕتاو بەخەبــەر هاتمەوە خۆم لێرەدا دیتەوە ، بوومەوە بە ( خۆم )ەکەی جاران ، ئێستا نــازانم مــن کەســێ بــووم خــەونم ئــەدی پەپوولــەم ، یــان پەپوولەیــەکم

خەون ئەبینم کەسێکم . ))[١] بێگومان جیاوازی لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە . ئەمە پێیدەگوترێ ( شێوە گۆڕینی شتەکان
( Transformation of things
دەست پێك ( کەریم دەشتی ) سۆفیگەرانە بەم شێوەیە پەنجەرەیەکی دەقەکە والآ دەکات : سووتاندنی داری سێوی خەو بە ئاگری خەون لە خانەقادا – جا هەر لەگەڵ یەکەم چەخماخەی ئەم ئاگرە . نوورو بڵێسە و تیشك ئەم دنیایە دادەگرێ و دەبێتە حەشر و حەلا .
هەرچی شێخ و موریدی سۆفییان هەیە بە دەووری خۆیدا کۆ دەکاتەوە ، هەر لە ( دانتی ) یەوە بیگرە تا ( مەولانا و مەولەوی وشیرازو فەرەودین عەتارو بروست و عابیدات و هیسە و ئامینەو تەبریزی و فروغی و رامبۆ )
ئەوجا بەزمانێکی سوفیگەرانی پڕ لەزاراوە چەمك و واتای ئەوان ، دەکەوێتە دارشتن و هەڵچنینی وێنە هونەرییەکان ، بەم هونەرەش دوو نیشانە بەتیرێك دەپێکێ : لە لایەك دەکرێ کۆدەکانی جیهانی سۆفیگەرایی بکرێتە کۆدی خەونەکان ، لەلایەکی تریشەوە وەك کلیل بەکاریان دەهێنێ و دەرگای ئەو خانەقایەی پێدەکاتەوە کە خر شێخ و موریدەکانی لێ کۆبۆتەوە کەوتوونەتە حەلقەی زیکرو خواپەرستی .

---

www.wikipedia / zhuangzi (١)

کۆدەکان زۆرن ، بۆ نموونە ( شەو / خانەقا / ئەستێرەی ئاسمان / حەوزی بەهەشت / زیکر / خەڵوەتگا / ریش سپی / ئەوین / دەفی دەروێشان / کەون : تێکەڵ بوونی لەگەڵ ڕۆح / نوێژی ئەبەدی / بۆراق / دار ئالا / روخساری خودا / نوور / قاپی / تەکیە / تۆبەدار / ڕم و چەقۆ / منارە / گومەز / سەما / ئارەزووی خودای / دۆزەخی گوناه / تاریکی بێ دەنگ / کتێبی شەفەق / ئەو دیوی هۆش / پڕیەتی ... . )

شاعیر ، وەك سنعاتکارێکی کارامەی بازاری شیعر ، تێ دەکا ، بەبێ وەسیلەیەکی وەك خەون ، مەحاڵە بتوانێ لەنوورو کەرامەت و وەحی ئەو سۆفیانە تێبگا ، یان بیان گاتێ . بۆیە هەر لە یەکەم بەیتی دەقەکەدا دەڵێ :

شەوێکیان ئاگری خەوی خۆم

لەسێوی خەو بەرداو خانەقاکەم

جێ نەهێشت .

ئێستا ، خوێنەر و ڕەخنەگر ، دەتوانن ، یەکە یەکە کۆدەکانی ئەم قەسیدەیە شیتەڵ بکەن و بزانن شاعیر بەدوای چ دنیایەك وێڵەو چۆن شێتانە بەدوای سێبەری ( نەمریدا ) عەودالەن ، وەك پێشتر گوتم ئەم قەسیدەیە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێ و نامەوێ پتر راتانکێشمە نێو ئاگری دۆزەخ و نووورە بەهەشتیەکەی : ( دۆزەخی دەروونی شاعیر و

بەهەشتی خەونی نەمریی ) . خاڵی زۆر درەوشاوەی خەونی ئەم قەسیدەیە ، وەك ئاماژەم پێدا ، قودرەتە موگناتیسیەکەی ( کەریم دەشتی ) یە کە دەتوانێ بە وشەو و واتای شیعری ، لەنێو خەونێکی خۆیدا نغرۆت بکات یان بتخنکێنێ ، کەم قەڵەم ئەم بەهرەیەیی تێدایە !

## حەوتەم

## گەمەی هونەری لەنێو خەونە – شیعری کوردیدا

زاراوەی هونەرە – کار ( Artwork ) کە پەیوەستە کارێك یان داهێنانی کارێکی هونەری ، لە دەرەوەی چەمکی (( هونەریی شێوەکاری مجەرەد ))ە ، واتا جوانکاری هونەری لەئەدەب و هونەرو هەموو شتە یان کارە بینراوەکان . ئەم زاراوەیە رووبەرێکی پانی هونەری جوانکاری دادەپۆشێ وەك ، هونەری شێوەکاری و نیگار و دیزاین و فۆتۆگرافی و بیناسازی و هونەری کەلتووری و فۆلکلۆری و ژانرەکانی ئەدەبی .

پێناسەی ( هونەرە – کار ) ئەمەیە :

کارێکی هونەری لە بەرهەمێکی بینراوی دوو یان سێ ڕەهەندی کە پرۆفیشنالانە وەبەرهاتبێ و ئامانجی بنەڕەتی پێشکەشکردنی وەزیفەیەکی جوانکاری بێت .[1]

من بەئەنقست دەستەواژەی ئەم چەمکە لە ( هونەرە – کار )ەوە دەگۆڕم بۆ ( گەمەی هونەری ) ، چونکە پتر بۆن و بەرامەی کوردی پێوە دیارە . کەواتە ( گەمەی هونەری ) بەرانبەرەکەی ( Artwork )ە وەك زاراوەی ئەدەبی و هونەری .[2] (( لەجیهاندا هیچ شتێکی نا شیعری نییە ، گەر شاعیر بەهرەدارو خاوەن ئەندێشەی قوول بیت دەتوانی وێنەی شیعری لەهەموو شتێك داتاشێ . ))[3] هەمیشە ، ئەندێشە کەرەستەیەکی پێویستی دارشتنی دەقی شیعریە . پێشتریش ئاماژەمان بە پەیوەندیە ڕۆحی و جەسەدییەکەی ( خەون و ئەندێشە ) کرد ، چونکە دنیای خەون هەمیشە کراوەو والاو بێسنوورەو شاعیر خاوەن ئازادییەکی ڕەهایە ، بێ ترس دەست بۆ هەموو شتێك دەباو هیوای گەورەشی ئەفراندن و داهێنان و تازەباوییە ، لێرەدا ڕۆڵی ( گەمەی هونەری ) لەدەقە شیعریەکاندا بەگوێرەی

---

(1) www.wikipedia / work – of –Art

(2) من یەکەم توێژەرم زاراوەی ( گەمەی هونەری ) بەمانای ( Artwork ) – وەك زاراوەیەکی ئەدەبی و هونەری بەکاردێنم .

(3) بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەس . د.هاوژین سلێوە . ل ٢٤ .

تواناو ئەزموونی شاعیر بەدیاردەکەوی . لەخەونە – شیعریەکانی کوردیشدا نموونەی زۆر دەقی جوانمان لەبەردەست دایە بۆ تامخۆشی بابەتەکە وا چەند نموونەیەك دەخەینە بەرچاو :

شاعیر ( نەوزاد رەفعەت ١٩٥١ - ) لە قەسیدەی ( دیزەی خەونان ) لە دیوانی شیعری ( ڕێی تاوسان ) دەڵێ :

دلشاد گیان خۆ سەری منیش
ساغە دەڵێیت کاکڵە گوێزە
دڵیشم وەك جاران تەپ تەپ
لێدەدات گەرچی بێ هێزە
بەڵام قوربان
قوربان ... قوربان
قوربان دیزەی ڕۆنی خەونە
خۆش خۆشەکان شکێنراوە
ڕۆنی ڕانە مەڕی خەونم
تك
تك
بەسەردا چۆڕاوە
خەونی جوانی
خەونی زەمانی جەوانی

خەونی هەزاران قوربانی
دیزەیەك تاسولقەكانی
تاسولقە نووك تیژەكانی دێنە سەر ڕێم
بۆ هەر كوێ چووم — دەچەقنە پێم !
برینەكانیش تا ئێسقان
بوونە زووخاوو بوونە كێم
لەمەیدانی جامبازیدا ...
من چیم و كێم ؟! [1]

لەدوا كۆپلەی قەسیدەكەی دەڵێ :
{ دیزە ، دێزە، دێز ، دیزك : دەفری گڵی شیو تێدا لی نان } [2]
{ تاسولق : لەتە پارچە پارچەكانی شووشە یان دەفری شكاو }
{ جامبازی : ١) دەلاڵی ولاغ فرۆشتن
٢) دەستبڕی و فێڵبازی } [3]
لەم دەقە خەون ئامێزەدا ، مەراقە كوشندەكەی ناو دڵی ( نەوزاد ڕەفەت ) هەڵتەكان و لێكترازان و هەڵوەشانەوەی ئاكارو بەها بنەما

(١) دیوانی ڕێی تاوسان . نەوزاد ڕەفعەت . ل
(٢) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە . هەژار . ل ٣٣٣
(٣) سەرچاوەی پێشوو . ل ١٨٠

ئــــەخلاقی و ڕۆشـــنبیری و کەلتووریـــە پیرۆزەکـــانی مرۆڤـــی ئـــەم سـەردەمەیە ! گەمـە هونەریەکـەی شـاعیر ، لـەم دەقـەدا ، کـە کراوەتـە وەسـیلەی دارشـتنەوەی هـزرو بـیری ، بریتیـە لـە ئاوێتـە کردنـی یـادو بیرەوەریـە کۆنەکانییـەتی لەگـەڵ ( خـەزەڵوەرانی ) تەمـەنی ئێسـتای . شـاعیر لـەڕێگای خەونـەوە بەپشـت بەسـتن بـە کۆمەڵـە تـەکنیکێکی شیعری پڕ وردەکاری مشتکراو بە قامتێك کۆدو رەمزی خەون – ئامێز .

ئەم هێڵکاریە ساکارە ، هێندی لە کۆدەکان دەکاتەوە :

دیزەی خەونان کۆد رابردوو – کەلتوور

هەسیەکەی ( پەیتوونی ) چیخۆف کۆد ئێستا – هاوچەرخی

دڵشاد ( مەریوانی ) کۆد دڵسۆزی – خۆشەویستی – نەمری

مەیدانی جامبازی کۆد دنیای خیانەت و دەستبڕی

خەون کۆد دەفتەری یادەوەری

باران کۆد فریادرەسی ڕۆح – پاککەرەوە

لـەم قەسـیدە (٣٩ ) دێـرەدا ، ( ٦ ) جـار وشـەی ( خــەون ) دوبـارە کراوەتەوەو ( ٥ ) جاریش ناراستـەوخۆ وەك سـێبەر بەشـێوەی جیاجیا خۆی دەنوێنێ ، وەك ( تاسولق / چەقینە بێ / برین / زووخـاو کـێم ) لەتێکهەڵکێشـانێکی پـڕ گەمـەی هونـەری ، دنیـای کـەلتووری کـوردی ( دیزەی خەونان ) لەگەڵ سەردەمی نوێخوازی پێشکەوتوو ( هەسپەکەی

– پەیتوونی – چیخۆڤ ) ، ( ٩ ) پرسیاری ئەزەلی ڕووبوڕووی بوون و فەنابوون دەکاتەوەو ئیرەییش بەمەرگی ( دڵشاد مەریوانی ) هاوڕێی دەبات ( خەونی هەزاران قوربانی ) و چاویشی بڕیوەتە ئاسمان دایکاتە بارانی یەزدانی و ناخە خەموکێیەکەی بشواتەوە ( بەگریانێکی وەك باران ... ناخم بشۆم )

( S.Freud ) گوتەنی ، ( نەوزاد رەفعەت ) دەچێتە دۆخی ( منی بالاّ ) و خۆی لەبیر دەچێتەوە ، بەسەرو ریشێکی شەش ساڵییەوە ، دەبێتەوە منداڵێکی شەست سالان و بەفرمێسکە گەرمەکانی ، هەرچی ژان و حەژمەتی لە هەناو دایە ، دادەڕژێنێتە سەر کاغەزی سپی ، ئەم خەونە شیعرەمان پێشکەش دەکا . گریانەکەی شاعیر ، لێرەدا ، چەندە سیمای بێ دەسەلاّتی بەرانبەر سەردەمی  خیانەت و گەندەڵی تێدایە ، دوو ئەوەندەش پرسی فەلسەفی و فیکری خستۆتە ڕوو .

لەکون و کەلێنی ئەم وشەو دەستەواژانەوە ، پەیامگرو ڕەخنەگر ، دەتوانێ بچێتە دنیای ناوەوەی شاعیر :

( دڵی بێ هێز / قوربان – ٤ جار - / شکێنراو / بەسەردا چۆڕاوە / خەونی جوانی / زەمانی جەوانی / هەزاران قوربانی / تاسولقە نووك تیژەکان / برین / زووخاو / کێم / مەیدانی جامبازی / زێدی خەمۆکی / غەوارە / بێپەنا / بۆکوێ بڕۆم / ئاخ / تێکشان / ژان /

گریان – ٢جار - / یاران – ٥ – جار / شەرمن / خەزەڵوەران / ناخم – ٣ – جار )

پرسە فەلسەفییەکانیش وەك .

| | |
|---|---|
| ● من چیمو کێم ؟ | ( خەیام ) |
| ● غەوارەمیاخود ؟ | نامۆیی |
| ● خانە خوێم | مەرگ و نەمری |
| ● بۆ کێ بەوێم | دنیای جەهالەت |
| ● بۆ کوێ هەڵبێم | گومان و یەقین |
| ● بۆ کوێ بڕۆم | بچووك بوونەوەی دنیای سەردەم |
| ● دڵشاد ؟ ؟ | خەبات و خیانەت |
| ● زەمانی جەوانی ؟ | مەجهول و یادەوەری |

× × ×

×

شـاعیر ( موحسـین ئـاواره   ١٩   -                          ) لـه قەسـیدەی ( تاجی خەون و بازی وەهم ) [١]

کە – بەلای منەوە – شاکارێکی بەبرشتی شیعری هاوچەرخی کوردییـە – خـەرمانێك گەمـەی هونـەری ، بـە زمـانێکی شـیرینی پـڕ تەلـەسمی ئێستاتیکایی ئەدەبی ، بیرۆکەی خۆی لەهەواری ( خەون و وەهم ) لە ( ١٤٩ ) دێـڕە شـیعری ئـازاد دادەرێـژێ ، قەسیدەکە ، لـەرووی هونـەری و ڕەوانبێژییـەوە ، هێنـدە دەوڵەمەنـدە ، کـە شـیکردنەوەو لێکدانـەوەی تەوەرێکی سەربەخۆی گەرەکە .

بۆیـە قـەرەی خـۆم لـەم تـەوەرە نـادەم و تـەنیا هـەرێمی ( خـەون و وەهمەکە ) دەکەمە کەرستەی شیتەڵکارییەکە .

گەمـە هونەرییـەکانی ( موحسـین ئـاوارە ) لـەم قەسـیدەیەدا لەچـوار بڕگەدا خەست دەکەمەوە :

یەکەم : ( ئاوارە ) یەکـەم شـاعیری کـوردە کـە ( خـەون ) لـە شـێوازێکی تۆبۆگرافی تایبەتمەندا تەوزیف بکات ، کە پێشتر نەکرابێ .

ئەو بەم شێوەیە دیزاینی دێرەکەی نەخشاندوە :

ژمارە ٩٩ /ی خەون

---

([١]) گۆڤاری کاروان . ژمارە ١٥٩ سالّی ٢٠٠١ . ل ٤٧ – ٤٨

**٢٢ /ی تەئویل**

**زاراوەی تۆبۆگرافیـــــا ( Tophography ) کـــە لەڕەچـــەڵەکدا زاراوەیـەکی ( زانسـتی ئەسـتێرە گەڕۆکەکانـە )ە و ئیمـڕۆ پەڕیوەتـەوە زۆربـەی بابەتـە زانستیەکانی تـر ، لـە زانستی سـەربازییەوە بیگـرە تـا زانسـتی پزیشـکی و ئـەدەبی ... زاراوەکـە پەیوەسـتە بـە (( باسـکردنی شوێنێك بە وردی و ڕاستی ، لەڕوخساری زەوی بە دەشت و شـاخ و گـرد و رووبارو دۆڵ و پردو ڕێگا و بان شارەوە ... هتد . ))[١]**

**شێوازو ستایلی دیزاین و تۆمار کردنـی شیعر لەسـەر ڕووپـەرەکان پێـی دەگوترێت ( Tophgraphical Sheet ) . کە**

**بەداخەوە تا ئێستا توێژینەوەی ئـەکادیمی لەمـەڕ تۆبۆگرافیـای شـیعری کـوردی نـەکراوە کـە لـە دەستنووسـە کۆنـەکانی شـاعیرانی کلاسـیکی بەجوانی خۆی دەنوێنـێ و ، لـە ڕێگـای کاریگـەری ئـەدەبی عارەبیـەوە لەسەرەتای دەیەکانی حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بەئاشـکرا لەشـیعری کـــوردی هاوچـــەرخدا ڕەنگیدایـــەوە ، بـــە مەبەســـتی جوانکـــاری و ئەنـدازیاری لـە فـۆڕمی دەقـدا ، هێنـدی جـاریش بـۆ بەخشـینی مانـاو**

[١] ) فەرهەنگی ئازادی . ل ١٠٨٢

دەلالـەتێکی دەسنیشـانکراو بـە دەقەکـە . ئـەم شـێوازگەریە ڕووپۆشـی بەرگی کتێب و ناونیشانی قەسیدەو ستایلی نووسینەوەی دەق دەکات . ئەوەی کەباوە ، خـانوو و کۆڵانـە ، لەنەخشـەی شـارەوانی و فەرمانگـەی تـاپۆدا ، هـەر ژمارەیـەکی تایبـەتی پێـدەدرێت ، کەچـی شـاعیر لێـرەدا ، زۆر وەستایانە وشەی ( خەون ) و ( تەئویل )ی بۆ ئیزافە کردووە ، کـە شیکردنەوەی ورد هەڵدەگرێ !

دووەم : ناونیشـانی قەسـیدەکە : ( تـاجی خـەون و بـازی وەهـم ) کـە بـەخودی دەقـی قەسـیدەکە تێکـەڵ و ئاوێتـەیـە ، ناڕاسـتەوخو دیـوێکی شاراوەی کەلتووری کوردەواری و ڕۆژهەڵاتی ناوەندمان وەبیر دێنێتـەوە ، لـــە شـــێوازی حـــوکمرانی و بیرکردنــــەوەیان بــــۆ بـــەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتی سەردەمی کۆنی باو و باپیرانمـان . داسـتان و ئەفسانەو حیکایەتـەکانی بـەر ئـاگردانی ، نموونـەی زۆریـان لـە ( هەڵـدانی بـاز و هەڵبژاردنی پاشاو میردا ) تێدایە .

جا شاعیر ، لەدەست پێکی قەسیدەکە ، هـەر بـەزمانی ( حیکایـەتخوان )ەو دەکەوێتە خوێندنەوەی دەقەکەی و دەڵێ :

چەند نەرم ونیان بوو
چەند گەرم و جوان بوو
هێندەش دڵرفێن و شیرین و شەیتان بوو
ناوی ( وەهم ) بوو

کچی ( گریمانەی خەیاڵ درووە )

لەدایك بووی گەڕەکێك بووین

گەڕەکی ( گومان ..

ماڵیشیان لەتەنیشت ماڵی ئێمەوە

ژمارە ٩٩ /ی خەون

لەخانووی

٢٢ /ی تەئویل

دەمەوێ عەسرێکی هیچرانی بوو

قۆڵم لەقۆڵی هەڵکێشا ، چووینە

سەرکەناری سەرابێك . [1]

سێیەم : پەیامگر لەسەرەتادا ، نازانێ ، شاعیر خەون دەبینێ ، یان خەونمان بۆ دەگێڕێتەوە لە شێوەی ( حیکایەتخوان ) ، ئەمەش لە ڕێی گەمە هونەریەکی جوانی تێکەڵکردنی بیرۆکەو وێنە هونەریەکان بەیەکەوە ، بۆ دەربڕینی هزرێکی فەلسەفە ئامێز . ( حەمە سەعید حەسەن ) دەڵێ : (( پارادوکس ، گومانمان لەکن دروست دەکا و دەبێتە هەوێنی ئەوەی سەر لەنوێ بە زانیارییەکانماندا بچینەوەو فێرمان

(١) گۆڤاری کاروان ژمارە ١٥٩ . ل ٤٧

دەكات بـەكليلى ( F. Nietzsche 1844 – 1900 ) گوتـەنى دەرگاى ( زيندانى يەقين ) لەخۆمان بكەينەوە . ))[١]

جا (( گومان ))ەكەى كە لەم قەسيدەيە هاتووە دوو ڕووە : چـەمكى (( گومان )) وەك لە فەلسەفەو ئاييندا هاتووە وە وەك واتايـەكى ئـەدەبى ، دەلالـەتى شـەڕى نێـوان ( گومـان و يـەقين / خـەون و واقيـع / وەهـم و حەقيقەت ) دەست نيشان دەكا .

چوارەم : ڕەنگى تەڵخى ( وەهم ) بەسەر قەسيدەكەدا زاڵە ، بـەڵام نـە ( خەونەكــە ) نــە ( وەهمەكــە ) ڕۆحــى زينــدووى قەســيدەكەيان نەخنكانــدووە . بەواتايــەكى ســادەتر ، ( موحســين ئــاوارە ) خــۆى لەســێبەرى ( Donkishot ) ى قارەمــانى ڕۆمانەكــەى ( M.C. Gervantes 1547 – 1616 ) دا شاردۆتەوەو جۆرە نەمرييـەكى ، لە ڕێى ئەم دەقەوە ، بەخۆى بەخشيووە . ئەم قارەمانە (( لـەناو وەهـم دەژيا ، كەچى ئەوە سەدان ساڵە ئەو بەرهەمـە ، بەڕاسـتى و بەزنـدووى لەناوماندا دەژى . ))[٢]

---

(١) www.dengekan.info/ dengekan/1 / html.

(٢) سەرچاوەى پێشوو .

پوختــەی ، خەونەکــەی ( ئــاوارە ) گەمــەکردنێکی هونــەری جوانــە لەنێوان ( خەون و وەهم و شاعیر و دەقێکی شیعریدا ) .

شیتەڵکردنی هەموو کۆدەکانی ئەم قەسیدەیە ڕێزبەندێکی دوورو درێژی گەرەکە کە نامەوێ لێرەدا سەری خوێنەری پێ بهێشێنم و بۆ خۆیانی بەجێ دێڵم بۆ بەدوا چوون و ڕاڤەکردنیان ، تەنیا ئەو واتاو دەستەواژویانە تۆمار دەکەم ، کە دەکرێ وەك کۆدو ڕەمز ، لەدەقەکەدا هەڵسەنگاندیان بۆ بکرێ: ( تاجی خەون / بازی وەهم / گریمانەی خەیاڵدروو / گەرەکی گومان / ژمارەی ٩٩ ی خەون /٢٢/ی تەئویل / کەناری سەراب / شەپۆلە ڕەهاکان / حیکمەت یوتۆبیا / تاریکی ئاو / قوفڵە کلۆمدراوەکان / شمشیر / غوسلی خوێن / تەهارەت / کودیلەی ڕۆح / وەهم خان / مەرەکەبی خوێن / مەحیبەت / ئارامگە / پاندۆڵی پرسیارەکان / هەنگوینە حەرامەکە / گورگی برسی / لەزەتی غەمزەی چاو / وەسوەسەی با / هیسی گومرایی شەو / دەرگەی قەفەز / ئەڵوەستەی ترس / ماری تاریك / چرکەی سەرمەدی ... )

× × ×

×

گەنجینــەی کــەلتووری میللــەتان ، هەمیشــە ، سەرچــاوەیەکی باشــی کەرەستەی شیعرو ئــەدەب بــووەو زۆر شــاکاری نــازداری لێهــەڵێنجراوە .

کەلتووری کوردەواری خۆشمان پڕە لەیاقووت و گەوهەر و عەقیق و مرواری . گەوهەرناسی شارەزا بەردی زۆر بەنرخی تێدا دەدۆزێتەوە شاعیر ( ئارام سالْح     - ۱۹٦۱ ) لەکۆپلە شیعرێکی دا ، لە کۆمەڵە شیعری ( نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت ) ، دەڵێ :

دانی سەدان

خەونم کەوت

ئێی لە مردن

چ درۆزنە !![1]

لەم دەقەشیعرەدا ، کە تەنیا ( ۹ ) وشەو دوو نیشانەی سەرسوڕمانە ، گەمە هونەریەکی جوانی تێدا تەوزیفکراوە ، کە دوو ڕەهەندی هەیە : یەکەم : لەکوردەواریدا ، کەوتنی ددانی سەرەوە لەخەوندا ، پێشبینی مردنی باوك و کەوتنی ددانی ژێرەوەش مردنی دایکی لێ دەکرێ .

جا شاعیر ، نەك هەر لەخەونەکانیدا ( ۳۲ ) ددانەکانی کەوتوون ، بەڵکو بەسەدان ددانی لەدەست داوەو ئێستاش هەر زیندووەو نەمردووە .

---

(۱) نهێنییەکانی ژێر لێوی حەقیقەت . ئارام سالْح . ل ٦۱

دووەم : شاعیر ، تەواو بێزارەو مەرگی خۆی دەخوازێ ، ئەی مردن بۆ نایەیت و رزگارم ناکەی ، ئەی ئەو هەموو ددان کەوتنەی من لەخەونەکانما یانی چی ؟

دەکرێ ، ئەم دەقە وەك ئایرونێل ( Irony ) وەریگرین و وای ڕاڤە بۆبکەین ، کەشاعیر ، بەتەوسەوە گاڵتە بەمردن و بەلێکدانەوە کەلتووریەکەی کوردەواری دەکات .

کۆدەکان ، ئاشکرا ، ماناکانیان بەدەستەوە دەدەن ، لەم خەونە کورتەدا :

← ددان — خەون و ئارەزوو

← کەوتنی ددان — مەرگ و نوشووستی

← ئێی !! — تەحەدا کردن و خۆڕاگرتن

← درۆزنایەتی مردوو — بەتاڵکردنەوەی ڕاڤە باوەکەی ددان کەوتن وەك لەفۆلکلۆری کوردیدا هاتووە

دەکرێ ، دەقە شیعر تۆکمەو لەبار ، پتر ، لە شیکردنەوەیەکی بۆ بکرێت . ماڵئاوایی ( بەهار )ی دەستگیرانی ( ئارام ساڵح ) و بەجێهێشتنی شاعیر بە تاك و تەنیای لە دنیای نامرادی و دڵشکێن و بێمروەتی ، وای لەشاعیر کردووە ، شەو ئاوات بخوازێ ددانێکی بکەوێ و پێشبینی و مووژدەی مەرگی خۆی پێبدات ، چوون ئەو دەستی

لەدنیای ( بێ بەهار ) هەڵگرتووەو هیچ تروسکە رووناکییەکی تێدا بەدی ناکات .[1]

نموونەی گەمەی هونەری لەخەونە شیعری کوردیدا ، زۆرەو هەر دەقەی بەتام چێژو بۆن بەرامەیەکی تایبەتی خۆیەوە ، هونەرەکەی نمایشکردووە لە بازاری ئەدەبدا . ئەوەتا ( کەژاڵ ئەحمەد ١٩٦٧ ) لەقەسیدەی ( هەریەکجار بۆم هەیە ) کە لە دیوانەکەی دا هەیە ، دەڵێ :

بەداخەوە

یەکجار بۆم هەیە کچێنی ببەخشم

دەنا لەڕۆژێکا سەدجار

دەبووم بەژنی قەسیدە و

دیسان دەشبوومەوە بەکچ

کچی هەموو خەونەکانت .[2]

باڵا دەستی و بلیمەتی ( کەژاڵ ئەحمەد ) لەم دەقە شیعریەدا ، لە دەووری دەستەواژەی ( خەونەکانت ) کۆدەبێتەوە .

---

([1]) ( بەهاری ) دەستگیرانی ( ئارام ساڵح ) لە سەروبەندی ئاهەنگێرانی بووکێنی گیانی لەدەستدا .

([2]) دیوانی کەژاڵ ئەحمەد . ل ٤٣٣

ئەو ڕووی لەشاعیرە خۆشەویسیەکەی خۆی دەکا و بەسەر شاکارەکانی دا هەڵدەڵێ و لەدڵەوە تەمەنا دەکا پیرۆزترین و بەنرخترین دیاری کچانەی خۆی پێشکەش بکا ، ئەم دیارییەش ( کچێنی خۆیەتی ) . جا نەك هەر یەك جار ، بەڵکو ( لەڕۆژیکا سەدجار ) . هەرجارێکیش هەر بە ( کچێنی ) بێتەوە لای ، شاعیر بە دەستەواژەی ( کچی هەموو خەونەکانت ، فەرهەنگێك دەخاتە بەردەم شاعیری هاوڕێی و دەرگای جیهانێکی بێسنووری بەڕوودا والاّ دەکا . وشەی ( خەونەکانت ) هەم ( کۆ )یەو هەم ( نەکیرە ) ، ئەوا تەنیاو تەنیا هەر شاعیر ( کەژاڵ ئەحمەد )ە کە دەزانی ( خەونەکانی ) ئەو چین و چۆنن !
جوانکارییە هونەرکەی ئەم دەقە لەمەدایە :
یەك : ( کەژاڵ ) وەکو کچێك دەزانێ ، کە قەت هیچ شتێ شك نابات ، کە وەك دیاری ، بەقەد ( کچێنی ) خۆی پیرۆزو پاك و بەنرخ بێت . بەخشینەوەی ئەو دیارییە ، هەمیشە ، هەماهەنگە لەگەڵ دنیاێك لەیادەوەری و زام و ژان و خەندەی دوا ڕۆژ .
دوو : ( خەونەکانت ) ، دوا وشەی کۆپلە شیعرەکەیەو دەقەکە قوفڵ دەدات . بەلاّم لەهەمان کاتدا ، هەر ئەم دەستەواژە دەبێتە کلیل و سندووقە سیحراویەکەی ( سندوباد ) دەکاتەوەو کە پەیامگر دەگەیێنێتە ترۆپکی ختووکەو ڕاچڵەکین . ئەم دەستەواژەیە ( خەونەکانت ) پێی دەگوترێت ترۆپکی کۆپلە یان دەق ( Stank

Climax ) جـا ئـەوەی کـە سـیمای شیعریەشـی بەخەونەکـە داوە ، وشەی ( کچی ) یە لە ( کچی هەموو خەونەکانت ) . بە ڕەشکردنەوەی وشەی ( کچی ) واتا گەر تەنیا بڵێ ( هەموو خەونـەکانت ) دەقەکە لاڵ و مردار دەبێتەوە . جا دەستڕەنگینی ( کەژاڵ ) لەم دەقە لەوە دایە کـە هێندە ئەم زاتـەی خـۆش دەوێ ، ئـەو نـەك هـەر ( کچێنی ) خـۆی پـێ دەبەخشێ وەك دیاری و خەڵات ، بەڵکو کچێنی هـەزاران هـەزار کیژۆڵـە و کەنیشکی تریش . بڕوانە ( کچی هـەموو خەونـەکانت – خەونـەکانی شاعیری هاوڕێی ) .

نابـێ لێـرەدا ڕووسـووری و جەسوری ( کـەژاڵ ) لـەم دەقـەدا فـەرامۆش بکرێــت ، کـــە تـــەیمان و شـــورەی کـــەلتووری خێڵـــەکی کـــوردەواری تێکشکاندوەو ، بـە دەنـگێکـی زوڵاڵو پـڕ جـۆش باسـی ( کچێنی ) خـۆی دەکا و نەریتی خەنجەر سالاریی دەخاتە ژێر پێی خۆیەوە !

## هەشتەم

### وێنەی هونەری ئیرۆتیك و سێکسی لەخەونە – شیعری کوردیدا

( Joseph Messinger 1945 – 2012 ) ، نووسـەری کتێبـی ( زمانی دەروونی – جەستە )

( Le Language Psy du corp ) دەڵێ : (( ئـەرێ ! نـاكرێ نـاوە ناوە زمانی گوتارمـان نـەختێ ڕووتكەینـەوەو گەلاّتووەكـەی كـە حـەیای لەژێر شاردراوەتەوە لابەرین ؟ )) [1]

لــە دیــدی ئــەم گوتەیــەی ســەرەوە دەچــینە نــاو بابەتەكــەوە كــە راماندەكێشێ بـەرەو زاراوە ناسـراوەكەی ( S.Freud ) دەربـارەی سێكس ، ئەویش زاراوەی ( Libido ) یە كە بەكوردی مانـای ( ئـاڵۆش ، ئارەزووی جووت بوون ) دەدات ، پێناسـەی دەروونناسـییەكەی دەڵێ : (( گەڕان بەدوای تێركردنی سێكس و ترۆپكی چێژ وەرگـرتن لـەلای ( نێر ومی )وە دێت . ))[2]

( Carl Jung 1875 – 1961 ) كەزانایـەكی سویسـرای بابـەتی ( Psycho therapy ) یـە ، دەڵـێ : (( ئاڵۆشـی ، سەرچـاوەی وزەی دەروونە جا بەهەر شكل و شێوەیەك بێت . ))[3]

هەرچــەندە ( S.Freud ) زۆر دوورتــر دەڕوات و بــە وزەیــەكی غـەریزی پێناسـەی دەكـات ، لـەنێوان مـن و بابـەت و كەسـەكە ، بۆیـە ڕۆڵێكی ( ئاڵۆشی ) بە داینەمۆی ڕێكخستنی چەمكی پەیوەنـدی نێـوان

---

([1]) لغة الجسد النفسية . ت . محمد عبدالكريم . ص . ١٥٥

([2]) سایكۆلۆژی گشتی . د. كەریم شەریف قەرەچەتانی .ل ٣١٣

([3]) سەرچاوەی پێشوو .

تــاك و خۆشەویســتی دێــت . [1] لەگــەڵ پێشــكەوتنە تەكنــەلۆژی و زانیارییەكانی ئەم سەردەمەو پتر شۆڕ بوونەوە بەناخی بابەتە سێكسی و دەروونییەكانــەوە ، لەســایە ســەری توێــژەرو لێكۆڵــەرو زاناكانــەوە سەلماندراوە كـە ترۆپكی چێژوەرگرتنی سێكسی سنوورو بـوارێكی زۆر بەریترو فراوانتری هەیە لـەوەی كەپێشـتر پێیزانرابـوو . مـرۆڤ دەتـوانی لە دەرەوەی پرۆسەی سێكسی ئەم چێژە وەرگرێ ، وەك لە چركە ساتی وەدەست هێنانی سەركەوتنی گەورەو یان وەبەرهێنانی شاكارو داهێنـان و دۆزینـەوەی مـەزن ، یـان گەیشـتن بەئاواتـە باڵایـەكانی ڕۆژانـەی یـان ژیان .[2] لەلاپەڕەكانی پێشـتردا تیشكمان خستە سەر ئـەو چـەپاندن و كپكردنـەی كـە ( S.Freud ) زۆر باسـی لێوەدەكات و ڕۆڵـی خراپـی ئەوان لـە گواسـتنەوەی ڕووداوە خەفـەكراوەكان بـۆ بـواری نەسـت . زۆر بـە وردی شـیدەكاتەوە . ڕاسـتە حـەزو خولیاكـانی مـرۆڤ هەمـە جـۆرو زۆرن ، وەڵێ زاناكان چەخت لەسەر ئەم سێ بوارەی خـوارەوە دەكەنـەوە :

١- ئارەزوو بژێوییەكان .
٢- ئارەزوو سێكسییەكان .

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو .

([2]) سەرچاوەی پێشوو .

### ٣- ئارەزوو خوازراوەكان ( ئیعتیارییەكان . )[١]

داب و نـــەریت و ئـــایین و هۆكـــارە كۆمەڵایەتییـــەكانی كۆمەڵگـــەی كـوردەواری ، ڕێگربـوون ، لەبـەردەم قسـەكردن و دەربڕینـی هەسـتی دەروونـی تاكـەكانی لـەنێر و مـێ ، لەمـەڕ تیرۆتیـك و سـێكس دا ، لـە هـەموو بوارەكـانی ژیـانی ئاسـایدا . تاكـە كـەس كـە تاڕادەیـەك هـەڵی شـكاندنی ئـەم بەربەسـت و تەیمانـەی هـەبووە شـاعیر و شـایەرو گۆرانیبێـژەكان بـوون . ئـەوان خـاوەن خـەیاڵ و سروشـتێكی بـەرینترو باڵاترن لە كەسانی ئاسایی تردا . )) چونكە عـەقلی شاراوە ، شوێنگەی تیـا گیرسـانەوەی سروشـت و دۆزینـەوەی ئیلهامەكانـە . هـەروەها سەرچـاوەی عەبقەریـەت و پێغەمبەرایـەتی و داهێنـان و ئـەو جـۆرە شتانەیە ، بۆیە هـەن دەڵێن ، عـەقڵی شاراوە بریتییـە لـە ( ڕۆح ) یـان بەڕای هێنـدێكیان بەشێكە لـەو خودایـەی كە لـە مـرۆڤ دا تواوەتـەوە . ))[٢] لـــەم بڕگەیـــەدا مەبەســـتمان لـــە ( ئیرۆتیـــك ( Erotic ) : رووتەمەنی ) ، هەر شتێكە كـە (( بـاس لەحـەزو ئـارەزووە نهێنییـەكان بكات ، باس لەجوانی لەش و لارو جولانەوەی لـەش و ڕەفتـاری ناسـك و نۆڵی و گەمە دلّدارییەكان و ڕاموسان و ئاوێزان و دەستبازی بكـات . تـا

---

( ١ ) سەرچاوەی پێشوو . ل ٣٧٢

( ٢ ) هێزەكانی نەست یان نهێنیەكانی كەسی سەركەوتوو . و.كەمال عەلی . ل ١٦٦

ئـەو ڕادەیـە دەگاتـە توخـوبی سـێکس . )) [1] لـەپراکتیزەکردنی ئـەم تیۆریانەی سەرەوە بابەتەکە دابەش دەکەین بەسەر سێ تەوەر :

تەوەری یەکەم : خەونە — شیعریە بەسەرەکان

تەوەری دووەم : خەونە — شیعریە نیمچەڕووتەکان

تەوەری سێیەم : خەونە — شیعرە سێکییەکان .

تـەوەری یەکـەم : خەونـە شـیعریە بەسـەرەکان : ڕومـاڵی ئـەم دەقـە شـیعرانە دەکـات کـە ڕووی دەمیـان لـە ئەندامـە سێکسـییەکان ناکـەن و خۆیان بـەڕەفتاری سـێکییەکانەوە سـەرقاڵ ناکـەن و خوێندنـەوەیان بـۆ پەرچە کردارەسێکسییەکانەوە نییە . وەلێ لەژێر پـەردەوە بـە ئاوێنـەی وێنـە هونـەری و ئەندێشـەی شـاعیرانەو وەسـتاکاری لەسـنعەتی شـیعر داڕشتن و هۆنینەوەدا ، زۆر سیماو چێژو بۆن و بەرامی دنیای ئیرۆتیك و سێکسـیان تێدایـە و . شـاعیر لـە ڕێـی کەرەسـتە شـیعریەکانیەوە ، لەڕەمز و چـەفەنگ و مـەجازو ئیسـتاتیکاو ئەفرانـدن و ڕەوانبێژییـەوە مەرام و مەقسەدی خۆی دەنووسێتەوە . چێژوەرگرتن لەم جۆرە دەقـە شـیعرە چـار شـێو بەسـەرانە ، نـەختی ڕۆشـنبیری و ئاشـنایەتی دنیـای ئەدەب و شیعری گەرەکە .

---

( [1] ) گۆڤاری کۆسار . ژمارە ٤ . ل ١٦٢ .

( قوبادی جەلی زادە ) لەقەسیدەی ( ژنێك لەبن دووشی حەمامدا ) دەڵێ :

پشتت تاتە بەردێکە لە پەنیر

دلۆپ دلۆپ ئاو

بەمەندیلی کەفەوە

بە بەرزاییەکانی خوار کەمەر

سوجدە دەبەن . [1]

وێنە هۆنراوەکانی ئەم کۆپلە خەونە – شیعرە ، پڕ ڕەوانبێژییە ، چەندین ڕەنگی کاڵ و تۆخی سێکسی لەنێو حەرف و وشەکانیدا شاردۆتەوە . شاعیر ، کارامانە و وەستایانە زیندە خەوێکی خۆیمان بۆ تۆمار دەکا . بێگومان ، ئەو لەناو حەمامدا ئەم قەسیدەیەی نەنووسیوە ، کەواتە ئەندیشە بەرەڵایەکەی شاعیرە ، ئەم دیمەنە ئیرۆتیکەی بۆ ئێمە نەخشاندووە . لەم کۆپلەیەدا ، تەنیا دوو وشە هەیە ، کە پەیوەستن بەجەستەی ژنە خۆشۆرەکەی حەمام : وشەی ( پشت ) و وشەی ( خوارکەمەر ) وەڵێ دوو پەردەی نازداری پڕ لە ئیرۆتیك نمایشدەکا :

---

([1]) باخچەکانی مەلك تاوس . قوبادی جەلی زادە . ل ٣٠٠ .

یەکەم : دیمەنێکی جەستە و ڕۆح ورژێنەر : ژنێك کە پشتی لەئێمە کردووە ، بەڕووتی ، خەریکی خۆشتنە . ئەم پشتە ساف و لووس و جوانە ، تاتە بەردێکە ، بەڵام تاتە بەردێك لەپەنیری سپی شیری مەڕ — کە مرۆڤ ئارەزووی خواردنی ئەم چەشنە پەنیرە دەکاو ئاو بەزاریدا دێتە خوارەوە .

دڵۆپە ئاوە کەفاویەکان ، هێواش هێواش بەسەر ئەم پشتە نازدارەدا دێتە خوارەوە . جووڵەی ئەم دڵۆپە ئاوانە ، موچڕك بەجەستەی مرۆڤدا دێنن ، لەدامێنی ئەم تاتە بەردە سپییەدا ، جووتە سمتێکی توند و تۆڵ وەك بەرزایی گردەکان دەبینرێن .

دووەم : گرتە ئیرۆتیکیەکە دەگوازرێتەوە بۆ گرتەیەکی سێکسی — ئامێز . چۆنیەتی پرۆسە سێکسییەکە نیشاندەدا :

دڵۆپە ئاوەکان لەسەر تاتە بەردی پشت ، نوێژدەکەن و سوجدە بۆ گردۆڵکە بەرزەکانی خوار کەمەر دەبەن . دڵۆپە ئاوەکان پلەی و مەقامی باوەڕدارو مەلایان وەرگرتووە ، ئەوەتا مەندیلی سپی ( کەفیان ) بەسەرەوەیە . ڕێز ڕێزو صەف صەف لەسەر تاتە بەردەکا ڕاوەستن و طقوس عیبادەت بەڕێوە دەبەن . لەکاتی سوجدە بردن ڕوویان لەقیبلە نەکردووە . قیبلەی ئەوان دوو گردۆڵکە خڕو پڕو نەرمەکانی ئەو ژنە ڕووتەن . سوجدە ، بەشێکە لە چۆنیەتی نوێژ کردن ، ئێستا نوێژەکە لەسەر پشتی ئەم ژنەدا ئەنجامدەدرێت ، کەواتە

، نوێژ جووله و حەرەکە و بەرز بوونەوەو نوشتانەوەو سوجدە بردن و خوێندنەوە و دوعا و نزاکردنی تێدایە ، ئەمانەش ، بەدیوێکی تر ، لە نوێژی سەر پشتی ژنەکەدا ، لەشێوەی حەرەکات و هاتنە خوارەوەی دڵۆپە ئاوەکان و سوجدە بردنیان ، بە ئاخ و ئاە و چرپەی سێکسییەوە ئەنجامدەدرێت . مەحاڵە ، خوێنەر ، بتوانێ ڕووی خۆی لەم گرتە ئیرۆتێک و سێکسیانەی ئەم دەقە شیعریەی ( قوبادی جەلی زادە ) وەرگێرێ هەر چەندە خۆی دوورە پەرێز و تەقوادار نیشاندا .

× × ×

×

( حاجی قادری کۆیی ) لە غەزەلی ( غەم مەخۆ بۆ نان و خوانت ) دا دەڵێ :

دولبەرم ، بەر مامکی دابوو لەبەر ئێشی ددان

وا دەزانن ڕوومەتیم ئەمشەو لەخەودا گەستووە [١]

ئەم بەیتە شیعرە کە هاوشانی بەیتەکانی شاکارەکەی ( حاجی ) یە : ( گوتم بە بەختی خەواڵو ) ، هونەرمەندان ، بەخامەیەکی پڕ ئیستاتیکای جوانی و ئەدەبی دارێژراوە . چەپکە وشەیەکی ئاگرینی پڕ سۆزەو موحیبەت ، وەك خەونە فلاشباك ، سوومان دەکاتەوە بە

---

([١]) دیوانی حاجی قادری کۆیی . ل ١٣٢ .

گرتـەی ماچـێکی ئیرۆتێکـی شـاعیرانە ! هەسـتە جۆشـدراوەکانی نێـو وشـەی ( دولبـەر ، ڕوومـەت ، شـەو ، لەخـەودا ، گەسـتن ) وە دووبـارە بوونـەوەی ئـازارە گیانییـەکی خوێنـەر بـە حاڵـەتی ( ژن و ئـازاری ددان دولبەرەکەی حاجی ) .

کە چارشێو ، لەسەر ڕووی ئەم دەقە خەون ئامێزە لادەدەین ، ئەم دیمەنە دەبینین :

نازدارێکی شۆخ و شەنگ و دولبەر . کـە ددانـی ئـێش و ئـازاری هەیـە و کوڵمەکـەی ئاوسـاوە ، لـەنێو شـەوێکی شـاعیرانەدا ، لەپڕخـەی خـەوی خۆش و گەرمدا ، حاجی پڕدەداتێ و ئاوێزانی دەبێ و دوای ڕاموسـان ، لەماچ کردن ناوەستێ ، توند توند کوڵمەی ناسکی پڕ خـوێنی دەگـەزێ گەستنێك تا زامداری نەکا و بەم دەردەی نەبا دەمی لەسەر هەڵ نـاگرێ .

هـیچ پـەیامگرێ نییـە ، بـە خوێندنـەوەی ئـەم بەیتـە ، گرتـەی مـاچ کردنەکەی نەیەتـە پـێش چـاو : جولـە و حـەرەکاتی دەسـت و پەنجـە و لێـو و کوڵمـە و مـەمك و چـاو و بـەژن و بـاڵای ئـەم دوو جەسـتە ئاگرگرتووە ( حاجی و دولبەرەکەی ) ، ئەوە جگە لەتامی ماچ و دەنگی مرچە مرچ و بۆنی گەردن و بن بسك و ئارەقەی نێو مەمکان . ئەمانـە گشتیان ڕەنگە ئاوێتە بووەکانی ئەم دیمەنەن .

( حـاجی قـادری کـۆیی ) بـەم بەیتـە نازدارانـەی ئـەم رەخنەگرانـە ، دەمکوت دەکات ، کە پێیان وایە شیعرەکانی ( حاجی ) سادەو ساکارن و بیرو ئەندێشەی قولیان تێدا نییە !

( حـاجی قـادری کـۆیی ) بەجوانـە – ڕاڤەیـەکی ( حسـن التعلیـل )ی یـەکجار بـاڵا ، لـە دیمـەنی هونـەری و ڕەوانبێژیـدا ، هۆکـاری بەرمـەمك بەستنی دلبەرەکەیمان بۆ تەفسیردەکات .

- جوانـە – ڕاڤـە – کـە مـن لـەبری ( حسـن التعلیـل ) بـەکارم هێنـاوە ، جۆرە هونەرێکی ڕەوانبێژیە ، تەفسیرو ڕاڤەی جوان و سەرنج ڕاکێش ، بۆ ڕووداو و شتەکان دەخولقێنێ .

× × ×

×

شاعیری غـەزلخوان عاشـقان ( وەفـایی ) لەغـەزەلی ( شـەو لەخـەودا مـن چراغ بووم ) دەڵێ :

شەوقی دامن ڕووی دەمن کرد

دیم شەوم بێ بۆسەتە رۆژ

من دەسووتام من عەجەب مام

من چراغ بووم یان چراغ ؟!

دڵ لەلابێ ، تەن لەلابێ ، وەك

نەیشان ئاوری گرت

مەسجید و دێرو کلیسا ماوە پڕ تابان چراغ .[1]

لـەم دەقـە بـەرزەی ( وەفـایی ) بـۆ سـۆدرەی سـەدان یـەك تاكـە وشـەی سێکسی یان نـاوی ئەنـدامێکی ژنـی تێـدا نییـە ، وەلێ هێنـدە بلیمـەت و شـاعیرانە دارێــژاوە ، جــوانترین گرتــەی ئیرۆتیکــی ورژێنــەری تێــدا نەخشێندراوە .
( وەفـای ) وا باسـی ئـەو شـەوەو ژوانـە دەکـات : هەرکـە دولبـەر ڕووی خـۆی لـەمن کـرد ، وەك چـرا کولمـە و چـاو شـەوقیانداوە ، دنیـا بـوو بـەڕۆژی ڕوونـاك ، ئـەم جوانییـەو شـەوقە وەك قامیشـەلان ئـاگری بەردایـە ڕۆح و جەسـتەم . تـا گەیشـتمە ترۆپکـی چێژی خۆشـی ، کـە نەمــدەزانی ، چــرا چــرایە ، یــاخود خــودی خــۆم . بــووم بەچــرا . دەستەواژەی ( دڵ لەلابێ ، تەن لەلابێ ) ئاماژەیەکی دیـارە بـۆ هەوەسـە سـێکییەکەی شـاعیر نـەك هـەر بـەدڵ بـەڵکو کۆئەنـدامی نێرینەشـی ورژاندووە .
بروانـە ، چـۆن بۆچـوونەکەی ( S. Freud ) لـە مـەڕ ( Libido ) ، ڕاست دەردەچێ ، کـە چێژی سێکسـی مـەرج نییـە هـەر لـەڕێی پرۆسـە

[1] ) دیوانی وەفایی . نەیشان : قامیشەلان . ل ٤٤ .

سێکسییەکاندا بێتـەدی ، بـەڵکو دیـاردەی تـریش هـەن ، هـەمان چێژ دەبەخشن ، وەك ئەم ژووانەی ( وەفایی و دڵدارەکەی ) !

تەوەری دووەم : خەونە – شیعرە نیمچە ڕووتەکان :

چ ڕووکەشی ناوەڕۆك و چ ناوئاخنی بیرۆکەی ئەم جۆرە خەونە شیعرە ، خاڵی نین لە وشەو واتاو تـەعبیرو ئامـاژە کـردن بـۆ جەسـتەی جـوانی ژن و ئەندامـە سێکسـییەکانی مـرۆڤ ، فەرهـەنگی وروژانـدنی ڕۆح و جەستەی پەیامگر ( نێر و مێ ) تەیمان و زیبەندی شـەرمی شـکاندووەو شـاعیر راکشـا وتـرو ئاشـکراتر وێنـە هونەریـەکانی نمایشـدەکا و بەجورئەتتر دێتە گۆ . لـەم جۆرە دەقانـەدا ، ئارەزووی حـەزو تاسـەی شاعیرو خوێنـەر بەیەکـەوە دادەمرکێتـەوە ، دەقـەکان زۆرتـر لەخانـەی یادو زهندا دەمینێنەوە . شاعیری جوان پەرست ( هێمن موکریانی ) لە قەسـیدە درێژەکـەی ( بنـاری هـەلگورد )دا ، لـە ( ٢٢ ) بەیتـە شـیعری جـووت سـەروا ، پـەردە شـەرم هەڵـدەماڵی و خـۆی فڕێدەداتـە باوەشـی زیندە خەونێکی پڕ حەژمەت و ئارەزوو و ئەڤین . ناحەقی نیـە ، دوور لەهاوسـەر و زێـد و ئـازیزانی ، دوور لـەخاك و وەتـەن ، تـاك و تـەنیا و ڕەبەن ، لە ژوورۆکەی تەڕ و تاریك ، خـۆی خـۆی دەخواتـەوە و بـەرە و پەری و فریشتەکانی بەهەشتی ( هـەلگورد ) هەڵدەفڕێ ، هـەڵفرینێکی بەرز بەرز و دەڵێت :

پۆلێك پەری شل و مل

بەر موور و ملوانکە لەمل

...........................

بەژن باریك و خڕو پڕ

سەری کوڵمەیان دەیداگڕ

لەشیان بەتین و گەرم بوو

باسکیان سەرینی سەرم بوو

یەکێك خۆی لەباڵ دەخزاندم

یەك یەخەی بۆ دەترازاندم

یەك بەناز خۆی ڕێ دەخستم

یەك مەمکی دەنا لە مستم

یەك دەیشێلام ئارام ئارام

یەك قانە قدیلەی دەدام

یەك بۆی دەگوتم گۆرانی

بەچریکەی خۆشی ئاسمانی

یەکێك سەمای بۆ دەکردم

یەك دەستی لە ئەستۆ دەکردم

یەك بە بالۆران دەیدواندم

یەك بە ئەسپایی ڕایدەژاندم

لەو خەوەدا هێشتا لاو بووم

**هێشتا بەنموودو بەرچاوو بووم**

**هێشتا مابووم گوڕ و هێزم**

**هێشتا گەرم بوو ئامێزم**

**هێشتا هەم بوو باهوی قەوی**

**ڕەوکم دەکردن کەوی**

**هێشتا پێم دەکرا دەستبازی**

**گراویم دەکردن رازی**

**هێشتا کەنەفت و پڕ نەبووم**

**(( لەباڵ جوانان دا تێر نەبووم . ))**

**ئـەو دەسـت بـازی و گەمـە سێکسـیی ، لـەم دەقـەدا ، بـۆنی لێـدێ ( گەلـــەبازی سێکســـییە Orgy Sex ) ، کـــە دیـــارە ( هـــێمن ) ئارەزوومەندی بووە لەم دەقـەدا دەبـێ ئـەوەش بگـوترێ نـاوەڕۆکی ئـەم قەسـیدەیە ئیرۆتێـك نییـە ، بـەڵکو هـەڵگری پـەیامێکی مەزنـە . کـە لەبەرچـی ڕۆڵـەی کوردسـتان ئـاوا مـەحروم کـراون لـە بەهەشـتەکانی خۆیـان کـە مەفتەنەکەیانـە ، ئـەم قەسیدەیە پـڕە لـە ووشـە و جوڵـەی ئیرۆتێکی و سێکسی ، ڕەمز و جەفـەنگ بەکارنـەهاتووە ، چوون شـاعیر لەبارە خەفەکراوەکەی دەروونـی ئـازادە و لـەدنیای سەربەسـتی نەسـتدا شیعر دەڵێ .**

× × ×

دەبینین لەم دەقە خەونە شیعرە نیمچە ڕووتەدا شاعیر دەبێ بەدوو نیوە ، نیوەیەکی کەسێکی بەئاگا و بەخەبەرە و لەژێر یاساو ڕێسا و رکێفی کۆمەڵ و دەووربەردایە و تەواو ئازاد نییە .
نیوەکەی تری ، ( خودە ئاژەڵ ) یەکەیە ، وەك ( S. Freud ) گوتەنی (( مەست و بێهۆش و سەرمەست ، تەواو تواوەتەوە لە دنیای لەزەت و شەهوەت و رابواردن و گوێنەدان بە ئیعتبار و بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەلگا. [1] شاعیر لێرەدا ، هانا بۆ هێما و رەمز نابات و دەنگی حەزەکانی هەڵدەبڕی ، وەك هەر خۆی و خۆی بێت لە ژوورەکەیدا .
خاتوو ( پەری شێخ ساڵح ) لە کۆمەڵە شیعری ( لەسەر شاباڵی دەریا دەنووسم ) ، کە لێوانلێوە لە خەونی خۆش خۆش ، لە کۆپلە شیعرکدا دەڵێ :

بەهاتنت خەون جەستەم دەشوات
بەپێکەنیت وشکی دەکەمەوە ![2]

ئەم کۆپلە حەوت وشەیە ، شانۆگەریەکی سەربەخۆیە بەهەموو ڕەگەز و بنەماکانیەوە .

یەکەی کات ← کاتی هاتن و پێکەنینی خۆشەویستەکەی
یەکەی شوێن ← ژووان بەیەك گەیشتن

---

([1]) علم والحقيقة ، علي الوردي . ل ١١٠ .

([2]) لەسەر شاباڵی دەریا دەنووسم . پەری شێخ ساڵح . ل ١٩٠ .

یەکـەی ڕووداو ← بینینـی خـەون / داپۆشـینی جەسـتە / هـاتنی میوان / پێکەنین / وشك کردنەوەی جەستە .

حیـواری شـانۆنامەکە ← ئاخـاوتنی گـوێگر ، ئاخـاوتنی خـود ، ئاخاوتنی پەیامگر

گرتە ئیرۆتیکەکە ئەمەیە :

کچۆڵەیەك بەخەون جەستەی خۆی دەشوات ئەو کاتەی ( ئەو دێت ) و لەشـە تـەڕو خاوێنەکـەی وشـك دەکاتـەوە بـەئاوازوو نەعمـەو پـەیامی پێکەنینەکەی ( ئەو ) لە پرۆسەی ئـەم خۆشـتنەدا نـەئاو ، نەسابوون ، نەلیفـە ، نـەخاولی وجـوودی نیـە ، ( خـەون و پێکـەنین ) هـەموو کەرستەی ئەم خۆشتنەیە.

ئەوەی کە دیمەنە ئیرۆتیکەکـە جوانتر و کاریگـەر تردەکا ئەوەیـە ، کـە دەقە ، لەزاری کچە شـاعیرێکەوە ، دەخوێندرێتـەوە یـان دەگـوترێتـەوە ، ئـەمیش هێنـدەی دی خوێنەرەکـە بەتایبـەتی نێرینـەکان سـەر پشـتی ئەسپە شێتی خەیاڵ و بەهێز رایان دەچڵەکێنێ و مەستیان دەکا .

ئـاوازی وشـەی ( بـەهاتنت ) ( بەپێکـەنینت ) ختووکـەیان بـە میوانـە خۆشەویستەکەی دەدا و ، لەهەمووومان پتر چێژ لـەم دەقـە وەردەگـرێ ، ئەمــەیش لــە پێشکەشــکردنی جــوانترین چــەپکە گــوڵ بــەنرختر و کاریگەرترە .

ئەم دەقە شیعرەی ( پەری شێخ سالْح ) ڕەنگێکی دەقە شیعریەکەی ( کەژالْ ئەحمەد ) دەنوێنێ ، لەپێشوازی کردنی هەردووکیان بۆ خۆشەویستەکانیان و ڕێزلێگرتنیان .

× × ×

×

ئەو کاتەی مرۆڤ شەرم دەکات ، حەز دەکات خۆی بەدیار نەخات و هەوڵی خۆشاردنەوە دەدات . بەهەمان شێوە بۆ پەردە پۆشکردنی ئەو حەز و گوتار و کارانەی ، کە کۆمەڵگا بە بقەی دادەنێ ، هانا بۆ ڕەمزو هێما دەبا . ئەمە گوتەی ( S. Freud )ە [1] ( قوبادی جەلی زادە ) لەهەردوو بەرگی ( باخچەکانی مەلەك تاووس ) کە دەیان دەقە شیعری نیمچە ڕووتی تێدایە ، بەشێوەیەك لە شێوەکان ، دەچنە ژێر ساباتی خەونە شیعرەوە .

لەدەقە شیعرکا بەناونیشانی ( دز ) دەڵێ :

لەکەلێنی مانگ چیخ و کوللەکانەوە

تەماشای ڕووتیمان دەکات !

لێرەدا ، مانگ بۆتە مرۆڤ و سیفەتی ئەوی دراوەتێ ( بەکەسکردن Personification - واتا پێدانی خاسیەت و سیفات و هەست و سۆز

---

(1) علم والحقيقة ، علي الوردي . ل ١١٥ .

و جموجـۆڵی مـرۆڤ بەپێکهاتـەکانی سروشـت . ) [1] مانگـه دزەکـه ، لـه شـــەوانی هاوینـــدا و لـــه کـــەلێنی چـــیخ و کوللـــەکانی دەووری تەختەبەندەکانی نووستندا ، سەرە تـاتکێکی دەکا و دەڕوانێتـه ئـەو ژن و پیـاوە بـەڕووت و قـووتی خـەوتوون . یەکسـەر پـەیامگر تێـدەگا ، بـۆ ئەوانە ڕووتن ، و گرتـه ئیرۆنیکەکـەی پرۆسـەکەیان دێتـه پـێش چـاو . خـۆگرتن و بـەدزی تەماشـاکردنی کەسـانی تـر ، لـەو سـاتەی خـەریکی کـاری سێکسـین ، نەخۆشـیەکی دەروونییـه و پێـی دەڵـێن ( Voyeurism ) .

جا دەسـتەواژەی ( ڕووتیمـان ) وەك داغـی سـوورکراوە ، چـز لەجـەرگی پەیامگرەوە هەڵدەسێنێ و وەك له سکرینی تیڤییەوە تەماشای گرتەکـه بکات .

دەستەواژەی ( مانـگ و چیخ و کوللەکان و ڕووتیمان ) شوێن و کـات و ڕووداوی دەق ئاشکرا دەکەن و هێمنی مانگەشەو ، ئاسمانی ولا والآی پـڕ ئەستێرەی زریوەدار ، پتر تابلۆکه دەنەخشێنن .

× × × ×

( ئارام ساڵح ) بەنەغمەیەکی تـر ، درەختـەکانی پـاییز بەکـەس دەکـا ( Personifcation ) و بە بەرچاوی ئێمەوە گەمە سێکییەکان ئـەنجام

---

[1] ) وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا . د.هاوژین سلێوە . ل ٨٩

دەدەن ، قۆناغ بەقۆناغ ، بەبێ ئەوەی هیچ شەرمێکمان لێبکەن . ئەو دەڵێ :

درەختە ڕووت و قووتەکان
پاش ئەوەی لەباوەشی پاییز
گەرمەی هەوەس
بەسەر دەبەن
دەچنە بەر دوشی باران و
غوسل لەخۆیان دەردەکەن ![1]

لێرەش ، جوانە – ڕاڤەیەکی ناسك هەیە تەفسیری هۆ گەڵا ڕێزانی درەختەکان و بارینی بارانی سەرەتای پاییز دەکات .

هەموو وێنەکە ئیرۆتیکە . وشە خروشێنەرەکانی بریتین لە ( ڕووت و قووت / گەرمەی هەوەس / دوشی باران / غوسل )

زانایانی دەروونناس ، ئەم خەونانە ، دەبەستنەوە بەجیهانی دەروونی شاعیر ، کە زۆر لەژێر فشاری کوت و زنجیری نەریت و ئایین و کۆمەڵگانە و بۆ ئێمەی ڕەخنەگرو توێژەریش کەرەستەی بەبرشتی خەرمانی شیعری کوردی و ئەدەبەکەمانە .

---

([1]) نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت . ئارام ساڵح . ل ٥١ .

**تەوەری سێیەم : خەونە – شیعرە سێکسییەکان :**

**لە ئەرشیڤی شیعری کوریدا ، دوو جۆرە خەونە شیعری سێکسی دێتە بەرچاو :**

**یەك : خەونە شیعری شەیتانی بوون**

**دوو : خەونە شیعری سێکسی ڕووت .**

**یەك : خەونە شیعری شەیتانی بوون : شەیتانی بوون یان ئیحتلام – ( Noctural Emssion ) کە دیاردەیەکی سروشتییە ، لەئاکامی هێندێ گۆڕانکاری فیسیۆلۆژی لەجەستەی کوڕو کچدا ، دوای تەمەنی هەرزەکاری ڕوودەدا ، دۆخەکەش خەونبینینێکی سێکسی ئامێزە ، دەگاتە قۆناغی پەڕین ( Orgasim ) . هۆکارەکەشی دروست بوونی هۆڕمۆنی ( Testosterone ) کە بەرپرسی تۆی ( Sperm ) پیاوە کە هێلکەی مێینە دەپیتێنێ .**

**ڕێژەی شەیتانی بوونی پیاو کە لە (80٪ ) یە دوو هێندی ڕێژەی شەیتانی بوونی کچە ، مەرج نییە هەموو کەسێکیش ئەزموونی شەیتانی بوونی لەژیاندا هەبێ .**

**لەکۆنەوە ، ڕۆمانییەکان ، وەك دیاردەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دیاردەیە کردووە ، لەئایینی مەسیحیدا نەگوناح و نە تاوانە ، لەلای جوولەکەکان ، دوای خۆ پاککردنەوەش ، کەسی شەیتانی بوو تا ئێوارە ، هەر بە لەش پیس سەیری دەکرێ . بەڵام لەئاینی ئیسلامدا لە**

ڕێگەی ( غوسڵ )ەوە مرۆڤی شەیتانی بوو پاك دەبێتەوە و بەرۆژ و بوونیش بەتاڵ دەبێتەوە .

لە فۆلکلۆری زۆر نەتەوەشدا ، شەیتان ئەنجامدەری ئەم دیاردەیەو هەر خۆشی لەگەڵ کچاندا ، جووت دەبێ . ئەو پرسیارەی ، لێرەدا ، زەقدەبێتەوە ، ئەوەیە ، بۆچی هێندێ لەشاعیران ، شەیتانی بوون ، لەدەقە شیعرەکانیاندا تەوزیف دەکەن .

ڕەنگە ، هۆکارە دەروونیەکەی ، کپکردن و چەپاندن بێ ، کە ( S. Freud ) زۆر بە وردی باسی لێوە کردووە ، دووریش نییە ، شاعیر ، لەم ڕێگەیەوە پیاو سالاری خۆی بسەلمێنێو لەبەردەم ڕەگەزی مێینە خۆی باڵا دەست نیشانبدا .

مامۆستا ( فاتیح عەبدولکەریم ) لە دیوانی ( نالی )دا دەربارەی قەسیدەکەی ( مەستورەخانم ) دەڵێ : (( شیعر زادەی هەست و خەیاڵی زاتی و تاقی کردنەوەیەکی ناوخۆی شاعیرە ، بەرهەمی ڕۆژ و دوخێکی تایبەتییە و باوەڕ ناکەم کەس مافی ئەوەی ببێ ڕێگای دەربڕینی هەست لە گەل بگرێ ...))[1] بۆ پراکیزەکردنی خەونە شیعری شەیتانی بوون ، سێ نموونە لە ئەدەبی کوردیدا دەخەینە روو و بە دەقێکی باڵا دەستدەکەین کە گۆرانیبێژ ( هومەر دزەیی )

---

([1]) دیوانی نالی . مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس و ... ل ٦٤ .

لەبەستەی ( خەون لەخەودا ) – کە دەقێکی فۆلکلۆر – ئامێزی زمان خۆش و شیرینە دەیلێتەوە .

ئەمە دەقەکەیە :

دوێنێ شەو بینیم لەخەوێ
لەسەر جێی بەر مانگە شەوێ
خۆم خزاندە سەر جێی فێنك
نەم هێشت بەر هەناسەم کەوێ
قژی خاوی ، ( با ) لێداوی ، ئاڵۆزاوی
جار جار دای دەپۆشت لەچاوی
خوایە گیان
چەندم خۆش دەوێ !
زۆر بەئەسپایی و بەنەرمی
دەمم برد بۆ لێوی گەرمی
چاوی هەڵێناو پێ گوتم
خەونم ئەدی تۆ هاوسەرمی
نەی هێشت هەستم ،
گرتی دەستم ،
لێوی گەستم ...
موچڕکێکی خۆشی دایگرت

سەر تاپای هەناو و هەستم !

وێکرا تا مەلا بانگدانێ

تێك ئالآن و دەست لەملانێ

لەناکاو دەنگی مەلای هات

دای بڕیم لە بەژنی جوانێ

بەسەر سامی ، بەناکامی ، بێ ئارامی

بەجێم هێشت بەهەشتی خەونم

چاوم پڕبوو لەگریانێ

لەم فلیمە سێکسییەدا ، کات و شوێن و ڕووداو دیاری کراوە ، پرۆسەکە قۆناغ بەقۆناغ هەڵدەکشێ ، لە بینینی دیمەنی کچێکی خەوتووی بەرمانگەشەو ، کە ( با ) یاری بەپرچ و ئەگریجەی دەکا ، ماچکردن و لێوگەستن و ... گەیشتن بە ترۆپکی پەڕین :

نەی هێشت هەستم

گرتی دەستم

لێوی گەستم ...

موچڕکێکی خۆشی دایگرت

سەر تاپای هەناو هەستم !

لە کۆتایشدا ، بەدەنگی بانگی مەلای بەرەبەیان بەخەبەردێت و دەگەڕێتەوە دنیای بێداری . دەقەکە ،کە لێوانلێوە ، لە وشە و ئاواز و

وێنەی هونەری سێکسی کاریگەر کە بەتەواوی پەیامگر دەخاتە ژێر سۆز و هەستی خۆیەوە ، بەئاشکرا ختووکە هاوبەشەکەی ( کوڕ و کچکە ) بەیەکەوە نیشاندەدا ، کەناخی خوێنەر هەر بە دوو ڕەگەزەوە دەهەژێنێ .

× × ×

×

شاعیری چینی چەوساوە و زەحمەتکێشی کورد ( قانع ) ( ) لە قەسیدەی ( خاتوو شەیتان لەخەودا ) ، هەموو سەر و سەلیقەی خۆی ، لە هونەرکاری و دەستڕەنگینی بەکار هێناوە ، لەپێناو خولقاندنی شاکارێکی بالأدا ، کە شایستەی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیە . قەسیدەکە ( ٢٩ ) بەیتی شێوە کلاسیکە ، بە سەروای ( - ەر ) بەیتەکانی کۆتایی دێ .

وێنە هونەری و ڕاپۆرتی ناوەڕۆکی دەقەکە ، وەك دنکە تەزبیح ، بەرێکوپێکی ، بەدوای ئیستاتیکای شیعری دەست و پەنجەی ( قانع ) هۆنراوەتەوە .

لە دەبی کوردیدا ، مەگەر هەر ( شێخ ڕەزای تاڵەبانی ( ١٨١٣ — ١٩١٠ ) توانی بێتی وا بە جورئەت و هونەرسازییەوە ، ئەم جۆرە دەقە بنووسێ .

( قانع ) لەیەکەم بەیتدا وا دەستپێدەکا :

ئەمشەو ، کە بەختم هاتە سەر شیرین جەماڵ وەك قەمەر
فنجانی مەمم ، قەد نەیتەکەر
پرسی لەوەزعی من خەبەر
لەحەوتەمین بەیتەوە ڕا دەڵێ :
کە دەستم خستە سەر ملی
کوشیم دوو لا ڕانی شلی
گەستم دوو چاوی پڕ کلی
وەخت بوو کە ڕۆحم بێتە دەر

.....................................................................................

زانی کەمن شێتی ئەوم . دانیشت لەسەرجێگای شەوم
حەرامی کرد خواردن و خەوم . ئەو شەمع و من چەشنی فەنەر
دامکەنی شەرواڵی گوڵ زەڕی . دەرکەوت کەینی مەڕ مەڕی
زاهیر بوو خەزنەی پر دوڕی ، هەی هەی چ گەنجێ کەوتە دەر ؟
هەستایە پێ حەیتەی زەلام ، لەو مەقسەدەی کردی سەلام
تێکەڵ یەکتر بوون تەمام
وەك خەنجەرو کالانی زەڕ
ئەو کوێرە مارەی سەگ دەمە
هێندە لەخۆی خاتر جەمە
ئەتوت بە مۆری مەحکەمە

نووسراوه بۆی بێ شۆڕ و شەر
وەك گورزی دەستی لەندە هوور
تاوێ لە دەر ، تاوێ لە ژوور
دڕی پەردەی گوڵباخی سوور
کردی بەشیوەن و جەمەر
کاتێ کە هەستام لەو خەوە ،
ڕوانیم کە هێشتا هەر شەوە
کردم لەبۆی شین و کەوە
قوڕم پێوا تا تەوقی سەر . [1]

لەشیکردنەوەی ئەم دەقە خەونە شیعرە دا ئەم خاڵانە دەبینین :

- شاعیر ئەو پەڕی وردەکاری پرۆسەکە و دیمەنی ئەندامە سێکسییەکان باسدەکا .
- یەکجار شانازی بە – هینەکەی – خۆیەوە دەکات و ئەم سیفەتانەی پێبەخشیوە : ( حەیتەی زەلام / کوێرە ماری سەگ دەم / گورزەی دەستی لەندەهوور / خاترجەم ) جووتبوونەکەشی بە ( خەنجەرو کالان زەڕ ) چواندووە .

---

[1] ) دیوانی قانع . برهان قانع . ل

- ( دڕی پـەردەی گوڵبـاخی سـوور ) ئاماژەیـە بـۆ کچێنی کیژۆڵەکـەی باوەش ، وە ( کردی بـە شـیوەن و چـەمەر ) . ئـازار و ژانـی کچەکە نیشاندەدا ، لەم چرکە ساتەی پرۆسە سێکسییەکە ، کە بـە گـوێرەی توێژینەوەکان ، زۆر لەکچان ، لەم کاتەدا ئەم ژان وئازارە دەچێژن .
- وێنـەن هونەرییـەکانی دەقـە ، ئـەزموون و شـارەزایی شـاعیرمان بـۆ دەنرخێنـێ و لـەباری شـەیتانی بـوون و ئەنجامـدانی جـووت بـوونی نێرومێ .
- دەقی ناونیشانەکە : ( خاتوو شەیتان لە خـەودا ) لەگـەڵ بـۆ چـونە کونەکاندا ، یەك دەگرێتەوە ، کە شەیتانی بوون لەلای خودای شـەڕ یان ( شەیتان و ئیبلیسە )ەو سەرچاوە دەگرێ .
- دەقەکە شاکارێکی خەونە – شیعری کەم وێنەیە لە ئەدەبی کوریـدا .
- شیتەڵکردنی دەقەکـە ، دەمانگەێنێتـە ئـەوەی کـە بڵـێن (( ویـژدانی ناخودکـار لـە بابـەتی خەونـدا ، زۆر جـار نیشـانە گـەلێکی تایبـەتی دروسـت دەکـات ، کـە ئـەم نیشـانە تـەنیا بـۆ نیشـاندانەوەی گـرێ سێکسـییەکانن . ئـەم نیشـانانە ، لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی دیکـە چەند جیاوازیەکی جوزئیان هەیە . ))[1]

---

([1]) گۆڤاری رامان . ژمارە ١٧٨ . ل ٦٣ .

× × ×

×

شاعیر ( قاسم شێروانی - ١٩٥٦ ) له قەسیدەی ( زڕە خەون ) كه لـه دیـوانی ( قاچـێك بـۆ شمشـاڵ ) دا تۆمـاری كـردووه پـتر لـه دیـوێكی دەروونه ئاڵۆزەكەی خۆی نمایش دەكا .

قەسیدەكه ، كه ( ٤٥ ) دێـره شیعری ئـازادی ، كێش سێ بڕگەیـه ، كـه كێشێكی قورس و ئاوازداری پڕ ڕیتمه ، بنیاتنراوه . دەستپێكی دەقەكـه دەڵێ :

شەوێكیان

چوومه نێو بێستانی خەونێكی

تەڕەوه

كۆتا دێڕیش ئەمەیه :

هەر خەون بوو ، ئەو خۆشیەشم

ناچیته ناو هیچ ئەلبومێكەوه . )) [1]

له نێوان ( چوونه نێو بێستانی خەون ) و ( ئەلبومێكی خاڵی و بـەتاڵ ) ، شـاعیر بـه چـەندین وێنـەی هونـەری ڕەنگاوڕەنگ ، ڕۆح ورژێنـەر ،

---

(١) دیوانی ( قاچێك بۆ شمشاڵ . قاسم شێروانی . ل ١١٢

دەستمان دەگرێ و بەناو ئەو ( بێستانە ) خۆشەی ئەو ( خەونە تەڕەوە ) دەمانگێڕێ . جگە لەجوانی ، چاو شتێکی تر بەدی ناکا ، جگە لە سۆز و موحیبەت ، ڕۆح هەستێکی تر شك نابات و جەستەش جارێ ( بۆنی نوری خودای ) دەگرێ و جارێکی تریش ( چەمە پڕ خۆشیەکانی جەستە ) بەسیحرو نەوا مەست دەکا . ئەوەتا دەڵێ :

گوتت نا
پروشەی بۆنی جوانیمە وا
ڕژاوەتە نێو ڕۆحی بێ هەدادانت
چەشنی ڕژانی بۆنی نوور
لەفانتازیای تەنهای خودا
ویستم بێن بە جوانییەکانتەوە بنێم
ئەو خەونەم چرکەی لە سیحر و نەشئەی نەوا
چەمە پڕ خرۆشیەکانی جەستەی وەك کافوور
پڕکەم لەخۆشاوی نرکە و ناڵەی ئەلها
تۆش رۆحم پرکەی لە عیشقی خودایی
لە جیلوەی جواناوی ماهی فەڕ
دەمم نا بە هێشووی
چووتە لێوی تەڕ

بەھ بەھ  چ حەشرێکیان پێکردم
کلّپە و پەڕەنگی جووتێ مەمکی سرکراوم
ڕۆحم چەشنی بەڕوی ناو پەنگر
ئارەقە و هالاّوی شەیدای دەردەدا
خۆت شەلال و مەست بووی
بە چۆڕاوگەی هەڵمی خرۆشان .

ئەم دەقە - خەونە شیعرە ئەم تیشکانەی تێدا دەدرەوشێتەوە :

- چێژ و لەزەتە سێکسییەکە ، یەك لایەنە نییە . جووتە عاشق و مەعشوقێك ، وەك تریفەی مانگ و جریووەی ئەستێرە ، تێکەڵ بەیەك بوون .
- ئەوان عەودالّی چێژی ختووکەی ڕۆحن و جەستە بەلایانەوە بوونی نییە .
- بە ئەرشیف کردنی ، بەشێك لەتەمەنی شاعیر ، دەستەواژەی ( یەکی شوبات / قاچی بڕوا / دارشەقەکەم / شلّپ کەوتم ) ئاماژەیە بۆ ئەو چرکە ساتەی کە تێیدا شاعیر ، لە تەقینەوەکانی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ ، لە هەولێر ، قاچێکی لەدەستدا .
- دارشتنی هاوکێشەیەکی فرە ڕەگەز پەل و پۆ ، لەزەمەنی ڕابردوو ، ئێستا ، داهاتوو ) تێکەڵ بەیەکتری کراون .

( شەوێکیان + عیشقی ئەزەلی + هەڕەتی بەر یەکی شوبات + ناچێتە ناو هـیچ ) کـۆی ئـەم هاوکێشـەیەن. زمـانی دەقـە خەونەکـە ، ئاگرینـە ، چەندە پڕ سۆزە ، هێندەش سووتێنەرە ، شـاعیر ، بـە پرۆفیشـناڵیەوە ، بـەدوای وشـە و ، ئـاواز و وێنـەی خـەیاڵاوی گونجـاودا مانـدوو بـووە شـیکردنەوەی وێنـە هونەریـەکانی ، تـەورێکی گەرەکـە ، کـە بەداخـەوە لێرەدا ناتوانین جێگای بکەینەوە .

## دووەم : خەونە شیعرە سێکسی ڕووت .

لەو دیوی دنیای هەست و هۆشەوە ، شاعیر بەشاباڵی خـەیاڵ دوور دوور و بەرز بەرز دەفڕێ و بەخەونـە — شـیعرە زینـدوو و بەردەوامـەکانی ، دەگەڕێتـەوە لامـان . شـاعیر ، توانـای هەسـت کـردن و بینینـی ئـەم خەونانەی هەیە ، چونکە ئەو لەترس ناترسێت و لەشـەرم شـەرمناکا ، وەلێ ئێمەی مرۆڤی ئاسایی ، ترسنۆك و شـەرمنین ، نـاوێرین سـەر بـە ژوور و پەنجەرەکانی ئەو دنیایە داگرین .

ئەم خەونە شیعریە سێکسییانەی لێـرەدا ، ئاماژەیـان پێدەکـەین ، پـڕن لە ئیرۆتیك و چێژ و لەززەت و تاسـە . ئـەوە سـەرەڕای جوانی بنیـاد و ئیسـتاتیکای مۆزیـك و وشـە و کـێش و زمـان و ڕەوانبێـژی و وێنـە هونـەری و ئەفرانـدن کـە هـەر ڕەگـەزێك لـەم ڕەگەزانـە لێکۆڵینـەوەو

تویژینەوەی ئەدەبی هەڵدەگرێ . خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە دەقە لەم سەرە قەڵەمانە کورت دەکەینەوە :

- وێنەی هونەری ئیرۆتیك و ورژاندن بابەتی سەرەکین و دەتوانین ناوی لێ بنێین دەقی پۆرنۆگرافی ( Pornography ) واتا دەقێك پڕبێ لە وێنە و نووسینی هەڵماڵراو و هەوەس هەڵسێن . [1]
- بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەوانی سێکسی ، کە لەژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردێ ، وەلێ لە ئەدەبیاتی تۆمارکراودا وەك حەرام و بقە سەیر دەکرێ و جێگای بەئاسانی بۆ ناکرێتەوە .
- دەستبردن بۆ هێندێ کایە و بوار و بابەتی شاردراوە یان چاولێپۆشراو ، کە دەبنە پەنجەرەی تازە بەڕووی داهێنان و تێپەڕاندنی قۆناغە ئەدەبیەکانی پێش خۆیان . هەمیشە شاعیران هەواداری ئەم نەزمە شیعرە ، هەوڵ دەدەن دەست بۆ ئەو کون کەلێنە نەپشکنراوانە بەرن ، کە شاعیرانی پێش خۆیان دەستیان بۆ نەبردووە یان دەستیان پێ ڕانەگەیشتووە .

ئەم دەقە شیعرە خەون ئامێزانە ، بەدرێژایی بوونی ئەدەب بە بەشە فۆلکلۆرەکەشیەوە ، هەمیشە حزوریان هەبووە ، وەلێ لەم سەردەمەدا پتر گەشاوەتەوە .

---

([1]) فەرهەنگی ئازادی . ل ٧٢٩

( قوبادی جەلی زادە ) ، بەو پەڕی ئاگاییەوە ، خۆی لەژێر عەورەتی ژنێکی رووت ، لەنێو حەمامێکی گەرمدا درێژ دەکا و تینوویەتی سێکسی خۆی بە دلۆپە ئاوی رژاوی ( خۆخەکە ) ی ئەو ژنە دەشکێنێ و دەڵێ :

( ڕووت ڕووت )

لەنێو هەردوو پێتدا

لەسەر پشت پاڵ دەکەوم

دەمم پڕ دەکەم لەئاوی ڕژاوی

سەر لەش و

ناو لەشت

ئەوە ئاوە ، یان ڕاوی هەنگوین .[1]

ئەم دەقە کە وێنەیەکی هونەری پڕ ئیرۆتیکی تەڕ و پاراوە و خووتووکە و ورژاندن دەبەخشێتەوە ، دەچێتە ، خانەی زیندە خەونەوە ، چونکە ، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ، نەشاعیر لەحەمامەکە دایە و نەژنەکەش ، ئەوە خەونە دەرگای ئەم خەیاڵەی بۆ دەکاتەوەو دەقە شیعرەکەی بەسەردا دەبارێنێ . لێکدانەوە لایەنە دەروونییەکەی ئەم دەقە بەم شێوەیە :

---

([1]) باخچەکانی مەلەك تاوس . قوبادی جەلی زادە . ل ٢٩٨ .

لەبەر ئەوەی داب و نەریت و پەیوەندیە کۆمەلآیەتییە تەسك سەخت و سەر کوتکەرەکانی کۆمەلگەی کوردەواری ، هێندە کوشندە و بە زەبرن دەرحەق بە دەرخستنی جوانی لەشی ژن و دەربڕینی تاسەی خۆشەویستی و لێك نزیك بوونەوەی ، ئەو دوو ڕەگەزە سووتاوە ، هەمیشە ، جوانییەکان ، دیمەنەکان ، ڕووداوەکان ، حەز و ئارەزووەکان وایان کردووە شاعیر زاری پڕبێ لەئاو ، لە بینین و بیستنی و بۆن کردنی هەر شتێ کە پەیوەست بێ بەژنەوە . واتا دەیان ساڵە شاعیر جوانیەکان قووتدەداتەوە ، حەزەکان قووتدەداتەوە ، جا ئێستا هەر هەموو ئارەزووەکانی تەمەنی لەم چرکە ساتەدا ، وەك کانیاوێك تەقیوەتەوە ، ئەوەتانی شاعیر ، تینیوویەتی تەمەنی بە (( ڕاوی هەنگوین )) لەسەر لەش و ناو لەش ئەو ژنە دەشکێنێ . ( قوبادی جەلی زادە ) لەم دەقەدا دڕۆی لەگەڵ حەزە کپکراوەکەی خۆی نەکردووەو بە کردارێکی خەیاڵ ئامێز ، پەرچە کرداری ئەو خەفەکردن و حەرامکردنەی داب و نەریت و کۆمەلگا دەداتەوە . دیسان ئەم دەقە خەونە شیعرە لە شیتەڵکردنیدا لەگەڵ بۆ چوونەکانی ( S. Freud ) یەکدەگرێتەوە !

× × ×

×

هەر لە دیوانی ( باخچەکانی مەلەك تاوس ) کە چەندها وێنەی – خەونە – شیعری سێکسی ڕووتی تێدایە ، ( قوبادی جەلی زادە ) لە لاپەڕە ( ٢٨٧ ) دەڵێ :

هەنووکە دەمم لەسەر ناوکتە
نازانم لەقژتەوە دابەزیووم
یان بە پەنجەکانی پێتەوە
هەڵکشاوم

کۆدەکانی ئەم دەقە ، وا لێکدەدەمەوە

دەم دەمی شاعیری ، سەرچاوە و ئامرازی چێژ وەرگرتن بەتامکردن و لێسینەوەو ماچ کردن و خواردن و خواردنەوە . دەنگی دەقە شیعریەکانیش هەر لە ڕێگای دەم و زارەوە دەردەچن .

ناوك ناوکی ژنەکە سەنتەری جەستە ، جەمسەری پەیوەستی نێوان کۆرپەلەو دایك لە زێدانـدا . دەروازەیەك بۆ هەناوی کەسەکە .

دابەزین لەقژەوە هەموو ئەو چالاکییە سێکسییانە دەگرێتەوە ، کەشاعیرو ژنەکە ئەنجامیان داوە ، لەدەست لەملانێ و بۆنکردن و مژین و ماچ و گەزتنی کولمەو لێو و گەردن و مەمك و سینە و بن سینە و دەست و پەنجە و شان و مل ،، دواى ئەو سەفەرە درێژە شاعیر ، گەیشتۆتە ( ناوکی ) ژنەکە .

هەنوکە هەر ئێستاکە ، واتا پێش ئێستا دەمی لەسەر شوێنێکی تری جەستەی ژنەکە بووەو ، دوای دەمێکی تریش دەیکوێزێتەوە بۆ سەر شوێنێکی تر .

لەسەر دۆخی ( دەم و زار ) روون نەکراوەتەوە ، کەواتە ڕەنگی بێ ( دەم ) خەریکی ماچ – یان مژین ، یان لێسینەوە ، یان زمان لێدانی ناوکی ژنەکە بێ .

بەپەنجەکانی پێ هەڵکشان ئەو جارەیان سەفەرەکە ، لەبۆنکردن و یاریکردن و لێسینەوە و ماچکردنی هەر دە پەنجەی پێیەکانی ژنەوە دەست پێ دەکا ، بەهەمان گەرم و گوڕی و تاسەوە ، بەرەو پووزو چۆك و ڕان و نێو ڕان و سمت و لەشی ژنەکە هەڵکشاوە .

نازانم شاعیر هێندە مەستە ، نازانێ لەکوێوە دەستی بەسەفەرەکەی سەر جەستەی ئەو ژنە کردووە . لەقژەوە یان لە پەنجەی پێیەوە . ئەمە ئیجای ئەوەمان دەداتێ ، کەوا ئەمە یەکەم جار نییە دادەبەزێ و هەڵدەکشێ بە بەژن و باڵای ڕووتی ئەم ژنە دا بۆیە لێی تێکچووە ، کە لەکام لاوە بەرەو ناوکەکە بەڕێ کەوتووە .

## نۆیەم

### خەونی منداڵان لە خەونە – شیعری کوریدا .

کرۆکی ئەم بڕگەیە ئاشکراکردنی هێندی لایەنی شاراوەی خەونە لە دەقی شیعری کوردیدا کە پەیوەستە بە منداڵ و مێرمنداڵ . دەستپێکیش بە پەیڤێك دەربارەی شیعری جیهانی منداڵان دەخەینە ڕوو . کە باس دێتە سەر شیعر و منداڵ ، وا باشە ئاماژەیەك بەم دوو زاراوەیە بدەین :

یەك شیعری منداڵ : کە بریتییە لەو دەقە ئەدەبییەی منداڵ دەینووسێ ، کە شیعرکە (( ڕوانینی واقیع خوازانەیە بۆ جیهان لە ڕوانگەی منداڵەوە ، واتا باسی واقیعیەتی عەینی و دەروەبیەکانی ئەکا بە پێوانەی ئەزموونی منداڵ ، بە گوتەی ( فرۆید )یش شاعیری منداڵ مرۆڤێکە لەناخو وئاگایدایە و ئەتوانین بەلێکدانەوەی بەرهەمەکانی کەسایەتی ڕۆحی و ڕەوانی ئەو بناسین . ))[1]

دووەم : شیعری منداڵان ( یان شیعر بۆ منداڵان ) مەبەست لەو دەقە شیعرانەیە ، شاعیرەکان لەپاڵ نووسین بۆ گەورەکان ، منداڵەکانیش بەشیعری سادەو ناسك دڵخۆش دەکەن [2] نووسەر ( رەزا شوان ) پوختەی مێژووی شیعری منداڵان دابەش دەکات بۆ قۆناغی سەرەتا ، کە ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆك ناو ئاخنی شیعرەکانە ، دوایی هاتنی

---

(١) http:// www.kurdpress .com/Nsite/Full story / News /ج id = 2618

(٢) ماڵپەڕی رەزا شوان – نەرویج .http: // www. Emro.com/ edebimindlan سیمین چایچی htm

کۆمەڵـە شـاعیرێکی ڕوونـاکبیری وەك ( پیرەمێــرد ، زێــوەر ، مــوفتی پێنجوێنی ، فایق بێکەس ، گۆران ، قانع ) گرۆتینێکی تازە باویان بەم جۆرە شـیعرەدا . لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکان و سـەرەتایی حـەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ، نەوەیـەکی نووسـەری تـازەی ئـەدەبی هاتنـە کایـەوە ، کە ویستیان بەشێوەیەکی پسپۆری و تیۆری و پـەروەردەیی و زانسـتی و بـە پێـی بنـەمای ئـەدەبی منـداڵان ، بناغـەی ئـەدەبی منـداڵانی کـورد دارێـژن ، دوای ڕاپـەڕینی ( ١٩٩١ ) یـش بـوارێکی باشـتر و فـراوانتر بـۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەدەبی منداڵانی کوردمان ڕەخسا و تـا دێش بەرهەمی باشتر و ڕەنگیـنتر پێشکەش بـە منـداڵانی کورد دەکـرێن . [1]
بەڵام ئەم بەرهەمانە بێ کـەم و کـوڕی و رەخنـە لێگـرتن نـین ، ئـەوەتا نووسەر ( عەلی حەمـە ڕەشـید بـەرزنجی ) پێیوایـە کـە لـە کوردسـتاندا نووسـەرێکمان نییـە کـە بەتایبـەتی خـۆی بـۆ بـواری ئـەدەبی منـاڵان و بەتایبەتیش شیعر تەرخانکردبێ ، بۆیە دەبینین کـە بەرهەمـەکان زۆر جاری شیعری دووبارە و سـواو و زۆرسـادە و کـاڵ و کـرچ و بـێ چێژن ، جا نەبوونی ڕەخنەی جدی و بنیاتنەر ، بۆ ئـەم بەرهەمانـە ، هێنـدەی تـر وای کـردووە پرۆسـەکە چەقبەسـتوو ، لەشـوێنی خـۆی هەڵبـەزێ و دابەزێ . [2]

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو .

([2]) رۆژنامەی کوردستانی نوێ . ( ئەدەب و هونەر ) ژمارە ٧٤٧ . عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی

ئێستا ، با بگەڕێینەوە ، سەر باسی خەون و ئەم تێبنیانە تۆمار بکەین .

- سەرەتای شیعری منداڵانی کوردی ، بە لایلایەی دایکانەوە ، دەستی پێکردووە ، بەڵام چونکە دایکە – شاعیری لایلایە ، مرۆڤێکی ئازاد و چاوکراوە و ڕووناکبیر نەبووە ، زۆربەی لایلایەکانی بۆ دەربڕینی خەم و قەهرو موعاناتی خودی خۆی بووە ، یان لەجیاتی بەخشینی چێژی خەونبینی خۆش و مێشك جۆشدەر ، ترس و تیرۆرو تۆقاندنی ، لە زهنی منداڵەکەیدا ئاخنیووە و دواڕۆژی لێ تاڵ کردووە ، وەك کە دەڵێ :

گورگانە شەوێ ، گورگانە شەوێ

بەرخە بچکۆڵەکەم ، خەوی لێ بکەوێ

لوورەی تۆی ناوێ ، لای لایەی ئەوێ

ئەڵێ لەماڵی ئێمە دوورکەوێ . (١)

- کە قۆناغەکە لەلایلایەوە بوو بە بەرهەمی شاعیرە ناودارەکانی کورد ، لەسەدەی رابردوو دا ، دەبینین ، کە تەنیا زمانی دەقە شیعریەکەیان گۆڕی ، وەلێ ، ناوەڕۆکەکە ، هەر بێ بایەخ ، یان قەتیسماوە لە گۆشە نیگای تەسکی بیرکردنەوەی ئەو دەمدا . بڕوانە

---

(١) http : // www. Jwan1387.blogfa.com / post – 142.aspx

چۆن ( هەژار موکریانی ) هەڵەکانی ( دایك ) دووبارە دەکاتەوە ، بەشێوەیەکی تر ، هەر چەندە ئەم شیعرە ناونیشانی ( لای لایە )ی بۆ دانراوە ، بەڵام بۆ گەورەکان نووسراوە ، کە لە بەشێکی دا دەڵێ :

دەڵێ بۆ حەپسم بۆ دەستە بەستەم !

بەو بەند و حەپسە من جەستە خەستەم

لەنێو کورد نەبێ ، دەسرازە نیە

ئەو بەندو قفڵ و قەرازە چیە ؟

کورم من بیرم لەتۆ زیاترە

دەستڕازە و لانك ببێ چاترە . [1]

بیرۆکەو پەیام و زمانی دەقە شیعرەکە منداڵ نادوێنێ و ئەسڵەن بۆ منداڵ نەگوتراوە . جا ( فائیق بێکەس و هەژار موکریانی و گۆران ) لە هۆنراوەکانیاندا کە بۆ خودی منداڵەکانی خۆیان نووسیوە ، زمانی دەقی شیعر منالْ نین و خەون و خەیاڵی ئەوانیان تێدا بەدی ناکرێ . بەم گوتەیە بۆ زۆربەی زۆری شیعرەکانی بۆ منداڵی کورد نووسراون دەست دەدا .

- زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد ، کە شیعریان بۆ منداڵ گوتووە ، تەنیا کاریان لەسەر خەسڵەتی چێژ بەخشین و ساکاری واتا و

---

([1]) سەرچاوەی پێشوو .

ئامۆژگاری کردن یان ورە بەرزکردنەوە و هاندان بووە . لایەنە هەرە بایەخدارەکەی ( شیعری منداڵانیان ) یان نەزانیووە ، یان فەرامۆشکردووە ، ئەویش خولقاندنی خەیاڵی داهێنەرانە لە زەین و هزری منداڵدا ، لە ڕێگەی دەقە شیعرەکانیانەوە . هۆکارەکەشی نەبوونی یان ئاست نزمی ئەوانە بووە لەمەڕ مەعریفەی پەروەردەی داهێنەرانە .

پەروەردەی داهێنەرانە کە بەشێکە لە جۆرەکانی پەروەردە کار دەکات لەسەر بنەمای وروژاندنی ئەقڵ بۆ خۆ ترازاندن لە ڕێچکەی ئاسایی و بیرکردنەوەی هەرەمەکی بۆ بیرکردنەوەی جیاوازانە . هەستیار لەڕووی کێشەکان و ڕەوانی و تێرامان و ڕەسەنایەتی لەهزردا . لەڕێی ئەم پەروەردەیەوە ، ئەقڵی منداڵ وا گۆش دەکرێت کە بتوانێ کارامەیی بیرکردنەوەی فرە ڕەهەند ( Divergest Thinking ) پەیدا بکات ، تا ببێ بەخاوەنی قودرەتی بەرەنگار بوونەوەی پەرچە کردارەکان و ورژاندنی هەستەکان بەرە و خەیاڵ و خەون .

سروشتی منداڵ وەرگرتنە ، کە یارمەتیدەری منداڵە بۆ تەعبیرکردن لە خۆی و دەوروبەرەکەی ، ئەمەش یەکەمین بەردی بناغەی داهێنانی هزری منداڵە . چونکە داهێنان جگە لە دەربڕینێکی ئازاد لە خودێکی ئازاد دا بەولاوە هیچی تر نییە . جا خولقاندنی ( ژینگەی ئازادی بیری

منداڵ )له ڕێگای خەونەوە ، ئازاد کردنی جیهانی دۆزینـەوە و گـەڕان و پشکنین و ئەفراندن و داهێنانە .

ئەقڵی منداڵ لەسەر دوو تەوەر کارەکانی ئەنجامدەدا :

١- حەقیقەت ٢- سروشتی وەرگرتنی ئیحا بۆ بونیاتنانی جیهانی خۆی .

کـە دەقـە شـیعرێکی منـداڵان ، نـەیتوانی جیهـانی خـەون و خـەیاڵ بـۆ منـداڵ دروسـت بکـات ، دەقێکـی سـادە و سـاکار و پووچـەڵە . خـەون و خەیاڵی منداڵ لەم خاڵانە دەدرەوشێنەوە :

- شـێوەی تێـروانین و مامەڵـە کردنیـان لەگـەڵ شـتەکانی دەورووبەر ، هەمیشە دژە باوە .
- هەمیشە خولیای دۆزینەوەی چۆنیەتی شتەکانن .
- توانای ڕێکخستنەوەی شتەکانیان هەیە .

ئەمانە هەموو لە ڕێگـای خەونـەوە وەدەست دێـن . جا ڕەنـگ بـێ ئـەم خەونـە خولقێنـەری داهێنانێـك بـێ کـە وشـەیەك ، یـان ئاوازێـك ، یـان بیرۆکەیەك یان وێنەیەك یان دەقێك بێت . [1]

---

(١) http : // uqu.edu.sa/ page / ar / 106419 د. الشراح ابراهيم المشرفي

( مـن بـۆ ئـەم بابەتـە هـیچ بەرهـەمێکی شـیعری منـاڵ — م بەدەسـت نەکەوت ) بۆیە خەریکی شیتەڵ کردنی چەند دەقێکی شیعر دەبم کـە شاعیران بۆ منداڵانیان دارشتووە .

( ع . ع . شەونم ) کە خزمەتێکی گەورە و پیرۆزی بە ئـەدەبی منـداڵان کردووە و دەیان شیعری جوانی بۆ گوتوون ، وا دەقی شیعرێکی دووبارە دەکەینەوە کە تاتیای ( نیاز ) ی بۆ دانراوە :

١- ئەم پرسیارە هاورێکانم

وەڵام ، وەڵام با بزانم

تۆ چیت ئەوێ ؟

٢- خواردن و خەو !

١- تۆچیت ئەوێ ؟

٣- کۆتر و کەو

١- ئەی تۆ ... ئەی تۆ ... ؟

٤- جل و پارە .

١- هە هە هە ... هە هە پێکەنینە

خوازتەکەتان ناشیرینە

٢- ٣. ٤ پێمەکەنە ... پێمەکەنە

نەی خوازێ تۆ بایی چەندە ؟

١- من من ؟ نیازم تێکۆشانە

## ڕەنجی پیرە ، ڕەنجی شانە
## بۆ سەرکەوتن بۆ زانیاری
## بۆ شێلانی ناهەمواری . (١)

هەرچەندە ، ئاماژە بەتەمەنی مندڵەکان نەکراوە ، وەلێ ، دەبینین کە ئەو ( نیاز )ەی پەیامگر ، لەسەرەتادا ، لەدڵی خۆی دەیگرێ ، ئەوە دەرناچێ کە لەکۆتایی دەقەکەدا دەبینرێت .

شاعیر بەتەواوی دەرگای خەیاڵ و خەونی بەسەر زەین و هۆشی منداڵەکان داخستووە . ئەو نەك خەونێکی داهێنەرانەی بۆ نەخولقاندون بگرە ، سەر ئێشە و گێچەلیشی بۆ دروست کردوون . ئاخر ئەوان لەم دەستەواژە نیاز ئامێزانە نەتێدەگەن نەدەزانن چۆن بیگەنێ یان بەدەستی بێنن .

شاعیر شەش دەروازەی گەورە گەورە ، کە ڕوویان لەتاریکی و تەم ومژ ، بەیەکجار دەکاتەوە سەر گازەرەی پشت . کە بریتین لە ( تێکۆشان / ڕەنجی بیر / ڕەنجی شان / سەرکەوتن / زانیاری / شێلانی ناهەمواری ) ئەم واتا و دەستەواژانە ، لاستیکی و شەفاف و کراوەنە ، منداڵ لە بیری خۆی دەپرسێ : تێکۆشان یانی چییە ؟ ڕەنجی بیر چییە ؟ سەرکەوتن چۆنە ؟ چۆن ( نیازم ) بکەم بە تێکۆشان ؟ چۆن بەم مەبەستە بگەم

---

(١) جریوە . ع . ع شەونم . ساڵی ١٩٦٥

یـان جـێ بـەجێ بكـەم ... هتـد ؟؟؟ . هـەمان بیرۆكـەو لێكدانـەوە بـۆ واتاكانی تریش دەكات ، بـەبێ ئـەوەی بتوانـێ بـاش لـەجیهانی نـاو ئـەو دەقە قورسە بگات .

بەراستی شاعیر لێرەدا ، گەورەكان دەئاخێوێ ، نەك منداڵەكان .

( شێركۆ بێكەس ) باش باش ، تێگەیشتووە ، كە دەبێ زمانی شـیعر بـۆ منداڵ ناسك و خەیاڵی شیعر بۆ منـداڵ تـەنك و پەمـەیی و سـادە بـێ ، وەلێ ، ئــەوان بــە داخ و حەســرەتێكەوە ، جــەرگیان داغكــراوە ، زۆر زەحمەتە بتـوانن ، بگەڕێنـەوە نێـو جیهـانی سـپی و بێگـەردی منـداڵ ، جیهــانی شــاعیرەكانی كــورد ، هــەر ژان و زوڵــم ، كویلــەتی و دەرد و كەسـەرە ، بۆیـە ( شـێركۆ بێكـەس ) بـەزاری خـۆی لـە دەقـە شـیعری ( لاورا ) كە لە ( ستوكهۆڵم )ی نووسیووە دەڵێ :

لاورا ئەڵێ : ئەو شیعرانەت

ماڵیان پڕكردووم لە دووكەڵ

لەبۆ كروزی غەریبی

لەبۆنی گۆگردی خوێن و

لەناڵە ناڵی سێدارە و لەتەمتومانی تەنیایی

ئەو شیعرانەت ... سووتوو لەسەر كورسییەكەم و

جلكەكانم و چەرچەفی پاكم جێدێڵن

لەسەر مافووری هۆڵەكەم

جێ پێ خوێناوی جێدێڵن

لەگەڵ خۆیان قووڕولیتەی کۆچ و کۆچ ڕەك

دەهێنە ناو دالانمەوە

چیکەم ... لاورا ... سیاسەت لای ئێمە لاورا

لە دەسرازەی ناو بێشکەوە تاکو کفن

لە لەشمانەوە ئالاوە ... لاورا ... [1]

( جەبار سابیر ) لەدەقی ( خەیاڵ ) ، دەیەوێ خەونێکی بچوك بۆ منداڵەکان ، وەك خانیچکۆلە دروست بکات ، بەلام ، ئەفسووسی ، ئەویش لە دوا دێری دەقەکە ، ناگاتە ئەو خەونەی ، کە ئەدەبی منداڵ تامەزرۆیەتی ، لەپێناو گەشە پێدانی ئەقڵی ئەو و گەیشتن بە ترۆپکی داهێنان . چونکە دەقەکە پەیڕەوی پەروەردەی داهێنەرانەی نەکردووە و پتر شاعیر سەر قاڵی موزیك و ئاوازو واتاو رستە داخراوەکانە . ئەو دەڵێ :

خەیاڵ

وەك مەلی نێو دارستان

لەگەرمیان بەرەو کوێستان

---

([1]) دیوانی شێرکۆ بێکەس . ب٥ . ل٦٤ .

ئەفرم ئەنیشمەوە
بۆنی گوڵ ئەچنمەوە
بەئارەزووی دڵی خۆم
هەر کوێ بمەوێ ئەڕۆم
بەئازادی ئەخوێنم
خۆشی بۆ دڵ ئەهێنم
چونکە منیش مناڵم
فریشتەی خۆشی خەیاڵم .

ئەم دەقە ، بۆن و بەرامەیەکی تری دەبوو ، کە بیرۆکەیەکی ئەوتۆی پێشکەش بەمنداڵەکان بکردایا ، کە لەجیاتی ( وشەی خەیاڵ ) بتوانن جیهانی خەیاڵ بۆ خۆیان دروست بکەن و لەو پێگەیەوە بەرەو خولقاندنی دەقێکی نەبیستراو و نەبینراوی جیهانی خۆیان بچن ، کە هەر خۆیان ئەزانن لە کوێیە و چۆنی دەی دۆزنەوە .

( لەتیف هەڵمەت ) تا ئێستا نزیکەی دوانزە کۆمەڵە شیعری بۆ منداڵان بڵاو کردۆتەوە و ( ڕەزا شوان ) دەڵێ : (( تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی لەجیهانی وەنەوشەیی و خەونە سەوزەکانی منداڵانی کورد

نزيك ببێتـەوەو فێـری زمانـە سادەو شـیرینەکەیان ببێـت و بـە زمـانی ئەوانەوە شیعر و چیرۆك بنووسێت بۆیان . ))[1]

دەیەم :

لێکدانەوە و شرۆڤەی خەونە – شیعر دەربارەی ماهیەتی خەون و پەیامەکەی

ڕاو بۆ چوونی جیاواز زۆرە .

هێنـدێ لـەزانایان پێیـان وایـە کـە خـەون هـەڵگری پـەیام و مەبەسـتێکە ، هەرچـەندە دیاردەکـە پـڕە لـە ئـاڵۆزی و پـاڵۆزی و بـێ سەروبەری شتی سەیر و سەمەر ، وەڵێ نابێ ئەو هەموو سەین و بەینـە بەبێ مەبەست بێ .

دەسـتەیەکی تـر ، دەڵـێن ، زۆر تیـۆر و توێژینـەوە لەمـەڕ خـەون لەئارادایە ، وەڵێ هیچیان نەیانتوانیوە بـە بەڵگـە بیسـەلمێنن کـە خـەون هەڵگری ئەم جۆرە پەیامەیە .

ئـەوەتانی زانـای بابـەتی خـەون ، لـەزانکۆی ( میـامی ) . G Williom Domhoff دەڵـێ : (( ئەسـڵەن ، خـەون ، خزمـەتی هـیچ مەبەستێکی دیاری کراو ناکات . چۆن ؟ ئەو شتانە مانا بەخش و پەیام

(1) http : // www.emro.com/ edebimindalan htm ماڵپەڕی ڕەزا شوان

هەڵگرن ، کە کەرستە و بنـەما و پێکهاتـە و پەیوەنـدی لـۆجیکی نێـوان توخمەکانی تێـدابێ ، کەچـی خـەون ، دیاردەیـەکی هیچـە ، هەرچـەندە هێندێ خەونیش هەڵگری هـزرو بـۆ چـوون لێکدانـەوەی مـرۆڤن . ))[1] چونکە خەون ، خاوەنی زمانێکی تایبەتی خۆی نییە ، ڕەمز و هێماکان وەك جێگرەوەی ئەو زمانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ . ڕەنگ بـێ هێنـدی لەو ڕەمز و هێمایانـەی خـەون ، زۆر دەوڵەمـەنتر و بـەرفراوانتربن ، لـە خودی وشەیەك یان دەستەواژەیەك کە هەڵگری ڕەمزەکەن .

باشـــترین راڤەکـــەری خـــەون ، خەونبینـــەر خۆیـــەتی ، ( Galax S. Hall ) کە هاو قەڵەم و هاوپیشەی ( G. William Domhaff ) ە ، پێیوایە کە دەربـڕی چـرکە سـاتێکی ژیـانی ڕۆژانـەی خەونبینەرەو هەڵگری چەمکێە . ))[2]

بەگوێرەی تێورییەکەی ( Hall ) لێکدانەوەو تەفسیرکردنی خـەون ( ٤ ) شت دەخوازێ :

- کارو چالاکی خەوبینەر لەخەوکەدا .
- کەرستەو پێکهاتەکانی خەونەکە .

---

(١) dreams moods .com / dream dictionary . htm /

(٢) سەرچاوەی پێشوو .

• سەین و بەینی نێوان خەوبینەر و ئەکتەرەکانی تری خەونەکە .

• جێگەو پێگە و قۆناغ و ئاکامەکەی خەونەکە .[1]

دکتۆر ( عەلی وەردی ) مێژووی تەفسیری خەونکردن . دەگەرێنێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش زاین .[2]

( S. Freud ) لە کتێبەکەیدا ( Interpretation of Dream ) دا دەڵێ : (( خەون زمانی سرووشتی نەفسی مرۆڤە ، ئێمە بۆیە لەم زمانە تێناگەین ، چونکە ئێمە هەر فێری لێکدانەوەی دەستەواژە لۆژیکەکانی زمانی خۆمان بووین )).[3] بۆیە ، ئەو پێیوایە کە زمانی خەون نموونەیەکی ڕەسەنی پرۆسەی بیرکردنەوەی سەرەتایی مرۆڤە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی پسپۆری و کارمەیی زۆری دەوێ .[4]

جێگای سەرنج و تێرامانە ، کە ئیمرۆ لە سەدەی بیست و یەکەمداین و سەرەڕای ئەو پێشکەوتن و گەشە کردنە مەزنانەی بواری زانست و مەعریفە و تەکنەلۆژیا ، خەون و لێکدانەوەی خەون حزوورێکی باڵای هەیە ، بەهەموو زمانەکانی دنیا ، ( کتێب و گۆڤاروماڵپەڕی تایبەت

---

(1) سەرچاوەی پێشوو .

(2) الاحلام بین العلم والقیدة . علی الوردي . ص ١٤٣ .

(3) dreams dooms . com .

(4) سەرچاوەی پێشوو .

به تەفسیر کردنی خەون ، لەهەر چوار ئیقلیمی دنیاوە ، بە بەردەوامی لە چاپکردن و زیادبوون دایە .

تـازەترین بەرهـەمی تەفسـیرکردنی خـەون بـەزمانی ئینگلیـزی ( Dream Dictionary ) ( ٥٧٠٠ ) ئـایتمی تێدایـە ، کـە ( ٢٠,٠٠٠ ) تەفسیری فرە بابەتی لەخۆگرتووە

بابەتەکە ، سنووری شکاندوەو پەریوەتەوە توخوب و بوارەکانی زانستی تریش . ئێستا دکتۆری دەروونناس لەکاتی پشکنین و دانیشتنی لەگەڵ نەخۆشـدا ، داوای لێـدەکا ، کـە خەونـەکانی بـۆ بگێڕێتـەوە ، لـەجیاتی ئەوەی باسی بارە دەروونیەکەی خۆی بۆ بکات . [١]

لەخوێندنـەوەی تەفسـیرەکانی خـەون ، دەبیـنین ، زۆریـان هاوبەشـن ، لەنێو نەتەوەکاندا و زۆر پێکچوونیان تێدایـە ، هـەر بـۆ نموونـە ، لـە ( Dream Dictionary ) بۆ ( بیر ) – well ) ئەم تەفسیرانە کـراوە :

( بەهرەیـەکی شـاراوە کـە تـا ئێسـتا ئاشـکرا نـەبووە . قـولایی هەسـت و هـۆش ، کەوتنـە نـاوبیر ، لەدەسـتدانی کـۆنترۆڵی مرۆڤـە بەسـەر سـۆزو هەستی دا . وشك بوونی بیریش ، وشك بوونی سۆزو خۆشەویستە .)

---

(١) الاحلام بين العلم والقيدة . على الوردي . ص ٥٧

له ( قامووس تفسير الاحلام ) نووسراوه ( بينينى بيرى ئاو لەماڵ يان لەزەوى ئاودا ، نيشانەى خێرو خۆشيه ، بيرى سەر ڕێگا ، رزگار بوونه له تەنگوچەڵەمە . خواردنەوەى ئاوى بيرى زمزم ئەنجامدانى كارێكى باشه . )[1] ڕەنگ بێ ، خوێنەر بپرسێ جا شرۆڤەكردنى خەون چ پەيوەندييەكى به ( ڕەهەندەكانى خەون لەشيعرى كورديدا ) هەيه ؟

لەم سێ خاڵەى خوارەوه ، بەشێك له وەڵامى ئەم پرسياره بەديدەكرێ :

- پشت بەستن بەخەونى شاعيرەوه ، وەك ئامرازێك بۆ پتر تێگەيشتن و هەڵسەنگاندنى كەسيەتى و بارى دەروونى و چۆنيەتى بيركردنەوەى ، هەرچەندە هێندێ له قوتابخانەكانى ڕەخنەگەرى سەردەم ، ژياننامه و سەربوردەكانى شاعيريان بەلاوه گرينك نييه ، ئەوان خود دەقى شيعرى دەكەنه كەرستەى لێكۆڵينەوەو ڕەخنەگرتن . بەلام ئاشكراكردن و پەردە هەڵماڵين لەسەر كەسيەتى شاعير . لەڕێی تەفسيركردنى خەونەكانييەوه ، زۆر جار ڕەچاو كراوه . لەڕێگەى شيتەڵكردنى خەونەكانى قارەمانەكانى شانۆگەريەكان ، زۆر كتێب لەسەر كەسيەتى ( Shakes pear ) نووسراوه .

---

[1] ) قاموس تفسير الاحلام . خالد بن على . ص ٢٢ .

- لـە ڕێگـەی تەفسـیری خـەونی دەقـی شـیعری لەکـەلتوور و شارستانیەتی و رابردووی تیرە و خێڵ و هۆز و نەتەوە تێدەگەین .
- ئـەم بـوارە . زۆر دەرگـای زانسـت و ڕشـتە ئەکادیمییـەکانی تـر دەکاتەوە ، بۆ بەیەك بەستنەوەو لێك نزیك کردنەوە بوارە مـەعریفی و زانستیەکان . وەك دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ئایین و ... هتد .
- پڕکردنـەوەی کـەلێنێکی کتێبخانـە هەژارەکـەی کـوردی ، کـە بەداخەوە دەها بـوار و بابـەت و ڕشـتە هەیـە ، کـە یـەك تاقـە کتێبـی کوردی . تا ئێستا دەربارەی ، چاپنەکراوە . ئەگەر بەخێرایی ، چاوێك بەو داهێنان و دۆزینەوانە بخشێنین ، کە لە ڕێگای خەونـەوە هاتوونـە دی ، دەبیـنین کـە ڕێزبەنـدێکی باشمـان لەبەردەسـت دایـە ، هـەر بـۆ نموونــە ( ) لــەڕێگای تەفســیر کردنــی خــەونێکی خۆیــەوە گەیشــتە وەڵامدانــەوەی دروســتی پرســیارێکی ماتماتیکی .[1] رەمز ، چ لە خەوندا ، چ لـە ئەدەبـدا بەگشـتی پێکـەوە مەقامێکی دیاری هەیە .

دکتۆر ( ئازاد ئەحمەد مەحموود ) لە کتێبی ( بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ) دەڵێ .

---

([1]) الاحلام ... علی الوردی . ص ٢٢٨ .

(( ڕەمز ، تایبەتمەندیەکی هەیە ، ئەو کاتەی دەبێتە ڕەمز و سیما و خەسڵەتە ڕەمزییەکان هەڵدەگرین ، کە لەگەڵ خودیەتی خۆیدا دابڕێك بێنێتە ئاراوە ، ئەم دابرینە بۆ ئەوەیە کە لە نوێرەنەوە وەك ڕەمز بونیات بندرێتەوە ، دەرەتانی دوو لایەن لەخۆ بگرێت ، ئاستی ( دال ) بەرەو ئاستی ( مەدلوول ) بچێت ، بۆ ئەوەی ، ڕەمزێك دروست بکات لە خودی ڕەمزەکە جیاواز بێت . ))[1] ئێستا با بەیەکەوە بەناو باخی چەند دەقە شیعرێکی خەون ئامێز گوزەر بکەین و ڕەمزە سەرەکییەکانیان لێکبدەینەوە ، بەگوێرەی فەرهەنگەکانی خەون .

شاعیر ( فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ) لەبەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا ، لە قەسیدەی ( مەسیحی تر ) دا دەڵێ :

لە خەونا بوو
منیان کوشت و
تۆیان دایە کوڕی سوڵتان
بەو چاوانەی خۆم ئەمبینی
هەڵیان ئەکێشام بۆ ئاسمان
هەرچی مردووی شاریش هەبوو

---

([1]) بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا . د. ئازاد ئەحمەد مەحموود . ل ١٨٩ .

هاواریان دەکرد ،

مەسیحێ تر ...

بوو بەهاوڕێی ئەستێرەکان ! [1]

ئەم ڕەمزانە بوونەتە بەردی بناغەی ئەم دەقە شیعرە بریتین لە ( کوشتن / هەڵکێشان بەرەو ئاسمان / هاواری مردووان / مەسیح ) لە ( قامووسی تفسیر الاحلام ) واتاکان بەم شێوەیە ڕاڤەکراون :

- کوژران لەپێناو خودا ئاماژەیە بۆ قازانج کردن لەبازرگانی و بەجێهێنانی بەڵێن .
- شووکردنی پاکیزە و کچ و ژن لە خەودا دەست هێنانی خێرو بەرەکەتە .
- داکشان و هەڵکێشان بۆ ئاسمان ، بەدەست هێنانی پایە و شکۆداری و مەقامی بەرزە و نزیك بوونەوەشە لە خودا .
- مەسیح ئاماژەیە بۆ بەهێزی و ورە بەرزی و خاوەن حەقەکان و تێشکانی پیاوانی کەلە پووت و زۆردار .

کەواتە، دەکرێ ، تەفسیری خەونەکەی دەقەکە ، دەرباز بوونی شاعیر بێ لەزوڵم و جەوری ڕژێمەکان و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و گەیشتن

---

([1]) دیوانی فەریدوون عەبدول بەرزنجی . ب١ . ل ١٧٤ .

بە پایە و مەقامی بەرزی نزیك عەرشی خودا ، ئەم دەقە خەونی شاعیریش نیشاندەدا بەعەودالّی بوونی بەدوایی نەمریدا .

× × ×

×

( کەژالّ ابراهیم خدر - ١٩٦٨ ) لەقەسیدەی ( دلّۆپێك لە شەونم ) ( هەلّوەرینێك لەپەڕەی گولّ ) ، کە لەدیوانی ( دەستێکم پڕە لەباران ) دەلّێ :

لە خەونمدا
مالّئاوایم لە تراویلکەی دلّ و
ئەفسانەی وەرزی خۆشنودی کرد
گەرامەوە باوەش تەنهایی و
پڕ لە وەهمی لەنجەی پرسیار
بوومە تابلۆی گۆڕستان و
گێژۆلّەیەکی چواردە سالّ .[1]

تاکە ئەکتەری ئەم دەقە ، هەر شاعیرە و شوێنەکەشی ( باوەشی تەنها ) یەو زەمەنەکەش کراوەیە لەنێوان ( ئەفسانەو چواردە سالّیا ) .

---

([1]) ( دەستێکم پڕە لەباران . کەژالّ ابراهیم خدر . ل ٢٢ .

واتاكانی كه ڕاڤه هه‌ڵده‌گرێ لێره‌دا ، ( ماڵئاوایی / ته‌نیایی / گۆڕستان / ته‌مه‌نی هه‌رزه‌كاری )یه .

له ( خه‌ونامه‌ی ئیبن سیرین ) [1] ئه‌م ته‌فسیرانه‌یان بۆ كراوه :

- ماڵئاوایی : نیشانه‌ی جیابوونه‌وه‌ی دوو هاوبه‌ش ، هه‌روه‌ها ده‌سته وه‌ستانی و بێ ده‌سه‌ڵاتی ده‌سه‌ڵاتدار .
- ته‌نیایی : له‌خه‌ودا زوڵم و ئاتاچی و لابردنی ده‌سه‌ڵاتداره له ده‌سه‌ڵات و سه‌رۆكایه‌تی .
- گۆڕستان ، بریتیه له‌زیندان ، هه‌روه‌ك چۆن له‌خه‌ودا زیندان بریتیه له قه‌بر .
- گه‌نجایه‌تی : له‌ته‌عبیر و ڕاڤه‌ی خه‌ودا دوژمنی پیاوه .[2]

به‌گوێره‌ی ته‌فسیری خه‌ونه‌كه ، شاعیر له بارێكی ده‌روونی زۆر سه‌ختدا ، ئه‌م ده‌قه‌ی تۆمار كردووه ، له‌ته‌نیایه‌كدا ، بێ ده‌سه‌ڵات و لاواز ، وه‌ك زیندانیانی به‌ندیخانه ڕۆژانی ژیانی به‌سه‌ر بردووه . خه‌ونی به ته‌مه‌ن و ڕۆژگاری لاویه‌تی خۆیه‌وه ده‌بینێ ، كه ئێستا وه‌ك تابلۆی كچه جوانه مه‌رگێك له‌سه‌ر گۆڕه‌كه‌یدا داندراوه !

## په‌ڕی كۆتایی

---

([1]) خه‌ونامه‌ی ئیبن سیرین . و. سه‌عید به‌شیرو دڵسۆز عومه‌ر . چ١ .

([2]) خه‌ونامه‌ی ئیبن سیرین . و. سه‌عید به‌شیرو دڵسۆز عومه‌ر . ل . ل ١٩٨ . ١٦٨ . ١٧١

لەئاکامی ئەم توێژینەوەم لەمەڕ خەون و دنیای شیعری کوردیدا ، گەیشتمە ئەم بۆ چوونانە :

- لە ئەدەبی کوردیدا ، زۆر بەدەگمەن ، شاعیرانی کورد توانیویانە یان هەوڵیانداوە داهێنانی شاکاری ئەدەبی مەزن لە خودی ڕۆح و پێکهاتەی خەوندا بەدەست بێنن . ڕاستە ، دەقی زۆر باڵاو بەهەیبەتمان لەبەر دەستدایە ، بەڵام نەگەیشتوونەتە پلەو پایەی شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان . ئەوەی کراوە تەنیا لەبازنەی خۆ تاقیکردنەوەو هەوڵداندا قەتیسکراوە .
- دەستەواژەی ( خەون ) بە هەموو جۆرەکانییەوە وەك ( لەخەونمدا بینیم – خەونەکەم – خەونێکم دی ، ... هتد ) تەنیا بۆ پەڕینەوە لە دنیای بێداری بۆ دنیای بێئاگایی بەکارهاتووە . تەوزیفکردنی سیما و خەسڵەتەکانی خەون لە دەقەکاندا سەر پێی و سادەن .
- خەون روبەرێکی فراوانی لە جوگرافیایی شیعری کوردی داگیرکردووە . بەدەگمەن شاعیر هەیە ، راستەوخۆ ئاماژەی بەو دیاردەیە نەکردبێ ، دەست ڕەنگینی شاعیرەکانیش ، بە گوێرەی ئەزموون و رۆشنبیری و تەمەنیان جیاوازی تێدا بەدی دەکرێ کە شتێکی ئاساییە .

- شـاعیرانی كـورد ، زۆر بەدەگمـەن لـە دنیـای خـەونی منـداڵ گەیشـتوون و سـاكارانە مەسـەلەكەیان وەرگرتـووە ، پـتر خـەریكی ئاریشتكردنی خەونەكانن ، لەبری تـەوزیفكردنی ئـەوان بـۆ داهێنـانی تازە و پەروەردەی داهێنەرانە .
- بابـەتی ( خـەون و ئـەدەب ) فەزایـەكی فراوانـی هەیـە بـۆ چـەندین بـواری جیاجیـا پەیوەسـت بـە زمـان و هـزرو مەعریفـە و فەلسەفەی نەتەوەكان . دەرگاكان لەسەر پشتن بـۆ هـەر نووسـەرێ كـە مەرامیەتی كونجێكی تازەی بدۆزێتەوە یان بپشكنێتەوە . كتێبخانـەی كـوردیش زۆر حەوجـەی ئـەو بەرهەمانـەن كـە لـە دنیـای ( خـەون و ئەدەب ) ەوە سەر دەردێنن .

- فەرهەنگی ئازادی
- نەوزاد رفعەت . ڕێی تاووسان – چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١١
- ئاوات ئەحمەد . وەرگێران . لێکدانەوەی خەونەکان . ب١ . چ٢ . چاپخانەی هێڤی . هەولێر ٢٠٠٨ .

- قانع دیوان . کۆکردنەوەی برهان قانع . چ٣ . چاپخانەی دالاهو . تەهران . ١٣٨٦هـ .
- ع . ع . شەونم . جریوە . سلێمانی . ١٩٦٥
- جەبار سابیر . باویلکە . چاپ . کارۆ . ٢٠٠٦
- شێرکۆ بێکەس . دیوان ب١ دەزگای سەردەم . سلێمانی ٢٠٠٦ .
- فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی ( د. ) دیوان ب١. چاپخانە و ئۆفیسی تیشك . سلێمانی . ٢٠٠٤ .

- سـەعید بەشیر و دڵسۆز عومـەر . وەرگێـران . خەوننامـە . چاپەمەنی گەنج . سلێمانی . ٢٠١٠ .
- ( قاموس تفسير الاحلام )
- ڕێبوار سیوەیلی . خودایە بۆ نەتکردم بە خۆفرۆش .
- حەمیـد زەنـارو ( و ) . کامیـل محەمـەد قـەرەداغی . مانـا و تورەیی . خانەی وەرگێران . چ١ . سلێمانی ٢٠١٠ .
- عەبدوڵلا پەشێو . دیوانی پشت لەنەوا و ڕوو لە کرێوە ) .
- هاوژین سڵێوە . وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا .
- عەبدوڵلا پەشێو . هەسپم .
- هاوژین سڵێوە . مۆسیقای نامۆیی . ٢٠١٣ .
- ئازاد دلزار . حاجیلەکانی دەشتی هاموون. چاپخانەی حاجی مەحموود . هەولێر . ٢٠٠٤ .
- قوبادی جەلی زادە . باخچەکانی مەلەك تاووس . چ١ . دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی . سلێمانی ٢٠١٢ .
- کەریم دەشتی . دیوان . چاپخانەی ڕۆژهەلات . هەولێر . ٢٠١٢ .
- ئـازاد ئەحمـەد مـەحموود . ( د ) . بونیـاتی زمـان لـە شـیعری هاوچەرخی کوردیدا . چ٢ . چاپخانەی حاجی هاشم . هەولێر ٢٠١٢ .

- کـەژاڵ ئەحمـەد . دیـوان . چـاپ و بڵاوکردنـەوەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری . هەولێر . ٢٠٠٦ .
- حاجی قادری کۆیی . دیوان .
- وەفـــایی دیـــوان . لێکۆڵینـــەوەی محمـــد علـــی قـــەرەداغی بڵاوکردنەوەی کوردستان ( انتشارات کردستان ) چ٢ . ١٣٧٥ .
- ئـــارام ســـاڵح . نهێنییـــەکانی ژێـــر لێـــوی حەقیقـــەت . چ١ . چاپخانەی سیما . سلێمانی ٢٠٠٥ .
- کەژاڵ ابراهیم ئەحمەد . دەستێکم پڕە لەباران . چاپخانەی ( نییە ) سلێمانی . ٢٠١١ .
- نـــالی دیـــوان . مـــەلا عەبدلکـــەریمی مـــودەرریس و فـــاتیح عەبدولکەریم .
- پـــەری شـــێخ ســـاڵح . لەســـەر شـــاباڵی دەریـــا دەنووســـم . چ١ . بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی . ٢٠١١ .

عربی

- د. علی الوردي . الاحلام بین العلم والعقیدة .
- محمد عبدالکریم ابراهیم . ترجمة . لغة الحر النفسیة . ط٣ . منشورات دار علاءالدین دمشق . ٢٠٠٩ .
- خالد بن علی . قاموس تفسیر الاحلام .

- **گۆڤاری زانكۆ : ژماره ٢٦ . ٢٠١٣**
- **گۆڤاری گەلاوێژ . ساڵنامه . ژماره ( ٣ ) ساڵی ٢٠١١ .**
- **گۆڤاری سەردەم . ژ .( ٤٧ — ٤٨ ) ساڵی ٢٠٠٦ .**
- **گۆڤاری ڕامان . ژ ١٧٨**
- **گۆڤاری ڕامان . ژ ٤٥ . ساڵی ٢٠٠٠ .**
- **گۆڤاری ڕامان . ژ ١٤٢ . ساڵی ٢٠٠٩ .**
- **گۆڤاری كاروان . ژ ١٥٩ . ساڵی ٢٠٠١ .**
- **گۆڤاری كۆسار . ژ ١٦٢ . ساڵی ٢٠٠٩ .**

د سائل جاميعية .

- **سەروەر حسن محمد** . ملامح سريالية في شعر ادونيس و صباح **رەنجدەر** . دراسة مقارنة . جامعة السليمانية . ٢٠١٠ .

**ڕۆژنامه .**

**كوردستانی نویٚ . ژماره ٧٤٧ .**

**چاوپێكەوتن .**

**١٩٧٦ . شێركۆ بێكەس . بەغدا**

صباح ڕەنجدەر ، کۆیە ٢٠١٢

## سەرچاوەکان


١- کوردی . قورئانی پیرۆز

- هێمن . دیوان . تاریك و ڕوون .
- پشکۆ نەجمەدین . لەسێبەری ئـەدەب و ئاسـتانەی سیاسـەتدا . چاپخانەی ڕەخنەی چاودێر . ٢٠٠٩ .
- هەژار . فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە . چاپخانەی یۆیا . تەهران ١٣٦٩ ش
- هـاوژین سـلێوە . ( د ) . ڕەهەنـدە دەروونیـەکان لەشـیعری لەتیف هەڵمەتدا .
- کـەریم شـەریف قەرەچـەتانی ( د. ) . سـایکۆلۆژیای گشـتی . چ دووەم . چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر . ٢٠٠٧ .
- کـەمال عـەلی . وەرگێـڕان . هێزەکاراکـانی هەسـت یـان نهێنییـەکانی کەسـێتی سـەرکەوتوو . چ دووەم . چـاپخانەی گـەنج . سلێمانی . ٢٠٠٠ .
- حاجی مەلا عـەولا . وەرگێـڕان . سـیکۆند فرۆیـد . لـە دەروون شیکاریدا . خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی تاوێر . ٢٠٠٧ .

- کەریم شەریف قەرەچەتانی . ( د. ) . سایکۆلۆژیای گەشە ( منداڵ و هەرزەکار ) چ١ . چاپخانەی پەیوەند . سلێمانی ٢٠٠٩ .
- لەتیف هەڵمەت . دیوان ب١ .
- حەمە مەنتك . سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا چ١ . چاپخانەی ئاراس . هەولێر . ٢٠١١ .
- قاسم شێروانی . قاچێك بۆ شمشاڵ . چ١ . چاپخانەی شەهاب . هەولێر . ٢٠١٠ .


**ئینگلیزی**


- Geske Bube Jorice
- Dream Imagination and Reality in Literature . South Bohemian Anglo – American studied . No . 1. University ot sowth Bohemia Pedagogical Facuity . 2007 . Ges .
- Freud . Sigmund . Interprctation of Dreams , and creative writers and Day – Dreaming . 1911

* Biljana – Djoric – Francuski . Dreamas the symbol of Reality , Imayination and Death . University of Belgrade .
* Charan Abuja . Exploring Dreams in Literature .

ئینتەرنێت و ماڵپەڕ :

http : // www.awene.com / opinion /20/2/12/18/ 17568

http : // www.dengekan.info / dengekan / 6 / 15680 .html

http : // www.dengekan.info / dengekan / 6 / 15699 .html

http : // www.hewramankurd . blogfa . com . post-16 . aspx

http : // www.gulan_ media.com / fdetail 1. php?id = 26369

http : // wikipedia.org /wiki / dream

http : // en. wikipedia.org /wiki / dream art

http : // www.pf.jcu-cz / stru / katedry / aj / sbaas O / .php.

http : // dreams moods.com / dream dictionary / html.
http : // wikipedia.org /wiki / 1_ Hava_ a_ dream
http : // www.kurdpress.com /Nsite / fullstory / News / ? id = 2618
http : // jwan1387.blogfa.com / post- 142. aspx
http : // www.emrro.com / edebimindalan.htm
ماڵپەڕی ڕەزا شوان _ نەرویج
http : // goodreads.com / quotes / 182955 / 7
youtude.
هۆمەردزەیی . خەون لە خەودا
http : // interfaith,org / forum / my-theory-of-dream-and-4104-html.
http : // wikipedia.org/Nocturna Emission.